ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# هەرێمی کوردستان و قەیرانی دارایی ناوچەکە

## کاریگەری قەیرانە داراییەکانی تورکیا و ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان



2018

# نێوەڕۆك

کاریگەری گەمارۆکانی ئەمریکا و قەیرانی دراوی تورکیا لەسەر ئابووری عێراق
**د. ڕەجەب یورووڵماز** 3

قەیرانی ئابووریی تورکیا و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە
**د. ڕەحمەت حاجی مینە** 24

گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ودەرفەتەکانی هەرێمی کوردستان
**د.حەمید حەشەمدار** 37

کاریگەری دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان
**ئازاد حاجی ئاقایی** 55

کاریگەری گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان
**د. ئیسماعیل مەحموودی** 71

هەرێمی کوردستان و گەمارۆکانی ئەمریکا لە سەرئێران
**د.مەحموود موبارەکشاهی** 87

کۆسپەکانی بەردەم یەکانگیریی ئابووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
**ئەردەشیر پەشەنگ** 107

# کاریگەری گەمارۆکانی ئەمدواییەی ئەمریکا و قەیرانی دراوی تورکیا لەسەر ئابووری عێراق

د. رەجەب یورووڵماز
و: دیجلە زەکی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# کاریگەری گەمارۆکانی ئەمدواییەی ئەمریکا و قەیرانی دراوی تورکیا لەسەر ئابووری عێراق

د. ڕەجەب یورووڵماز
و: دیجلە زەکی

## 1 گەمارۆکان و پەیوەندییەکانی تورکیا- ئەمریکا

ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەمدواییەی تورکیا- ئەمریکا، بە پاساوی ڕووداوەکەی قەشە برانسۆن هەتا ئاستی بڕیاری گەمارۆدانی یەکتر ڕۆیشت. ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەموو دەرفەتێك دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ناڕەزایی خۆی لە پەیوەندییەکانی تورکیا- ڕووسیا و پێگەی سیاسی تورکیا لە سوریا دەببڕێت کە بەهۆی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانییەوە دەستی خستووە. هەروەها، ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا بۆ کڕینی سیستەمی بەرگری مووشەکیی ئێس400- کە بەوجۆرەش دەیکاتە یەکەم وڵاتی ئەندامی ناتۆ کە خاوەنی ئەو سیستەمە بەرگرییە بێت، ئەمریکای ناڕازی کردووە. لەوچوارچێوەیەدا، بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی دەستبەسەربوونی ئەندروو برانسۆن قەشەی کڵێسەی ئیڤانجێلیست لە شاری ئیزمیر، پەیوەندییە گرژەکەی تورکیا و ئەمریکای هەتا ئاستی قەیران برد. برانسۆن، مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 2016 لەبەر ئەو چالاکییانەی کە بە ناوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی فەتحولا گولەن و پەکەکەوە دەیکردن، دەستگیرکرابوو. تورکیا لەلای

خۆیەوە، لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە سوریا نیگەرانە کە لە سەردەمی ئۆباماوە دەستیپێکردووە ولەهەر فرسەتێکیشدا دژایەتی خۆی بۆ ئەو پشتگیرییە سیاسی و سەربازییەی ئەمریکا لە یەپەگە دەردەبڕێت کە بە پاساوی شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕادەستنەکردنەوەی فەتحوڵا گویلەن وەك پلاندانەری سەرەکیی کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەمووز، یەکێك لەو ڕەخنە گەورانەیە کە تورکیا لە ئەمریکای دەگرێت.

لەم دۆخە گرژەدا، گەمارۆکانی ئەمریکا، سەرەتا لە ڕێی بڕیاری وەزارەتی خەزێنەی ئەو وڵاتە سەبارەت بە دەستبەسەراگرتنی ماڵ و موڵکە گریمانەییەکانی سولەیمان سۆیلوو وەزیری ناوخۆ و عەبدولحەمید گویل دادی تورکیا لە ئەمریکا دەستیپێکرد. بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەرجۆرە مامەڵەیەکی هاوڵاتیانی ئەمریکا لەگەڵ ئەودوو وەزیرە قەدەخەکراوە. ئیدارەی ئەردۆغانیش وەك وەڵامدانەوەیەك بڕیارێکی هاوشێوەی لەدژی ئەمریکا دەرکرد. بڕیارەکەی ئەمریکا لە چوارچێوەی یاسای جیهانی ماگنیتسکی لەلایەن بەشی کۆنترۆڵی سەرمایە بیانییەکانی وەزارەتی خەزێنەوە(O-FAC) دەرکراوە.(بی بی سی تورکی) لە قۆناخەکانی دواتریشدا، ترەمپ باجەکانی سەر بەرهەمەکانی وەك ئاسن-پۆلا و ئەلەمنیۆمی تورکیای دووئەوەندەی جاران زیادکرد و ئەوەش قەیرانەکەی قووڵترکردەوە. لەو قۆناخەدا، لێدوانە دژیەکەکانی هەردوولا و هەوڵەکانی ترەمپ بۆ لە ڕۆژەڤ هێشتنەوەی قەیرانەکە و هەڕەشەکانی سەبارەت بە سزادانی زیاتر، کاریگەرییەکی نیگەتیڤی لەسەر بازاڕ داناوە. ئابووری تورکیا کە لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا، ڕووبەڕووی قەیرانی جیاجیای ناوخۆیی و دەرەکی بووەتەوە و لە هەندێك بابەتی ماکرۆئیکۆنۆمی وەك کورتهێنان کێشەی هەبووە، لە ڕێگەی ئەو شۆکەی کە لە بازاڕدا درووستبوو، لە ئەنجامی هەڵبەزودابەزی نرخی دۆلار-لیرە دا زیانی پێگەیشت.

بەشێك لە ئیكۆنۆمیست و لێكۆڵەران بە تایبەت لێكۆڵەرە بیانییەكان، پێیانوایە دابەزینی بەهای دراوی توركیا و كێشە داراییەكانی، پەیوەندییان بە سزاكانی ئەمریكاوە نییە بەڵكوو، ئەوە دەرئەنجامی هەندێك كێشەی ماكرۆئیكۆنۆمیی توركیایە كە لەم قۆناخانەی دواییدا دەركەوتووە. لەلایەكی دیكەوە، حكوومەت و بەشێكی دیاری توركیاش پێیانوایە كە ئەو دۆخەی ئێستا لە ئەنجامی سزاكانی ئەمریكاوە درووستبووە. ئیدارەی ئەردۆغان ئەمەی وەك هێرشێكی ئەمریكا بەرامبەر توركیا لێكداوەتەوە و سیاسەتەكانی بەڕێوەبردنی قەیرانەكەیشی بەگوێرەی ئەو دیدگایە داناوە. ئەردۆغان ئەمەی وەك پەلامارێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەژماركردووە و لە رێی وەرگرتنی پشتیوانیی جەماوەر، هەوڵی ئارامكردنەوە ولابردنی پەشۆكاویی خەڵكی داوە كە بە یەكێك لە تەگبیرەكانی ئەوجۆرە قەیرانانە لە قەڵەمدەدرێت.

## 2

## پەیوەندییەكانی ئەمریكا- ئێران و سزاكان

دۆناڵد ترەمپ سەرۆكی ئەمریكا كشانەوەی وڵاتەكەی لە رێككەوتنی ئەتۆمی ئێران راگەیاند كە وڵاتانی رووسیا، چین، بەریتانیا و ئەڵمانیاشی تێدابوو. باسی ئەوەشی كرد كە ئەگەر مەرجەكانیان جیبەجێ نەكرێن، ئەوا لە دوو قۆناخدا سزا ئابوورییەكان دەخاتە سەر ئێران كە بەمجۆرەن:

7ی ئابی -2018 قۆناخی یەكەم:

1.قەدەخەكردنی كڕینی دۆری ئەمریكی

2.قەدەخەكردنی بازرگانیكردنی زێڕ و كانزا بەنرخەكان

3.قەدەخەكردنی ئاڵوگۆڕەكانی تایبەت بە تواناكانی پیشەسازیی گرافیت، جۆرەكانی ئاسن وەك ئەلەمنیۆم، پۆڵا و خەڵووز لەگەڵ ئێران

4.قەدەخەكردنی هەرجۆرە مامەڵەیەك بە ریاڵ و پیشەسازی ئۆتۆمبیلی ئێران و كاروبارەكانی تایبەت بە قەرزە گشتییەكان

5. دانانــی قەدەخــە لەســەر کڕینــی فڕۆکــەی نەفەرهەڵگــر و هەناردەکردنــی فــەرش و بەرهەمــە خۆراکییەکانــی ئێــران.
5ی نۆڤەمبەری-2018 قۆناخی دووەم:
1. دانانی قەدەخە لەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئێران
2. ســنووردارکردنی کەرتــی وزەی ئێــران و کارکــردن لەگــەڵ بانکــی ناوەنــدی ئێــران
3. ســنووردانان لەســەر کەشــتیرانی و بەنــدەر و درووســتکردنی کەشــتی
4. ســنووردارکردنی ئاڵوگۆڕکردنــی پەیــام و ناوەڕۆکــە دارایــی و دڵنیاییەکان(بیمە)(وێبســایتی ســپوتنیك)

ئیــدارەی ترەمــپ، دەســکاریکردنی بەرنامــە ئەتۆمییەکــەی ئێــران و سیاســەتەکانی تــاران لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە تایبەتــی ســووریا و پرۆگرامــی مووشــەکی بالیســتیکی ئــەو ولاتــەی وەك مەرجەکانــی لابردنــی گەمــارۆکان دانــاوە. ئــەم دۆخــەش مەرجەکــەی ئێــران بــۆ دانووســتاندن لەســەر یــەك بابــەت کــە لەســاڵی 2015دایانابــوو، تێکــدەدات. ئێــران لــەو کاتانــەدا توانیبــووی مەرجەکانــی خــۆی بــۆ دانووســتاندن تەنهــا لەســەر پرۆگرامــە ئەتۆمییەکــەی ســەربخات و بابەتەکانــی وەك سیاســەتی ســووریا لەســەر مێــزی گفتوگۆکان لابەرێــت. ئەمــڕۆش ترەمــپ بە تەمایــە هەمــوو بابەتــەکان بخاتــەوە ســەر مێــز و لەڕێــی گوشــاری ئابوورییــەوە ئێــران تەنگەتــاو بــکات.( ویبســایتی ئۆرســام) هەموو مەرجەکانــی ئیــدارەی ترەمــپ بــۆ ئێــران بەمجــۆرەی خــوارەوەن:

1. پێویســتە ئێــران لیســتی تــەواوی ئــەو چالاکییە ســەربازییانەی بــدات کــە لــە چوارچێــوەی پرۆگرامــی ئەتۆمیــی، ئاژنســی نێودەوڵەتیــی وزەی ئەتۆمــدا جێیــان دەبێتــەوە. هەروەهــا، بەشــێوەیەکی ســەلمێنراو، بۆهەمیشــە ئەوجــۆرە چالاکییانــەی رابگرێــت.
2. پێویســتە ئێــران واز لــە پیتاندنــی یورانیــۆم و هەوڵەکانــی بەکارهێنانــەوەی پلۆتۆنیــۆم بهێنێــت و ریئاکتــۆری ئــاوی قورســەکەی دابخــات.

3. پێویستە ئێران ڕێگا بە چاودێریی تەواوی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بەسەر هەموو وێستگە ئەتۆمییە سەربازی و ناسەربازییەکان بدات.
4. دەبێ ئێران بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیك رابگرێت و گەشەپێدان و تەقاندنی ئەو مووشەکانە رابگرێت کە توانای هەڵگرتنی کڵاوی ئەتۆمییان هەیە.
5. پێویستە ئێران ئەو هاوڵاتییانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئازادبکات کە لە تۆمەتی نادرووست دەستگیری کردوون و چارەنووسی ئەوانەش دیاریبکات کە لەناوخاکی ئێراندا بێسەروشوێنن.
6. پێویستە ئێران واز لە پاڵپشتیکردنی گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك حیزبوڵا، حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین بهێنێت.
7. دەبێ ئێران ڕێز لە سەروەریی حکوومەتی عێراق بگرێت و ڕێگا بە بێچەککردنی میلیشیا شیعەکان و تێکەڵاوبوونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگا بدات.
8. وازلە پاڵپشتیکردنی میلیشیاکانی حووسی بهێنێت و بۆ چارەسەرێکی سیاسی بە ئاشتییانە هەوڵبدات.
9.دەبێ ئێران لە سووریا بکشێتەوە و هەموو ئەو هێزانە بکشێنێتەوە کە کۆنترۆڵیان دەکات.
10. پێویستە ئێران واز لە پشتیوانیکردنی تالیبان لە ئەفغانستان و ناوچەکە بهێنێت و کۆتایی بە پەنادانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و ئەلقاعیدە بهێنێت.
11. دەبێ ئێران پشتیوانییەکانی سوپای قودسی ئێران بۆ گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان ببڕێت.
12. پێویستە ئێران واز لە ڕەفتارە هەڕەشە ئامێزەکانی لە دراوسێکانی بهێنێت کە زۆربەیان هاوپەیمانی ئەمریکان. ئەمە هەڕەشەکانی لەناوبردنی ئسرائیل و مووشەکبارانی سعوودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و هەڕەشەکان لەسەر گواستنەوە نێودەوڵەتییەکان و هێرشە سایبرییەکانیش لەخۆدەگرێت.

لەدوای لێدوانەکەی ترەمپ لە 8ی مایسی 2018، سەبارەت

بە بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، یەکێك لە هەڕەشەکانی ئیدارەی ترەمپ کە ئەویش سزا ئابوورییەکان بوون، لە7ی ئابی 2018دا جێبەجێکرا. یەکەم هەنگاوی ئەمەش، ڕێگرتن لە بازرگانیی ئێران بە دۆلار و ئاڵتوون و هەروەها قەدەخەکردنی مامەڵەی وڵاتانی دیکە لەگەڵ ئێران لە بواری ئۆتۆمبیلسازی و فڕۆکەوانی بوو. جگە لەوە، ئەمریکا، سەبارەت بە پابەندنەبوونیان بە گەمارۆکان، سڵی لە هەڕەشەکردن لە وڵاتان و کۆمپانیا گەورەکان نەکردووە. ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆمپانیا فرەڕەگەزە گەورەکانی جیهان داناوە، بەجۆرێك کە بڕیاری کشانەوەیان لە بازاڕی ئێران داوە. بۆنموونە، کۆمپانیای مارسیدیس، هەر ئەو ڕۆژەی کە ئیدارەی ترەمپ بڕیاری سزاکانی ڕاگەیاند، لە ئێران کشایەوە. دەتوانین بێژین کە لەو وەختەی ترەمپ هاتۆتە سەرکار، گوشارێکی سیاسی و ئابووری زۆری لەسەر ئەو کۆمپانیا فرەڕگەزە گەورانە داناوە کە پشکی گەورەیان لە بازاڕی ئەمریکا هەیە و ئەمەش وایکردووە کە ئەوان زیاتر وابەستەی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپ بن.

بەوپێیەی کە قەبارەی بازرگانی ئەمریکا و ئێران زۆر بچووکە، دەتوانین بێژین کە ئامانجی گەمارۆکان زیاتر لە چۆکدادانی ئێران، کۆمپانیا گەورەکانی ئاسای و ئەورووپایە. لەوڕووەوە، هەنگاوەکانی ئەوجۆرە کۆمپانیایانە دەتوانێت ئەندازەی کاریگەری گەمارۆکان لەسەر ئابووری ئێران دەستنیشانبکات. هەرچەندەی کە چین، ڕووسیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا وەك لایەنەکانی ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی لە ساڵی 2015 و وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی لەگەڵ تورکیا دژایەتی خۆیان بۆ گەمارۆکان ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی کە هەستیان بە مەترسیی لەسەر دارایییەکانیان لە ئەمریکا کردووە، لە بازاڕی ئێران کشاونەتەوە. بە دیاریکراوی، کشانەوەی کۆمپانیا گەورەکانی وەك ڕینۆڵت و بیجۆ کە لە بورای ئۆتۆمبیل کاردەکەن، دەتوانێت کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر ئابووری ئێران دابنێت.

# 3
# کاریگەری گەمارۆکان و قەیرانی دراو لەسەر ئابووری عێراق

بەشی دووەمی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران لە ساڵی 2018، کە زیاتر کەرتی نەوت و وزە دەگرێتەوە، دەتوانێت زەربەی گورجکبڕ لە ئابووری ئێران بدات کە بە زۆریی پشت بە هەناردەکردنی وزە دەبەستێت. ئیدارەی ترەمپ بە نیازە بەندەرەکانی ئێران دابخات و بەوجۆرەش، بە ئەندازەیەکی زۆر بازرگانی دەرەوەی ئەو وڵاتە رابگرێت. لەوچوارچێوەیەدا، بەئاشکرا گوشاری لەسەر ئەو وڵاتانە داناوە کە نەوتی ئێران دەکڕن وهەڕەشەی لەو دەوڵەتانەش کردووە کە پابەندی گەمارۆکان نابن. هەریەك لە وڵاتانی ژاپۆن و کۆریای باشوور کە سیاسەتەکەیان وابەستەی ئەمریکایە، رایانگەیاندووە کە کڕینی نەوت لە ئێران رادەگرن. بۆ ئێستا، تاقە فاکتەرێك کە بتوانێت نەوتی ئێران لەسەرپێ رابگرێت، قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ ئێرانە. بەڵام سنووردارکردنەوەی بەندەرەکان و قەدەخەکردنی مامەڵە بە دۆلار و ئاڵتوون، دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لەسەر بازرگانی ئەو وڵاتە لەگەڵ چین دابنێت.

### 1-3. قەیرانی دراوی تورکیا و کاریگەرییەکانی

بەرلە هەموو شتێك، ئەم قۆناخە دەریخستووە کە پێویستە ئەو ئابوورییانەی وا لەگەشەکردندان، روو لە سیاسەتێکی ئابووری بکەم کە کەمتر وابەستەی دۆلار بێت. جگەلەوە، لەبەرئەوەی کە ئیدارەی ترەمپ، دۆلاری وەك کەرەستەیەك بۆ جەنگی ئابووری بەکارهێناوە، متمانە بە دۆلار کەمتر بووەتەوە. لەماوەی دواییدا تورکیا و رووسیا و ئێران باس لەبەکارهێنانی دراوی دیکە بۆ مامەڵەکانی بەینیان دەکەن. بێشك، ئەگەر بازاڕی جیهانی وابەستەی دۆلار نەبێت، ئەوسا ئەمریکا بەو قەرزە دەرەکییانەی خۆیەوە تووشی زیانی گەورە دەبێت.

هەندێك لە ئەکادیمیستە رۆژئاواییەکان پێیانوایە کە قەیرانی دراوی تورکیا کاریگەری دۆمینە لەسەر ئەو وڵاتانەی دیکەش

دادەنێــت کــە لــە حاڵــی گەشــەکردندان. بــۆ نموونــە، بانکــی ناوەنــدی ئەرژەنتیــن، لــەدوای دابەزینــی نرخــی پێســۆ، ناچارمــا، رێــژەی ســوود لــە5% بــۆ 45% و دواتریــش هەتــا 65% بــەرز بکاتــەوە. بەهەمانشــێوە، رانــدی ئەفریقــای باشــووریش لــە ژێــر کاریگەریــی دابەزینــی بەهــای لیــرەدا ماوەتــەوە. لەبــەر ئەمــەش هانــی ئەربدۆغــان دەدرێــت کــە داوای یارمەتــی لــە بانکــی جیهانــی بــکات. بــەڵام بەپێــی ئەزموونەکانــی رابــردوو، دەرکەوتــن لــە قەیــران لــە رێــی یارمەتییەکانــی بانکــی جیهانییــەوە، کارێکــی ئەســتەمە.

لــە نموونــەی ئەرژەنتینیشــدا دەردەکەوێــت کــە لەبــەر ئــەوەی ســنوورێك بــۆ زیادکردنــی ســوودیش نییــە، ئەمــەش سیاســەتێکی ئابووریــی کردەنــی نییــە. لــەم چوارچێوەیــەدا، بــۆ چارەســەرکردنی قەیرانەکــە، تیشــك خستنەســەر هــۆکارە راســتەقینەکانی هەڵبــەز و دابــەزی نرخــی دراو هەنــگاوی کردەنــی و واقعیانەیــە. دەکــرێ هێزەکانــی بــازاڕ لــە رێــی خواســت و خســتنەڕوو، نرخــی دراوەکان بگــۆڕن. لەبــەر ئــەوەش مەســەلەی خواســت و خســتنەڕوویە کــە دەتوانێــت رێژەی ئــەو گۆڕانکارییــە دیاریبکات. هەڵبــەز و دابەزی نرخــی دراو، گرێــدراوی گۆڕانکارییەکانــی نرخــی ســوود، رێــژەی بێــکاری و راپۆرتەکانــی هەڵاوســان، داهاتــی ناپوختــەی نەتەوەیــی و داتاکانــی بەرهەمهێنــان و کاڵاکانــە. دەبــێ سیاســەتمەداران زیاتــر گرنگــی بــەو بابەتانــە بــدەن کــە راســتەوخۆ کاریگــەری لەســەر بەهــای دراو دادەنێــن. بۆیــە ئــەو پاکێتــی رزگارکردنــەی کــە ئیــدارەی ئەردۆغــان رایگەیانــدوە، بــۆ ئابــووری تورکیــا گرنگییەکــی ژیانــی هەیــە.

ئــەو قەیرانــە دراوییــەی تورکیــا، جگــە لــەو وڵاتانــەی کــە رووبــەڕووی گەمــارۆ بوونەتــەوە، کاریگــەری لەســەر ئــەو وڵاتانــەش دادەنێــت کــە بازرگانییــان لەگەڵیــدا هەیــە. هــۆکاری هەرەگــەورەی نارەزایــی زۆرێــك لــە وڵاتانــی ئەورووپایــی لــە بڕیــاری گەمارۆکانیــش ئەمەیــە. کاریگەرییــەکان لەســەر ئــەو وڵاتانــەی کــە شــەریکی بازرگانیــی وڵاتــی ســزادراون زۆر دەبێــت.

سەبارەت بە عێراق دەتوانین بڵێین کە دۆخی تورکیا و ئێران وەك دوو شەریکی گرنگی بازرگانی ئەو وڵاتە، کاریگەری خراپ لەسەر ئابووریی عێراق دادەنێت.

ئەگەر بە کورتی سەیری گەشەکردنی ئابووری عێراق بکەین، دەبینین کە لەدوای کودەتاکەی **1958** هەتا **2003** کە بەعس دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، لەبەر قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و گەمارۆکان، ئابووری ئەو وڵاتە قۆناخی پڕکێشەی زۆری بینیوە. لە نێوان **1980-1988** بەهۆی قەرزە دەرەکییەکان لە ئەنجامی جەنگی ئێران- عێراق و لە ساڵی **1990**یشدا لەبەر گەمارۆکانی دوای جەنکی یەکەمی کەنداو، ئابووری عێراق زەربەی زۆری بەرکەوت.لە دوای **2003**، سەرەڕای گۆڕانی دەسەڵات و درووستبوونی سیستەمێکی دیموکراتی، دیسان سەقامگیری لەم وڵاتەدا بەرقەرار نەبوو. کێشە ناوخۆییەکان، پرسی داعش و داگیرکردنی هەندێك لە ناوچەکان لەلاەن ئەو ڕێکخراوە و بابەتی دیکەی لەوجۆرە، کاریگەرییان لەسەر بازرگانی لە دەروازە سنوورییەکان داناوە. بۆیە ئابووری عێراق بەرلەوەی فرسەتی خۆکۆکردنەوەی هەبێت، دیسان تووشی قەیرانی دیکە بووە.

وەك لە خشتەی ژمارە **1** دەردەکەوێت، کاتێ بەپێی داتاکانی ساڵی **2016** بەگشتی تەماشای ئابووری عێراق دەکەین، بە **4102**دۆلاری سەرانە لە داهاتی ناپوختەی نەتەوەیی و **10.3**%ی گەشەکردنەوە سەرنجی ڕاکێشاوە. **16.3**% کورتهێنانی بودجەی هەیە کە ئەمەش زۆر لەسەرووی **3**%ی پێوەرەکانی ماسریتەوەیە. هەروەها لەم قۆناخەی دواییشدا، نەیتوانیوە درێژە بە گەشەسەندنی ئابوورییەکەی بدات. وەك دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەکردنی داهاتیناپوختەی نەتەوەیی لە ساڵی **2017**دا **0.78**%بووە. لەگەڵ ئەمانەشدا بەگوێرەی بانکی جیهانی، لە دوای **2012**وە بۆ یەکەمجار عێراق هاوسەنگییەکی پۆزەیتڤی لە بودجەدا درووستکردووە. ئەمەش، سەرکەوتنی عێراق لە چاودێریکردنی هاوسەنگی

| خشتەی1 - ڕوانگەیەکی گشتی بۆ ئابووری عێراق(ئامارەکانی 2016) | |
|---|---|
| GDP(ملیار دۆلار) | 156.3 |
| گەشەکردنی GDP(داهاتی ناپوختەی نەتەوەیی) | 10.3 |
| ژمارەی هاوڵاتیان(ملیۆن) | 38.1 |
| خێرایی زیادبوونی نفووس(%) | 2.87 |
| داهاتی تاك لە GDP(دۆلار) | 4102 |
| هەناردە(ملیاردۆلار) | 44.6 |
| هاوردە(ملیاردۆلار) | 43.2 |
| ڕێژەی بێکاری(%) | 16 |
| یەدەکی دراوە بیانییەکان(ملیار دۆلار) | 44.1 |
| قەرزی دەرەکی(گشتی) | 68 |
| قەرزی دەرەکی/GDP (%) | 43 |
| کورتهێنانی بوودجە/GDP (%) | 16.3 |
| هەڵاوسان(%) | 2.4 |

سەرچاوە: http://www.mfa.gov.tr/irak-ekonomisi.tr.mfa

دارایـی نیشـاندەدات.

بەپێـی ئامارەکانـی گرافیکـی ژمـارە 1، لەو سـاڵانەی کـە قەیرانی تێدابــووە، ئابــووری ئــەو وڵاتــە کاریگــەری زۆری بەرکەوتــووە. بەشـێوەیەکی گشـتی بازرگانیـی ئـەو وڵاتـە بـە پێـی ڕیزبەنـدی لەگــەڵ وڵاتانــی چیــن، هیندســتان، تورکیــا، کۆریــای باشــوورو ئەمریـکادا بازرگانیـی دەرەکـی زۆری هەیـە. ئـەو کاڵا گرنگانـەش کــە هەنــاردەی دەکات، نەوتــی خــاو، بەرهەمــە نەوتییــەکان، ســووتەمەنی کانزایــی و بەرهەمــە پاڵاوتەکراوەکانــی و کاڵاکانــی وەك مەکینــە، بەرهەمــە ئەلکترۆنــی و کارەباییــەکان، ئۆتۆمبیــل و بەرهەمــە خۆراکییەکانیــش هــاوردە دەکات. بەپێچەوانــەی هەندێـك لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقا کەبەرهەمـە خۆراکییـەکان زیاتـر لەوڵاتانـی ئەمریـکای لاتیـن وەك ئەرژەنتیـن و بەرازیـل دەهێنـن، عێـراق لەوبـوارەدا بازرگانییەکـی

## 1 گەشەکردنی ساڵانەی GDPی عێراق





سەرچاوە: بانکی جیهانی

زۆری لەگەڵ تورکیای دراوسێی خۆیدا پێشخستووە.

لەدوای دامەزراندنی سیستەمی نوێ لە عێراق لە **2003**، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانیتر، لەبەر سەقامگیرییە سیاسییەکەی، هەرێمی کوردستانی عێراق ئاستێکی بەرزی گەشەسەندنی هەبووە. هەروەها لەبەر ئەوەی تاکە سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق لەڕێی ئەم هەرێمەوەیە، دەتوانین بڵێین قەبارەی بازگرانی تورکیا و عێراقیش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئەم ناوچەیە هەبووە. وادیارە کە پشکی تاك لە داهاتی ناپوختەی نەتەوەیی لەم ناوچەیە، دووقاتی ناوچەکانی دیکەی عێراقە. لەساڵی **1999**دا ناوچەی تایبەتی ئابووری درووستکراون کە ژێرخانی سەرکەوتوویان بۆ درووستکراوە و بەکارهێنانی پیشەسازیش لێرەدا گەشەی کردووە.

## 2 دابەشبوونی سەکتەرەکان لە هەرێمی کوردستان



لـەدوای سـاڵی 2011وە، کەرتـی خزمەتگـوزاری لە دابەشـبوونی سـەکتەرەکان بەگویـرەی داهاتـی ناپوختـەی نەتەوەیـی، وەك لـە گرافیکـی ژمـارە 2دا دەردەکەوێـت، سـێ لەسـەرچواری ئابـووری ئـەو ناوچەیە بۆخـۆی تەرخاندەکات.(وێبسـایتی ناوەندی ئۆرسـام) ئـەو گرافیکـە دەریدەخـات کـە بەگوێـرەی هەندێـك لـە وڵاتانـی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە سـەرچاوەی دەوڵەمەندیـان هەیـە، ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان جۆراوجۆرکـراوە بـەڵام، وەك هەندێـك لـە وڵاتانـی دیکـەدا کـە حاڵـی گەشـەکردندان، کێشـەی گەشـەپێنەدانی پیشەسـازی هەیـە.

بەشـێوەیەکی گشـتی، ئابـووری عێـراق پشـت بـە فرۆشـتنی نـەوت دەبەسـتێت و لەچوارچێـوەی بودجەکەیـدا، خـۆراك، شـتومەکی کارەبایـی، پۆشـاك و کەرەسـتەی پیشەسـازی لـە وڵاتانـی دراوسـێی خۆیـەوە هـاوردە دەکات. وەك دەبینرێـت لـە سـاڵی 2013دا قەبـارەی بازرگانـی نێـوان تورکیا و عێـراق نزیکەی 12ملیـار دۆلار بـووە و ئەمـەش بەرزتریـن ڕێژەیـەك بـووە کـە لـە مێـژوودا تۆمارکرابێـت. لـە سـاڵی 2014شـدا بەهـۆی دابەزینـی بەهـای نـەوت و هاتنـی داعـش و زیادبوونـی بوودجـەی بەرگـری، قەبـارەی بازرگانـی دەرەکـی دابـەزی. بـەڵام لـەدوای ڕاگەیاندنـی سـەرکەوتن بەسـەر داعـش لـە سـاڵی 2017، بازرگانـی بەینـی تورکیـا و عێـراق دووبـارە گەشـەی کردۆتـەوە.

| خشتەی 2 - هەناردە و هاوردەکردن لە بەینی عێراق و تورکیا(ملیار دۆلار) | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 (10 مانـگ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەناردە | 10,82 | 11,95 | 10,9 | 8,56 | 7,64 | 7,66 |
| هاوردە | 0,15 | 0,15 | 0,27 | 0,3 | 0,84 | 1,48 |
| قەبارە | 10,97 | 12,1 | 11,17 | 8,86 | 8,48 | 9,14 |
| هاوسەنگی | 10,67 | 11,8 | 10,63 | 8,26 | 6,8 | 6,18 |

سەرچاوە: TÜİK

## خشتەی 3 - ئاماری هاتنی گەشتیاری عێراقی بۆ تورکیا

| | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 (10 مانگ) |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گەشتیار | 857.246 | 1.094.144 | 420.831 | 709.138 |

سەرچاوە: TÜİK

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە 3، ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی تورکیا دەکەن، لەگەڵ قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتدا هاوتەریبە. لە ئامارەکانی ماکرۆئیکۆنۆمی عێراقەوە، کاریگەرییەکانی قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان لەسەر ئەو وڵاتە بە ڕوونی دیاردەبن. بەگوێرەی ئامارەکانی دەستەی پەیوەندییە ئابوورییە دەرەکییەکان(DEİK) ، ئەو بەرهەمانەی کە عێراق لە تورکیا هاوردەی دەکات زیاتر بەرهەمی خۆراکی وەك: ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە و ڕۆنی دەنکی پەموو، شتومەکی زەڕەنگەری، ئاردی گەنم، شیشی ئاسن و پۆڵا، بەرهەمەکانی گیانداری باڵدار و شتی لەو بابەتانەن. ئەو بەرهەمانەش کە هەناردەی تورکیای دەکات بەمجۆرەن: زێڕ(دەسکارینەکراو)، ڕۆنەکانی نەوت، پلاستیك و کەلوپەکی کۆنە و شکاو. لەگەڵ ئەوانەشدا تورکیا و عێراق میکانیزمێکی هاوکاریی وەك دەستەی کار و کۆمیسیۆنی هاوبەشی گەیاندنی وشکانی یان هەیە.

دوایین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی هاوبەشی ئابووری تورکیا وعێراق لە مایسی 2018دا بە بەشداری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدراوە. بابەتەکانی وەك ڕێگرتن لە وەرگرتنی دووباج و بەڵێنەکانی تورکیا لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بۆ پێدانی 5ملیار دۆلار قەرز و پاڵپشتی چەندینە پرۆژە بە بڕی 50 ملیۆن دۆلار و بایەخدانی تورکیا بە سەقامگیری عێراق لە کۆبوونەوەکەدا قسەیان لەسەرکراوە. لە کۆبوونەوەکەدا پلانی فۆرومێکی تایبەت بە ئاوەدانکرانەوەی عێراق و دەرفەتەکانی سەرمایەگوزاری

دانـراوه. دەسـتەی کاری تورکیـا و عێـراق لـە سـاڵی 2001دا، بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە سـەکتەرەکانی بیناسـازی، ژێرخـان و وزە و ڕۆڵوەرگرتـن لـە تـەواوەی پرۆژەکانـی ئاوەدانکردنـەوەی عێـراق دامـەزراوە. عێـراق لـە بـواری هەناردەکردنـدا سـێیەمین شـەریکی بازرگانی و لە ڕووی گواسـتنەوەی زەمینیشـەوە یەکەمین بـازاڕی تورکیایـە، بۆیـە کۆبوونەوەکانـی کۆمیسـیۆنی هاوبەشـی گواسـتنەوەی وشـکانی لـە ئاسـتی وەزیرەکانـدا ئەنجامدەدرێـن. لە دواییـن کۆبوونـەوەدا کـە وەفدێـك لـە نوێنەرانـی وەزارەتەکانـی گگواسـتنەوەو گەیانـدن، ئابـووری و گومـرك تێیـدا بەشـداربوون، پرسـەکانی وەك وەرگرتنـی دووبـاج لـە هەناردەکارانـی تورکیـا و کۆنترۆڵـی زیـادەی گومرکـی و ڤیـزەی شـۆفێرەکان باسـکراون.

بەگوێـرەی ئـەو باسـەی کـە سـەبارەت بـە پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانییەکانـی هـەردوولا کـرا، بەردەوامـی قەیرانـی دراو لـە تورکیـا، لەمـاوەی درێژخایەنـدا کاریگـەری کوشـندە لەسـەر ئابـووری عێـراق دادەنێـت. ئەگـەر ئـەم قەیرانـە بـەردەوام بێـت، هەرێمـی کوردسـتان کـە بەهـۆی بازرگانـی لـە دەروازەی سـنووری ئیبراهیـم خەلیلـەوە لـە خابـوور دەسـکەوتی زۆری هەبـووە، کاریگەرییەکـی زۆری بەردەکەوێـت. یەکێکـی دیکـە لە کاریگەرییەکانـی ئـەو قەیرانە دراوییـەی تورکیا، چارەنووسـی ئـەو 5ملیـار دۆلار قـەرز و 50 ملیـۆن دۆلار پرۆژەیـە دەبێـت کـە تورکیـا بەڵێنـی داوە بـە عێراقـی بـدات. ئەگـەر وابـڕوات، ئەوانـەش بـە نادیـاری دەمێننـەوە.

لەلایەکـی دیکـەوە، بەوپێیـەی کـە دابەزینـی نرخـی لیـرە، سـەرنجەکان بـۆ سـەر کاڵای تورکیـا رادەکێشـێت و ڕەواجـی پێـدەدات، وا چاوەڕواندەکرێـت کـە لـەم قەیرانـەی ئێسـتادا، لـە عێـراق ئاسـتی هاوردەکـردن لـە تورکیـاوە زیاتـر بـکات. بۆیـە وەك چـۆن باسـی زیانەکانـی ئـەو قەیرانـە کـرا، دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئـەم قەیرانـە سـوودی بـۆ ئابـووری عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش هەیـە کـە دەروازەی سـنووری خابـوور لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئەودایـە.

## 3-2
## گەمارۆکانی ئێران و کاریگەرییەکانی

عێراق لەگەڵ ئێراندا نزیکەی 1.458کم سنوور و 9دەروازەی سنووریی هەیە. ئێران هەم لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی عێراق و هەم لەگەڵ حکووومەتی هەرێمی کوردستانیشدا دەروازەی سنووریی هەیە. لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا لە رۆژهەڵاتی بەسرە دەروازەی سنووریی شەلەمچە و لە پارێزگای میسان ئەشیب و لە واست زەرباتیە و لە دیالەش دەروازەکانی سۆمار و مونزوورییەی هەیە. لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا لە سنووری سلێمانی پەروێزخان، باشماخ، سەیرانبەند(تەنیا بۆ هاتوچۆی مرۆیی)ی هەیە و لە پارێزگای هەولێریش بە حاجی ئۆمەرانەوە چوار دەروازەی سنووریی هەیە. زۆربەی ئەو سنوورانە بە پێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانن و زۆربەشیان بۆ کاروباری بازرگانی و هاتوچۆی گەشتیاریش بەکاردەبرێن.

لەساڵی 2017دا، قەبارەی بازرگانی بەینی ئێران و عێراق 5ملیاردۆلار بووە. لەم ساڵانەی دواییشدا، دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش و ناڕوونی سیاسی وایانکرد تا قەبارەی بازرگانی لە بەینی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و وڵاتانی دیکە روو لەکەمبوون بکات. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای تورکیا، زۆرترین هەناردەی خۆی رەوانەی ئێران دەکات.بەهەمانشێوە، لەدوای تورکیا و چین، زۆرترین کالای خۆی لە ئیرانەوە هاوردە دەکات.لە گازەوە بگرە هەتا کارەبا و سەوزە و میوە، لە بواری جۆراوجۆردا بازرگانی لە بەینی هەردولا هەیە. بەهۆی دابەزینی بەهای دراوی ئێران و زۆربوونی دەروازە سنوورەکان و هەرزانی کاڵا و شتومەك، سەرنجەکان بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران راکێشراون.ئێران لە ساڵی 2014دا بڕی 8ملیاردۆلار هەناردەی بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە و لە ساڵی 2017شدا ئەوە بۆ 5ملیار دابەزیوە.قەبارەی بازرگانی عێراق لەگەڵ هەموو عێراقیش لە ساڵی 2017دا 13ملیار دۆلار بووە و ئەمەش بەرزترین ژمارەیەکە کە لەدوای 2003 وە تۆمارکرابێت.

بەگوێـرەی ئامارەکانـی سـاڵی 2016، عێـراق رێـژەی 22%ی بازرگانـی دەرەوەی خـۆی لەگـەڵ تورکیـا و 20% لەگـەڵ چیـن و 16%یشـی لەگـەڵ ئێـران کردووە.بـە گوێـرەی ئامارە رەسـمییەکان، هەناردەکانـی ئێـران بۆعێـراق لـە دەرەوەی نەوت، رێـژەی 19%ی لـە مـادە خۆراکییـەکان و 15%ی لـە بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان و 15%ی بەهەمـە کیمیاوییـەکان و 11%ی بەرهەمەکانـی وزە و10%ی لـە کەرەسـتەی بیناسـازی و 5%ی مەکینـە و ئامـرازەکان و4%ی کەلووپەلـی ناوماڵ، 3%ی بەرهەمی پۆشـاکی و 18%یشـی لـە بەرهەمـە جۆراوجـۆرەکان بـووە.

کاریگـەری سیاسـی ئێـران لەعێـراق لـە دوای 2003، هۆکارێـك بـووە بـۆ ئـەوەی کـە پەیوەندییـە بازرگانییەکانـی هـەردوولا بەمجـۆرە بێت.لـە دوای 2003وە کێشمەکێشـی هـەردوو وڵاتـی ئێـران و ئەمریـکا کـە کاریگەرییـان بەسـەر عێراقـەوە هەیـە، رەنگدانـەوەی لـەو وڵاتـەدا هەبـووە. لێدوانەکـەی حەیـدەر عەبـادی سـەبارەت کـە بـەوەی کـە ناچـارن پابەنـدی گەمارۆکانـی ئەمریـکا بۆسـەر ئێـران بـن، کاردانـەوەی ئێـران و گەلێـك گرووپـی ناوخۆیـی عێراقـی لێکەوتۆتـەوە. دوای ئـەوەش عەبـادی هەوڵیـداوە توزێـك قسـەکانی خـۆی نەرمـتر بکاتـەوە و ورایگەیانـدووە کـە ئـەوان پابەنـدی هەمـوو گەمارۆکانـی ئەمریـکا نابـن و تەنیـا پابەنـدی ئـەو بەشـە دەبـن کـە باسـی مامەڵـە بـە دۆلار دەکات. لـە تەنیشـت ئەوەشـدا رایگەیانـدووە کـە بەهـۆی دابەزینـی نرخـی دراوی ئێرانـەوە، نرخـی ڤیـزە بـۆ ئـەو هاوڵاتییانـەی ئێـران کەمدەکاتـەوە کـە بەنیـازن سـەردانی شـوێنە پیـرۆزەکان لـە عێـراق بکـەن.

بەهـۆی سـنووری هاوبـەش و نزیکـی ئەتنـی و مەزهەبـی هـەردوولا، بەشـێکی زۆر لـە تاکـە عێراقییـەکان سـەرچاوەی داراییـان لـە ئێـران هەیە.بەشـێك لـە هاوڵاتیانـی عیـراق بـۆ سـوودوەرگتن لـەو رێژەبـەرزەی نرخی سـوود لـە بانکەکانـی ئێران، بەشـێك لـە سـەرمایەی خۆیانیـان لـەو بانکانـە دانابـوو، بـەڵام بەهـۆی بڕیـاری گەمارۆکانـەوە تووشـی کێشـە بوون.(واشـنتۆن

پۆسـت) ئابـووری ئێـران کـە دوای ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی 1+5 لەگـەڵ ئێـران هەناسـەیەکی ئارامـی هەڵکێشـابوو، وایکردبـوو تـا سـەرمایەی بەشـێك لـە خەڵکـی ولاتانـی دەوروبەریـش بـۆ لای خـۆی ڕاکیشـێت. ئـەو قەیرانـەی کـە ئێسـتا لـە ئێـران هەیـە، دەریدەخـات کـە ئاسـوودەیی و ڕەفاهـی خەڵکی عێـراق چەندەی وابەسـتەی ئابـووری ئیرانـە.

لەبەرئـەوەی کـە بازرگانـی نێوان ئیـران و عێراق زیاتـر لەچێوەی هەناردەکردنـی کاڵای ئیرانـی بـۆ عێراقدایـە، دەتوانیـن بڵێیـن کـە مەترسـی کاریگەرییەکانـی ئـەو قەیرانـە ئەابـووری ئێـران لەسـەر عێـراق کەمـە. لەبـەر ئـەوەی هەنـادەری عێـراق بـۆ ئێـران کەمـە، دەشـێ ئابـووری عێـراق خەسـاری کەمـتری بەرکەویـت. بـەڵام دەشـێ لـە ئاسـتی میکرۆئابووریـدا مەترسـییەك چاوەڕوانـی عێراق بێـت چوونکـە، وەك لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا لـە دوای 2015وە بەشـێك لـە خەڵکـی عێراق نەختینـەی لـە بانکەکانی ئێـران داناوە. لـە تەنیشـت ئەوەشـدا، لەبـەر ئـەو کاریگەرییـەی کـە ئێـران لـەدوای 2003وە لـە عیـراق پەیـدای کـردووە، بڕیاربەدەسـتان و یاسـدانەرانی عیراقـی سـەبارەت بـە گەمارۆکانـی ئەمریـکا تووشـی دوودڵییـەك دەبـن و هـەر بڕیارێکیـش بـدەن تووشـی کێشـە دەبـن. لـە دوای 2003وە هەمـوو کاروبـارە داراییەکانـی عێـراق وابەسـتەی دامـەزراوە داراییـە ئەمریکییەکانـی وەك جـەی پـی مۆرگانـە و لەبـەر ئـەوەش، سـەرەڕای پەیوەندییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی لەگـەڵ ئێـران، عێـراق ناتوانێـت پێچەوانـەی سیاسـەتەکانی ئەمریـکا بجووڵێتەوە.(پۆرتاڵـی ڕووداو)

ڕەهەندێکـی دیکـەی ئـەم قەیرانـە، هاتنـی ژمارەیەك گەشـتیاری ئایینـی ئێرانـە بـۆ عێـراق کـە کرایگـەری لەسـەر ئابـووری ئـەو وڵاتـە هەیـە.وەك دەزانرێـت، هەمـوو سـاڵێك زیاتـر لـە 2ملیـۆن کـەس لـە ئیرانـەوە بـۆ زیـارەت سـەردانی کەربـەلا دەکـەن. درێژەکێشـانی قەیرانـی ئابووری لـە ئێران، دەتوانێـت گەشـتیاری دینـی لـە عێـراق تووشـی گرفـت بـکات. هـەر لـەدوای بەشـی یەکەمـی سـزاکانەوە بـوو کـە هاتنـی گەشـتیارانی دینـی لـە

ئێرانـەوە بـۆ کەربـەلا و نەجـەف و بەغـدا کەمیکـرد. شـارەزایان بـاس لـەوە دەکـەن کـە ژمـارەی هاتنـی گەشـتیار لـە ڕۆژێکـدا بـۆ **4** تـا **5** هـەزار کـەس دابەزیـوە و ئەمـەش کاریگـەری خراپـی لەسـەر گەشـتیاری دینـی لـە شـوینە گرنگـە دینییەکانـی وەك کەربـەلا داناوە.(ئاژانسـی ڕەسـمی ئێـران) چاوەڕواندەکرێـت کاریگەرییەکانـی گەمـارۆکان لەسـەر کەرتـی گەشـتیاری دینـی عێـراق لەگـەڵ بەشـی دووەمـی سـزاکانی سـەر ئیرانـدا زیاتـر بـن. بەردەوامـی قەیرانـی ئابـووری لـە ئێـران و کەمبوونـەوەی بەهـای ریـاڵ، ڕێـژەی گەشـتیاریی دینـی کەمـتردەکات.

وەك لـە نموونـەی تورکیـادا باسـکرا، بەهـۆی هەزرانبوونـی کاڵا و کەلوپەلـی ئێرانییـەوە، گەمـارۆکان ڕێـگا بـۆ زیادبوونـی ڕێـژەی هاوردەکردنـی کاڵای ئێرانـی لـە ئابـووری عێـراق خۆشـدەکەن. بـەڵام وەك باسـکرا، قەیرانەکـەی تورکیـا و ئێـران دەتوانـن کاریگـەری خراپیـش لەسـەر ئابـووری عێـراق دابنێـن.

## ئەنجام و هەڵسەنگاندن

گەمارۆکانـی ئەمریـکا لەسـەر ئێـران و تورکیـا و دەرکەوتنـی قەیرانـی دراو لـە تورکیا کاریگەری ڕاسـتەوخۆ لەسـەر ئـەو وڵاتانە دادینێـت کـە بازرگانییـان لەگـەڵ هـەردوو وڵاتەکـەدا هەیـە. هۆکارێکـی دژایەتـی بەشـێکی زۆر لـە وڵاتانـی ئەورووپـای بـۆ گەمـارۆکان لەمـەدا شـاراوەیە. گەمـارۆکان کاریگـەری ڕاسـتەوخۆ لەسـەر هاوبەشـە بارزگانییـە پلـە یەکەمەکانـی ئـەو دوو وڵاتـە دادەنێـن.

ئێـران گرنگتریـن هاوبەشـی بازرگانـی عیـراق و تورکیایـە لـە ناوچەکـەدا. لـە هەمانکاتیشـدا سـەراچوەیەکی گـەورەی دابینکردنـی وزەی تورکیایـە. هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی کـە ئێـران ڕێگایەکـی بازرگانـی تورکیایـە لـە ئاسـایی ناوەڕسـات و وڵاتانـی کەنـداو، گەمارۆکانـی سـەر ئێـران کاریگـەری لەسـەر ئـەو تـۆڕە بازرگانییـە و وڵاتـە بەشـدارەکانی دادەنێت.(ڕۆژنامـەی حوڕییەت)

لـەو چوارچێوەیـەدا، پێویسـتە کاریگـەری گەمارۆکانـی ئەمریـکا لەسـەر ئێـران لەگـەڵ کاریگـەری قەیرانـی دراوی تورکیـا لەسـەر ئابــووری عێــراق بــە باشــی شــیبکرێتەوە. عێــراق هاوبەشــی بازرگانـی هـەردوو وڵاتـی تورکیـا و ئێرانـە و بەهـۆی وابەسـتەییە ئابــووری و سیاســییەکانەوە، دۆخــی ئابــووری ئــەو دوو وڵاتــە کاریگــەری راســتەوخۆ لەســەر ئابــووری عێــراق دادەنێــت. پێیوسـتە رێگرتـن لـە کاریگەرییـە نیگەتیڤەکانـی ئـەو دۆخـە لـە ئەولەویەتییەکانـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بێـت. وادیـارە، کاریگـەرە سیاسـی و ئابوورییەکانـی گەمارۆکانـی ئەمریـکا لەسـەر عێـراق، رۆژەڤێکـی گرنگـی عێـراق دەبێـت. کیشمەکیشـی بەینـی ئەمریــکا و ئێــران، رەوتــی ئابــووری عێراقیــش دیاریــدەکات.

**سەرچاوەکان**


http://orsam.org.tr/orsam/DPAnaliz/14072?dil=tr

https://www.washingtonpost.com/world/us-sanctions-on-iran-hit-an-unintended-target-ordinary-iraqis/2018/08/13/fd72d22c-9e67-11e8-b562-db4209bd992_story.html?noredirect=on&utm_term=.2afd4fd1ef2d

http://www.rudaw.net/english/kurdistan/170820181

http://www.irna.ir/en/News/83017118

http://www.hurriyet.com.tr/ekonomi/irana-yaptirimlar-turk-is-dunyasini-zora-sokacak-40921279

# قەیرانی ئابووریی تورکیا و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە

د. ڕەحمەت حاجی مینە
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# قەیرانی ئابووریی تورکیا و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە

د. ڕەحمەت حاجی مینە[1]
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

**پێشەکی**

تورکیا لەو چەند هەفتەیەی دواییدا، بووەتە ئامانجی گوشارە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەمریکا و هەر ئەوەش وایکردووە بەهای لیرەی تورکیا لە ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر دابەزێت و نرخی کەلوپەلیش لەو وڵاتە بەرزببێتەوە. دۆناڵد ترەمپی سەرکۆماری ئەمریکا لەو دواییانەدا ڕایگەیاند، کە 25%ی دیکەش باج دەخاتە سەر ئەو ئەلەمنیۆم و پۆڵایەی لە تورکیاوە هاوردەدەکرێت. ئەوە لە کاتێکدا ڕوویدا کە پەیوەندییەکانی واشنتن و ئەنکەرە وەك دوو ئەندامی ناتۆ، لە چەند مانگێك لەوەو پێشەوە لە سۆنگەی دەسبەسەرکرانی قەشەیەکی ئەمریکی لەلایەن تورکیاوە، بووەتە قەیرانێکی دیپلۆماسی.

واشنتن لە پرسی ئەندرۆ برەنسۆن، ئەو قەشە ئەمریکییەی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی سەر بە فەتحوڵا گولەن دەسبەسەرکراوە، کۆمەڵێك گەمارۆی خستەسەر هێندێ بەرپرسی ئەنکەرە. کۆشکی سپی بە ڕەخنەی بەردەوام لە دەسبەسەرکرانی قەشە ئەمریکییەکە، کە ئێستا لە بەندیخانەی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مرکز دراسات رووداو

تورکیادایــە، گەمــارۆی خستووەتەســەر عەبدولحەمیــد گــول وەزیــری دادی تورکیــا و ســولەیمان ســۆیلۆی وەزیــری ناوخــۆی ئــەو وڵاتــە. ئەنکەرەیــش کاردانــەوەی بەرانبــەر ئــەو کردەوانــەی ئەمریــکا هەبــووە.

دۆخێك، کــە نــەك هــەر کاریگەریــی نەرێنیــی تــەواوی لەســەر گەشەســەندنی ئابووریــی تورکیــا و بەهــای دراوی ئــەو وڵاتــە دانــاوە، بگــرە کار دەکاتــە ســەر پەیوەندییەکانــی دەرەوەی تورکیــا لەگــەڵ ئەکتــەرە نێودەوڵەتــی و ناوچەییەکانــی وەك هەرێمــی کوردســتانیش، چونکــە ئەنکــەرە هەوڵــدەدا لەلایەکــەوە ئــەو قەیرانــەی لــە ســۆنگەی ئەمریــکاوە تووشــی بــووە جلەوبــکات و لەلایەکــی دیکەشــەوە بــە پەیوەنــدی و هەڵســوکەوتە ئابوورییەکانــی خــۆی، لەگــەڵ ئەکتەرەکانــی دیکــە و یــەك لــەوان هەرێمــی کوردســتانی ئێراقیشــدا بچێتــەوە و ســەرلەنوێ دایانڕێژێتــەوە، بەشــێوەیەك کــە ریســکی گرژییەکانــی لەگــەڵ ئەمریــکا و دابەزینــی بەهــای لیــرە قەرەبوووبکاتــەوە. ئەمــە ئــەو گۆڕانکارییــە کردەییانەیــە کــە چاوەڕواندەکــرێ ســەرلەنوێ پارادایمەکانــی دۆســتایەتی و دوژمنایەتــی لــە جیۆپۆلیتیکــی ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــدا پێناســەبکاتەوە.

1 ئەندامــی لیژنــەی زانســتیی زانکــۆی ئــازادی ئیســلامیی تــاران و توێــژەری بــاڵای ناوەنــدی توێژینــەوە ســتراتژییەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت.

# هۆکارەکانی قەیرانی دراویی تورکیا

لە حاڵێکدا زۆربەی لێکدانەوە و شیکارییەکان لەبارەی قەیرانی ئابووریی تورکیا، گەمارۆکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا بە تاکە فاکتەری قەیرانی ئابووریی ئەو وڵاتە دەزانن، کەچی ڕەگ و بناوانی ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە چەند ساڵان لەوەپێش، کە هەوڵەکانی ئەو دواییانەی ئەردۆغان و گەمارۆکانی ئەمریکا تەنیا قەیرانەکەیان بەتەوژمترکردووە.

لەراستیدا پاش چەندین دەیە گەشەی ئابووری لە تورکیادا، ئێستا نیگەرانیی گشتی ئەوەیە کە ئابووریی ئەو وڵاتە بگێڕدرێتەوە سەرەتاکانی ساڵی **2000**. بەوتەی شرۆڤەکارانی ئابووری، گەشەی ئابووریی ئەو ساڵانەی دوایی تورکیا، لەسایەی قەرزوەرگرتنی بێکۆسپی ئەو وڵاتە و خەرجکردنی ئەو پارەیە لە بەشی ئاوەدانی و بنیاتنانەوە و زۆرکردنی بەرهەمهێنان و گەشەی ITـیەوە بووە.

دابەزینی بەهای دراوی تورکیا لە رۆژانی رابردوودا دەریخست کە ئەم فاکتەرە چەندە لەگۆڕاندایە. لەراستیدا ئابووریی تورکیا پێش قەیرانە داراییەکەی ساڵی **2008** لەسەر بنەمای پارەقەرزکردن لەدەرەوە بووە و پاش **2008** لەسەر بنەمای ئەو وام و قەرزانە بووە کە پشتیان بە دراوی بیانییەوە بەستبوو، ئەویش لەرێی سیستەمی بانکیی تورکیاوە. ئەو پارەیە ئەگەرچی سووڕی ئابووریی تورکیای خستەوەگەڕ، بەڵام دۆخەکە خۆنەگر بوو.

هەتا مانگی دیسەمبەری **2017**، ئەنکەرە تێگەیشت کە ڕەوتی واموەرگرتن و قەرزکردنی کۆمپانیا تورکییەکان جڵەوی پساوە و گەیشتووەتە **211** ملیار دۆلار. بەو شێوەیە دەوڵەتی تورکیا رێگەی لە بەردەوامبوونی قەرزوەرگرتنی **23** هەزار کۆمپانیا و بنکەی ئابووریی و بازرگانی گرت. بەتایبەتی دەکرێ بڵێین کە تەنانەت قووڵبوونەوەی ئەگەری قەیرانی ئابووری، ئەردۆغانی ناچارکردووە پێشوەختە هەڵبژاردن بکاتەوە.

## پێگەی بانکەکان

لەلایەکی دیکەوە بانکەکانی تورکیا لەسەرەتای ساڵی 2018ـەوە تا ئێستا 50% زیاتر کەوتوونەتە ژێر باری قەرزە دەرەکییەکانەوە و هاوکات کەلێنێکی قووڵیش کەوتووەتە بەشی بانکدارییەوە و ئەوەش کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەی ئابووری هەیە و بەو شێوەیە، وەرگرتنی وامی زیاتر بۆ بەشە بازرگانییەکانی دیکە و دانەوەی ئەو قەرزانە ئەستەمتر دەبێت.

جا چونکە بەشە بازرگانییەکانی تورکیا دەبێ لەسەر یەك قەرزێك بە بەهای 221 ملیار دۆلار بدەنەوە، لە سۆنگەی دابەزینی نرخی لیرە لەهەمبەر دۆلاردا ئەو بڕە لە ئەپریلی 2018ـەوە تائێستا بەپێی بەهای لیرە 1.6 بەرامبەر بووە. لەراستیدا لیرەی تورکیا لە سەرەتای ساڵی 2018ـی زایینییەوە تا ئێستا 40% بەهای خۆی لەدەستداوە.

لەو پەیوەندییەدا دامەزراوەی مۆدیز بۆ هەڵسەنگاندنی ئیعتباری دارایی، دووردیمەنی دارایی و ئیعتباریی 14 بانکی پلەیەکی کەم کردووەتەوە و دووردیمەنی دارایی و ئیعتباریی 4 بانکی دیکەشی 2 پلە دابەزاند.

مۆدیز لەبارەی دۆخی ئابووری و دارایی تورکیاوە رایگەیاندووە، مەترسیی ئەوە دەکرێ بە بەردەوامبوونی ئەو رەوشە، رەوتی دابینبوونی دارایی بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان لە بانکەکاندا دابەزێ و بەسەرنجدان بە نەرێنیبوونی راوبۆچوونی سەرمایەگوزاران لەو دۆخەدا، دەستڕاگەیشتنی بازاڕ بە قەرز و دابینکردنی دارایی لەرێی بانکەکانەوە تووشی ئاستەنگ ببێت.

## لایەنی باش و کەمایەسییەکانی تورکیا لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکاندا

1ـ لایەنی باشی ئابووریی تورکیا

گەشەی ئابووریی 7.4%ی لە 2017ـدا. ئەمە بەرزترین نرخی گەشەی ئابووری بوو لەنێو وڵاتانی گرووپی بیستدا.
کۆمپانیا گەورەکان لە ئاستی جیهانیدا و یەك لەوان کۆمپانیای فڕۆکەوانیی تورکیا، تورکیش ئێرلاین و کۆمپانیاکانی هۆلدینگ کۆچ و دۆغان و سابانجی،
کۆمەڵێك کۆمپانیای بەهێز لە بواری هەناردە،
هەڵکەوتوویی لە ناوچەیەکی لەبار و گونجاودا بەشێوەیەک لە تورکمانستانەوە بگرە تاوەکوو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا بۆ تورکیا دەرفەتێکی لەبارن.
پیشەی گەشتیاریی دڵخواز
دانیشتوانی گەنج و کارا
بوونی کانگەی جۆراوجۆر

2 ـ کەمایەسییە ئابوورییەکانی تورکیا
لاوازیی لە بواری پێکهاتەییدا
قەرزی قورسی دەرەکی
هەڵاوسانی زۆر هەتا ئاستی 15%
بێکاری 9.6%

## گەمارۆکانی سەر تورکیا و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە

جیۆپۆلیتکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسۆنگەی جڵەوداربوونی دەسەڵاتگەلێکی ناوچەیی وەك تورکیا و ئێران لە سەدەکانی ڕابردوودا بەردەوام لەژێر کارتێکەریی فاکتەرگەلی سیاسی، کولتووری و تەناهی و ئابووریدا لە هەر سێ ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا تووشی گۆڕانکاری بووە. لەو بوارەوە دەکرێ ئاماژە بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بکەین کە وێڕای سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی نموونەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەم ناوچەیەدا، چییەتی هاوکاری و ململانێکانیشیان لەناوچەکەدا تووشی گۆڕان کردووە.

پاش کۆتاییەکانی جەنگی سارد، تورکیا کە لە سیاسەتی

دەرەوەی ئەمریـکا و رۆژئاواییـەکان، لـە سـۆنگەی دوژمنایەتـی لەگـەڵ سـۆڤیەتدا گرنگییەکـی سـتراتیژی هەبـوو، شـۆکێك بەسـەر شـوناس و پێگەکەیدا هـات کـە ئـەو شـۆکە بووبـە هـۆی سەرلێشـێواویی تورکیـا لەنێـوان رۆژئـاوا و رۆژهەڵاتـدا و ئەمـە لەسەرانسـەری دەیـەی 1990ـدا بەدیکـراوە. بـەڵام لـە دەیـەی 2000ـدا لەگـەڵ هاتنـە سـەرکاری ئیسـلامگەراکان لـە تورکیـا دیسـان بـژاردەی سیاسـیی حزبـی داد و گەشـەپێدان هەوڵیـدا بـە متوربەکردنـی دیموکراسـی و ئیسـلام، نمونەیەکـی دڵخـواز لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بخاتـە بەرچـاوی رۆژئاواییـەکان و وێـڕای بەهێزکردنـی بیاڤـی نفـووز و دەسـەڵاتی خۆیـان لـە رۆژهەڵاتـی ناڤینـدا، پێگـەی سـتراتیژیی خۆیشـیان لـەلای رۆژئـاوا بەدەسـتبێننەوە.

هەڵبـەت ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە ئاسـتی ناوچەکـە و سیسـتەمی نێودەوڵەتیـدا دروسـتبووە، نـەك ئـەو بۆشـاییە سـتراتیژییەی پڕنەکـردەوە، بەڵکـوو رەهەنـدە دژبـە یەکەکانی تری بەرژەوەنـدی دوو لایەنەکـەی پـتر کـرد. هـەر لـەو پەیوەندییـەدا بـۆ یەکەمجـار لـە 2003ـدا بـوو کـە پەرلەمانـی تورکیـا دەنگی دا کـە ئیـتر لەگـەڵ ئەمریـکادا رێـك نەبـن و وردە-وردە نیشـانەکانی دوورکەوتنـەوەی ئـەو دوو هاوپەیمانـە دەرکەوتـن.

لەئاسـتی ناوچەییشـدا، ئـەو گۆڕانکارییانـەی بـە بەهـاری عەرەبـی ناویـان دەرکـرد و دەرفەتـی خۆنوانـدن و خۆڕانـان و هەنـاردەی نموونـەی سیسـتەمی سیاسـی بـۆ دەسـەڵاتە ناوچەییەکانـی وەك تورکیـا و ئێـران لەگـەڵ عەرەبسـتان، کێبەرکێـی ناوچەییەکانـی بەتەوژمـتر کـرد و دیسـان سـنوورەکانی دۆسـتایەتی و دوژمنایەتیـی بـۆ ماوەیەکـی کورتخایـەن دارشـتەوە، بەتایبەتـی کـە بـووە هـۆی دابەشـبوون و پەرشـوبڵاویی بەرژەوەندییـە جیۆپۆلیتیکییەکانـی نێـوان تورکیـا و ئەمریـکا لـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن بەتایبەتـی لـە سـووریا.

لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیشـدا، رێوشـوێنی دەوڵەتـی ترەمپ لەسـەر

بنەمای چوونەدەرەوە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دانانی پسوولەباج و گەمارۆی ئەکتەرەکانی دیکە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەك لەوان شێوازی هاوکاری و ململانێکان گۆڕانیان بەسەردا بێت. هەر لەو پەیوەندییەدا تورکیا و ئێران کە هاوکات کەوتوونەتە بەر گەمارۆکانی ئەمریکا هەوڵدەدەن وێڕای بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکانیان لەگەڵ یەکتر، لە ناوچەکەشدا پەرە بە بازاڕەکانی خۆیان بدەن.

بۆ ئەو مەبەستەش، هەرێمی کوردستانی عێراق بە سەرنجدان بە هاوسنووربوونی لەگەڵ ئەو ئەکتەرانە و هەروەها دەراوخۆشبوونی چالاکییە ئابوورییەکان، بژاردەیەکی دڵخوازە بۆ سەرمایەگوزاری و هەناردەی ئەو دوو وڵاتە.

دۆخێك کە چاوەڕواندەکرێ بە پێچەوانەی رابردوو کە بیچمگرتنەکەی بەرهەمی کەڵکەڵەی تەناهی و سیاسی بوو، ئەمڕۆ کەڵکەڵەی ئابووری فۆرمیان پێدەدات کە زیاتر ماهیەتی هاوکاری و دەستەوایان هەیە.

## ڕێگەچارەکانی بەردەم تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆکان

تورکیا بۆ ئاراستەکردنی ئەو قەیرانەی کە بەرهەمی گەمارۆکانە، هەوڵیداوە وێڕای دەستنیشانکردنی نەخشەڕێگا، کۆمەڵێك هەوڵیش لە بوارەکانی بانکی و پەیوەندیی دەرەوەدا وەك هاوردە و هەناردە بدات کە دەکرێ بەوشێوەیە ئاماژە بە هێندێکیان بدەین:

بەگشتی دەوڵەتی تورکیا، زیادکردنی هەناردە بە بارستی **300** ملیارد دۆلار و کەمکردنەوەی کەمایەسیی بازرگانی دەرەوە بە یەکێك لە باشترین ڕێگەچارەکانی ڕزگارکردنی ئابووریی ئەم وڵاتە لە خولی نوێی پێنج ساڵە تا **2023** ڕاگەیاندووە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆکان، هێندێ ڕێگەچارەی گرتووەتەپێش:

پێش هەموو شتێك، بانكی ناوەندی توركیا، بەهای سوودی لەو وڵاتەدا بە ئامانجی بەرزكردنەوەی بەهای لیرە لەبەرانبەر دۆلاری ئەمریكادا 6.25% بەرزكردووەتەوە و گەیاندوویەتیە 24%.

بڕیارەكەی بانكی ناوەندی بۆ زیادكردنی نرخی ئاسانكارییە بانكییەكان لە حاڵێكدا بووە كە پێشتر ئەردۆغانی سەركۆماری ئەو وڵاتە، زۆر دژی بووە.

ئیتر ئەوە كە چەند دەخایەنێ تا ئەنكەرە بتوانێ ئابوورییەكەی توركیا بەهێز بكا، بەستراوەتەوە بە پێدانەوەی قەرزە دەرەكییەكان و بڕیاری ئەمریكا بۆ دانانی گەمارۆی زیاتر دژی توركیا. بەوتەی پسپۆڕان، توركیا ئێستا لە سێ مانگ و بگرە ساڵێكی داهاتووشدا توانای دانەوەی قەرزەكانی خۆی هەیە.

دووەم، وەرگرتنی یارمەتیی دەرەكی لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو یان وڵاتە قەرزدەرەكان. لە بارەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، ئەنكەرە تائێستا وەها بژاردەیەكی رەتكردووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو سندووقە بەو مەرجە یارمەتیی دەدات كە چاكسازی بكات و رێوشوێنی توندوتۆڵی ئابووری بگرێتەبەر، كە لەئەنجامدا ئەوەش نارەزایەتیی دژی ئەردۆغان و حیزبی دەسەڵاتدار لێدەكەوێتەوە. بەپێی پشكبەندیی وڵاتان، پسپۆڕانی سندووقی نێودەوڵەتیی بڕیاردەدەن ساڵانە 12 ملیار دۆلار یارمەتیی بدەن. ئەو سندووقە، لەگەڵ یەكەم قۆناغی یارمەتیی دارای، گەلاڵەی رێوشوێنە توندوتۆڵە ئابوورییە نادڵخواز و قورسەكان بەسەر توركیادا دەسەپێنێت.

راستییەكی دی ئەوەیە كە توركیا دۆستی دەوڵەمەندی كەمن بۆ ئەوەی یارمەتیی داراییان لێوەرگرێ و ناتوانێ وەك ئەوەی بانكە ئەمریكاییەكان لە قەیرانە داراییەكەی ساڵی 2008دا

کردیـان، ســوود لــە یارمەتیــی دارایــی بانکــە ناوەندییەکانــی ئەوروویـا وەرگرێـت.

هێنـدێ راپـۆرت باسـی ئـەوە دەکـەن کە ئەنکـەرە بـۆ وەرگرتنی یارمەتیـی دارایـی رووی لـە رۆژهەڵاتـی ناڤیـن کـردووە، ئەگەرچـی زۆربـەی ئـەو وڵاتانـە وایـان پـێ باشـترە، لـە جەنگـەی ئاڵۆزیـی نێـوان ئەنکـەرە و واشـنتندا خۆیـان لـە لاگـری تورکیـا بپارێـزن.

لـەو پەیوەندییـەدا تەنیـا ئەمیـری قەتـەر لـە دوا سـەفەرەکەیدا بـۆ تورکیـا، بەڵێنـی دا **15** ملیار دۆلار لـەو وڵاتەدا سـەرمایەگوزاری بـکات. بەدڵنیاییـەوە، ئـەو پارەیـەی ئەمیـری قەتـەر دایـە تورکیـا، زۆر زیاتــر بــووە لــەو پارەیــەی ســندووقی نێودەوڵەتیــی پــارە دەیتوانـی بـەو وڵاتـەی بـدات. هەرچۆنێـك بـێ ئەردۆغـان توانیـی لەســایەی یارمەتیدانــی ســەربازی و دیپلۆماســیی ئەنکــەرە بــۆ قەتـەر پـارە وەربگـرێ و ئیـتر حەوجێـی بـە یارمەتیـی سـندووقی نێودەوڵەتیـی پـارە نەبێـت. هەڵبـەت وامووەرگرتـن بـۆ داپۆشـینی قـەرزەکان، تاقـە رێگەیەکـی کورتخایەنـە بـۆ تورکیـا.

سـێیەم، تورکیــا بــۆ چاکردنــی باڵانســی بازرگانیــی نەرێنــی لـە هەوڵـدا دەبێـت. بازرگانیـی دەرەکیـی تورکیـا بـەردەوام بـە باڵانسـی نەرێنییـەوە خەریـك بـووە. ئـەوە بـەو مانایە بـووە کـە تورکیـا بـەر لـەوەی هەناردەکـەر بـێ، پتر لـە هەنـاردە، هـاوردەی هەبێـت. بەپێـی راپۆرتـی ئاژانسـی ئەنـادۆڵ و ئامـاری ناوەنـدی سـەرژمێریی دەوڵەتـی تورکیـا TUIK بارسـتی هەنـاردەی تورکیـا لـە حـەوت مانگـی یەکەمـی سـاڵدا گەیشـتە **96** ملیـار و **272** ملیـۆن دۆلار و بارسـتی هاوردەشـی گەیشـتە **143** ملیـار و **23** ملیـۆن دۆلار و کەمایەسـیی بازرگانیـی دەرەکیشـی گەیشـتە **46** ملیـار و **950** ملیـۆن دۆلار. بەشـی هـەرە زۆری هەنـاردەی تورکیـا بـۆ ئەڵمانیـا، بەریتانیـا، ئەمریـکا، ئیتالیـا و بەشــی هــەرەزۆری هاوردەشــی لــە چیــن، رووســیا، ئەڵمانیـا و ئەمریـکاوە بـووە.

لەراسـتیدا، باڵانسـی نەرێنیـی بازرگانـی (لاسـەنگبوونی بازرگانی)

دەبێتەهـۆی ئـەوەی لـە تورکیـادا دراوی بیانـی زیاتـر پێویسـت بـێ و هـەر ئەوەیـش دەبێتـە هـۆی هەڵکشـانی نرخـی دۆلار. بۆیـە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی کاریگـەری نهێنیـی گەمـارۆکان پێویسـتە تورکیـا پێویسـتی و حەوجێیـی بـە دراوە دەرەکییەکانـی وەك دۆلار کەمبکاتـەوە و بەپشتبەسـتن بـە ئاڵوگـۆڕ لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچەکـە و یـەك لـەوان هەرێمـی کوردسـتان، هەوڵبـدات بەهـای لیـرە بەرزبکاتـەوە.

چـوارەم، تورکیـا هەوڵـدەدا سـەرچاوە داراییەکانـی خـۆی پەرەپێبـدا و لـەو پەیوەندییەشـدا ئەردۆغـان بـەو دواییانـە رایگەیانـد، وڵاتەکـەی بـۆ یەکەمجـار دەیـەوێ قەواڵـەی دارایـی لەسـەر بنەمـای "یـوان" بخاتـە دەر کـە ئێسـتا لەروانگـەی ئەنکـەرەوە بـە پێویسـتییەك هەژماردەکرێـت.

پێنجـەم، تورکیـا شـێلگیرانە هەوڵـدەدا پـەرە بـە بازاڕەکانی خۆی بـدات. پەیوەندییەکانـی تورکیـا لەگـەڵ رووسـیا لـە پەرەگرتـن و گەشەسـەندندان. مۆسـکۆ وزە و بەتایبەتـی گاز بـە تورکیـا دەدا و ئەنکەرەیـش باوەشـی بـۆ گەشـتیارانی رووسـی کردووەتـەوە. چینیـش لەچوارچێـوەی جـادەی ئاوریشـمی نوێـدا، دەسـتیکردووە بـە سـەرمایەگوزاری لـە تورکیـادا.

لەلایەکـی دیکـەوە، تورکیـا بەشـێوەیەکی بەربـڵاو، دەسـتیکردووە بـە سـەرمایەگوزاری لـە ئەفریقـا. کردنـەوەی هـەر باڵوێزخانەیەکـی تورکیـا لـە هـەرکام لـە وڵاتانـی ئەفریقاییـدا لـە خزمەتگوزارییەکانـی کۆمپانیـای فڕۆکەوانیـی تورکیـش ئێرلایـن کـە کۆمپانیایەکـی فڕۆکەوانیـی جیهانییـە سـوودمەند دەبـێ و زۆربەی ئـەو سـەفەرانەیش لـە ئەسـتەنبۆڵەوە دەبـن یاخـود دێنـەوە ئەسـتەنبوڵ.

هەروەهـا ئەنکـەرە چاوەڕێـی ئەوەیـە کاتـی بنیاتنانـەوە و ئاوەدانکردنـەوەی سـووریا و ئێـراق بـگات و کۆمپانیاکانـی بیناسـازیی ئـەو وڵاتـە لەریـزی یەکەمـدا بـن. ئەگەرچـی کۆمپانیـا

تورکییەکان دە ساڵ دەبێ هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ئەمڕۆ بوونەتە گەورەترین هاوبەشی ئابووری و بازرگانیی هەرێم. ئێستا تورکیا لەسۆنگەی گەمارۆکانی ئەمریکاوە لێی روون بووەتەوە کە پێویستە پەیوەندییەکانی بەتایبەتی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بەتایبەتی هەرێمی کوردستاندا پتەوتر بکات.

## ئەنجام

گرنگیی هاوپەیمانی و هاوبەشیی ستراتیژیی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا پاش گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرکەوتنی بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی دوو ئەکتەرەکە لە ناوچەکەدا، تووشی ئاڵوگۆڕ بووە. لەو پەیوەندییەدا سەپاندنی گەمارۆکانی ئەمریکا بەسەر تورکیادا و گرژییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەو دوو ئەندامەی ناتۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا بۆ گەیشتنی بەو دووردیمەنە پێناسەکراوە ئابوورییەی لە 2023دا وەك بەدەستهێنانی پێگەی دەیەم ئابووریی هەرەبەرزی جیهان، تووشی کۆسپ و لەمپەری گەورە بێت. دۆخێك کە تورکیا ناچار دەكات بۆ تێپەڕاندنی، وێڕای جڵەوکردنی قەیرانەکە، ئینجا سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا لەسەر بنەمای پێویستییە ئابوورییەکان پێناسە بکا و دایانبڕێژێتەوە.

ڕەهەندێکی پێویستییە ئابوورییەکانی گرژیی نێوان ئەنکەرە و ئەمریکا، سەرهەڵدانی بەرهەڵستکار و دژایەتییە نێوخۆییەکانە لەگەڵ سیاسەتی پەلاماردەرانەی تورکیا لە ناوچەکە و هێرشەکانی سوپای تورك بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە کە لە درێژخایەندا تێچووی زۆر قورس دەخاتە سەر ئابوورییە ناسك و لەرزۆکەکەی ئەو وڵاتە. هەر بۆیە گەمارۆکان و دابەزینی نرخی لیرە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی ئیتر تورکیا وەك ساڵانی پێشوو کە ئابوورییەکی بەهێزی هەبوو، نەتوانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەکەیفی خۆی تەراتێن

و سەرچڵی بکات و شێوازی هەڵسوکەوتی تورکیا کە زۆردەمێکە بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەگەڵ کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هێزە نەرمەکەی خۆی لەدەستدابوو، ئەمجارە هێزە سەخت و زبرەکەیشی لەدەستدەدات.

لایەنێکی دیکە کە ئەم ئابوورییەی بەرهەمی گەمارۆ داراییەکانی سەر تورکیایە و بەسەریدا دێ، شێوازی دۆستایەتی و دوژمنایەتیی زاڵبووی جیۆپۆلیتیکی ناوچەی دەوروبەری تورکیایە کە دەبێ لەسەر بنەمای فاکتەری ئابووری بازرگانی رێکبخرێتەوە و لە ئاکامدا بەهێزکردنی هاوکاری و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لەگەڵ دراوسێکان و یەك لەوان هەرێمی کوردستان بخرێنە سەرووی هەموو شتێکەوە. دۆخێك کە دەبێتە هۆی بەرزتربوونەوە و گرنگبوونی پێگەی جیۆئێکۆنۆمی هەرێم لە سیاسەتە ناوچەییەکانی تورکیای سەردەمی گەمارۆکانی ئەمریکا.

**سەرچاوەکان:**


https://blogs.mediapart.fr/sebastien-boussois/blog/190818/de-quoi-le-soutien-du-qatar-la-turquie-est-il-le-no

https://asia.nikkei.com/Politics/International-Relations/China-money-flows-into-Turkey-as-crisis-creates-opening

http://www.lepoint.fr/monde/le-qatar-vole-au-secours-d-erdogan-16-08-2018-2244008_24.php

https://www.middleeasteye.net/news/turkey-s-currency-and-debt-crisis-834190688

https://orientxxi.info/magazine/bras-de-fer-entre-la-turquie-et-les-etats-unis,2587

http://www.globaltimes.cn/content/1115725.shtml

# گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و دەرفەتەکانی هەرێمی کوردستان

د. حەمید حەشەمدار
و: رەسووڵ سوڵتانی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و دەرفەتەکانی هەرێمی کوردستان

د. حەمید حەشەمدار
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

**پێشەکی**

چل ساڵ بەسەر شۆڕشەکەی ئێراندا تێدەپەڕێ و هێشتا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا هەر لە گۆڕان و هەڵکشان و داکشاندایە. ئەو بابەتە بە سەرنجدان بە ستراتیژییە مەزنەکانی هەردوو لایەنی ئێران و ئەمریکا شیاوی هەڵسەنگاندنە.

کۆماری ئیسلامی بە دۆکتورینی چەسپاندن و پەرەپێدانی سیستەمی ئیسلامی و پاراستنی بەرژەوەندی ئوممەتی ئیسلام، دەیەوێ هزر و بیری خۆی لە چوارچێوەی هەناردەکردنی شۆڕشدا بڵاوبکاتەوە و پەرەی پێبدات و ئەمریکاش دەیەوێ بەسەر گۆی زەوی و تەنانەت سەرووی گۆی زەویشدا زاڵبێت. کەوابوو دژبەرییەکی ئاشکرا لە ئامانجە مەزنەکانی ئەو دوو وڵاتەدا بەدیدەکرێت.

**بۆچی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە هەڵکشان و داکشاندایە؟**

هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ روانین و چۆنێتیی دەستڕاگەیشتن

بـەو ئامانجـە مەزنانـە. جـاری وایـە سیاسـەتمەداری وا هاتوونەتـە سـەر دەسـەڵات کـە شـێوازەکانیان نەرمونیانـتر بـووە و هێندێکیشـیان ڕژد و بەتەوژمـتر جووڵاونەتـەوە. کەسایەتیگەلێکی وەك ترەمـپ و ئەحمـەدی نـەژاد و خاتەمـی و رووحانـی و ئۆبامـا... ئەگەرچـی لـە قۆناغگەلـی جیـاوازی دەسـەڵاتی ئـەو کەسایەتییانەشـدا بنەمـای ئامانجـەکان گۆڕانێکیـان بەسـەردا نەهاتـووە و هیچـکام لەلایەنەکانـی ئـەو مشـتومڕانە نەیانتوانیـوە لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتـی و ناوچەییـدا دان بـە پێگـەی ئەویـتردا بنێـن. کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـەردەوام هەوڵیـداوە، پێـش هەمـوو شـتێك ئاسـتی دەستڕۆیشـتوویی و نفـووزی ئەمریـکا لـە ناوچەکـەدا کەمبکاتـەوە و ئەمریکایـش بەردەوام ویسـتوویەتی لە ئاسـتی ناوچەکـەدا ئێـران لاوازبـکات و لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیشـدا بیهاڕێـت.

## گەمارۆکان

لـە هەشـتەمی مانگـی مایسـی ساڵی 2018ـدا دۆناڵـد ترەمـپ چوونـەدەرەوەی ئەمریـکای لـە بەرجـام ڕاگەیانـد و هەمـوو ئـەو گەمارۆیانـەی کـە لەسـۆنگەی ڕێککەوتنـە ناوکییەکـەوە هەڵپەسـێردرابوون، هێنایـەوە جێـی خـۆی. ئامانجـی ئـەو گەمارۆیانـە، بەشـە هەسـتیارەکانی ئێـران وەك وزە و پێترۆکیمیـا و ئاڵوگۆڕەکانـی دراو بـووە. بەپێـی ئـەو جـۆرە گەمارۆیانـە، مۆڵەتێکـی 90 یـان 180 ڕۆژە دراوە بـۆ ئـەوەی هەمـوو ئـەو چالاکییانـەی لـە سـۆنگەی ئـەم ڕێککەوتنامەیـەوە ڕاگیرابـوون، بخرێنەوەگـەڕ.

لـەم وتـارەدا ئێمـە نامانـەوێ بزانیـن ڕێگەچـارەی کێشـەی نێـوان ئەمریـکا و ئێـران چییـە، بەڵکـوو بـە کورتـە ئاوڕێـك لەسـەر هـۆکار و فاکتـەرە مەزنەکانـی ئەوململانـێ چـل سـاڵەیە، بـە شـوێن ئەوەدایـن، گەمارۆکانـی ئـەم دواییانـەی ئەمریـکا بەسـەر ئێرانـدا تاوتوێبکەیـن و بزانیـن چ ئاسـەوارێکیان لـە سـەر ناوچەکە بەتایبەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت.

## گەمارۆ سەپاوەکانی 4ی نۆڤەمبەری 2018

لەسەر بنەمای کۆتاییهاتنی قۆناغی درێژکردنەوەی هەڵپەساردنی گەمارۆکان لە 6ی ئۆگۆستی 2018ـدا دەوڵەتی ئەمریکا، دووەم خولی گەمارۆکانی خۆی دەخاتەگەڕ کە بریتین لە:

- گەمارۆی کڕینی دۆلاری ئەمریکی لەلایەن ئێرانەوە.
- گەمارۆی بازرگانییەکانی ئێران لە بواری ئاڵتوون و کانزا بەهاداره‌کان.
- گەمارۆی فرۆشتن، خستنەڕوو، ڕاگوێستنی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆی گرافیت، کەرەستەی خاو یان کانزا نیوەدروستکراوەکانی وەك ئەلەمینیۆم و ستیل و بەردەخەڵووز و نەرمە ئامێرەکانی یەکپارچەکردنی پرۆسەی پیشەسازی.
- گەمارۆی هێنان و ڕاگوێستنی گرنگی پەیوەندیدار بە کڕین و فرۆشتنی تمەن یان ڕاگرتنی سندووقەکان یان حیسابەکانی تمەنی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.
- گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە کڕین یان هاوبەشی یان ئاسانکاریی بۆ قەرزە حکومییەکانی ئێران...
- گەمارۆی پیشەسازیی دروستکردنی ئۆتۆمبێل.
- هاوردەی فەرش و ماددەی خۆراکیی ئێرانی بۆ ئەمریکا و هێندێ معاملەی دارایی...
- هەناردەکردنی سەرلەنوێی فڕۆکەی نەفەرهەڵگر یان خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیدار بە پارچەکانی.

- گەمارۆی سوودمەندیی بەندەرەکان و کەشتیسازی و ڕاگوێستنی دەریایی کە ئەو هێڵ و ڕێگە دەریاییانە دەگرێتەخۆ، کۆماری ئیسلامی کاڵایان پێدا رادەگوێزێت.
- گەمارۆی ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەندیدار بە نەوت و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران و کڕینی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان یان پێترۆکیمیایی لە ئێران.

- گەمارۆی ئاڵوگۆڕە داراییەکانی دامەزراوەگەلی بیانی لەگەڵ

بانکی ناوەندیی ئێران و دامەزراوە داراییەکانی ئێران.
- گەمارۆی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەتی پەیامگەلی دارایی بۆ بانکی ناوەندیی ئێران و دامەزراوە داراییەکانی ئێران لە ژێر چاودێری بەشی 1245ی یاسای رێگەپێدانی بەرگریی نیشتمانی.
- گەمارۆی خزمەتگوزارییەکانی بیمە.
- گەمارۆی بەشی وزەی ئێران.

پاش رێکەوتە دەسنیشانکراوەکان، ئەو کەسانەی لەو چالاکیانەدا بەشدار بوویێتن، گەمارۆکانی خولی دووەم دەیانگرێتەوە.

پاش رێکەوتی 5ی نۆڤەمبەری 2018ـیش ئەمریکا، کۆمەڵێك گەمارۆی گونجاو دەخاتە سەر ئەو کەسانەی لە لیستەی هاووڵاتییە بژاردە و تایبەتییەکان OFAC (دەفتەری کۆنترۆڵی دارایی دەرەوە) سڕدراونەتەوە و ئەوانەی کە خراونەتە لیستی رەشەوە.

## ئـ
## پێشینەی گەمارۆکان لە جیهاندا

گەمارۆ ئابوورییەکان پێشینەی زۆر دووردرێژیان هەیە. پریکلێس، سیاسەتڤان و جەنگسالاری ئەسینایی ساڵی 432ـی پێش زایینیش هەوڵیدابوو لەرێگەی گەمارۆی ئابوورییەوە گوشار بخاتەسەر نەیارەکانی و بە ئامانجەکانی خۆی بگات. باسوخواسی کاریگەریی گەمارۆکانیش پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە. ئاخۆ بەو شێوەیە دەکرێ وڵاتێك ناچار بکەیت سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێت؟

گری هاڤباور و هاوکارەکانی لە ئەنستیتۆی پێترسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی (PIIE) لە ئەمریکا، لە ساڵی 1990ـەوە دەستیان کردووە بە پێکهێنانی بانکێکی زانیاریی مەزن لەو بارەیەوە. ئەوان 200 گەمارۆیان لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ئێستا کۆکردووەتەوە و لێیان کۆڵیونەتەوە. کریستیان فۆن زۆست، سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی ئاشتی و تەناهیی ئەنستیتۆی لایبنیتس بۆ لێکۆڵینەوەی ناوچەیی GIGA لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا، لە بارەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان

ب

## توانای سنووره وشکانی و دەریاییەکانی ئێران بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی گەمارۆکان

لە ئەمریکا لە **200** گەمارۆ دەڵێ: "ئەوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە یەك لەسەر سێی ئەو گەمارۆیانە، بوونەتە هۆی گۆڕانی هەڵسوکەوتی لایەنی بەرانبەر. زۆر لێکۆڵەریش ئاستێکی نزمتر واتە **5%**یان تۆمارکردووە.

**1 - تورکیا:** درێژایی سنووری نێوان دوو وڵاتەکە **680** کیلۆمەترە کە **454** کیلۆمەتری وشکانییە و باقییەکەی ئاوە. تورکیا بەردەوام لەسەر بابەتگەلی ئابووری بەشێوەی فەرمی و نافەرمی ئامادەی رێککەوتنە و ئێستاش لەسۆنگەی گەمارۆکانی ئەمریکاوە، بە کەمپەینی دژەئەمریکایی ئاسیادا دەچێتەوە.

**2 - عێراق:** ئێران و عێراق، درێژترین سنووریان پێکەوە هەیە. درێژایی ئەو سنووره **1609** کیلۆمەترە کە **1258** کیلۆمەتری وشکانییە و **351** کیلۆمەتری ئاوییە. بە گوێرەی لێکنزیکیی کولتووری و ئایینی و رەچەڵەکیی کوردەکان و رەوت و بزووتنەوە سیاسییە هاوئاراستەکانیان، هەلێکی لەبار لە نێوان ئێران وعێراقدا هەیە.

**3 - قەتەر:** قەتەر لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵیداوە لە ئاستێکی دۆستانەدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا بپارێزێت. سەرەڕای ئەوەی قەتەر لە ئەنجومەنی هاوکاریدا و هاوکاتبوونی لەگەڵ ئیدیعاکانی ئیماراتدا، سەرکردەکانی دوو وڵاتی ئێران و قەتەر پەیوەندییە دوولایەنەکانی خۆیان پاراستووە. پاش کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستان و قەتەر، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ قەتەردا باشبووەتەوە.

**4 - عەمان:** عەممان وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لە سەر یەك پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا باشە. ئێران بە یارمەتیدەری سوڵتان قابووسی پادشای عەممان لە جەنگی زەففاردا بە کردەوە دەسەڵاتەکەی ئەوی لە رووخان پاراست و ئەو مەسەلەیە تەنانەت بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامییش بوو بە رەگ و بنەمای پەیوەندیی باشی دوولایەنە. سنووره ئاوییەکانی

ئـەو وڵاتـە و نزیکایەتیـی لەگـەڵ بەنـدەری چابەهـار دەرەتانێکـی گونجـاو بـووە بـۆ ئاڵوگـۆڕی بازرگانیی فەرمـی و نافەرمیـی دوولایەنە.

5 - **پاکســتان:** درێژایــی ســنووری نێــوان ئــەو دوو وڵاتــە 978 کیلۆمەتـرە کـە 755 کیلۆمەتـری وشـکانی و 223 کیلۆمەتـری ئـاوە. لـە سـەرنجدان بـە هەڵوێسـتی ئەرێنیـی عومـڕان خـان بەرامبەربـە پەیوەندیـی سیاسـی و ئابـووری لەگـەڵ تـاران و هەروەهـا سـنوورە دەریایــی و وشــکانییە بەربــڵاوەکان، دەکــرێ بــە گرنگییــەوە لــەو وڵاتـە بـۆ چالاکیـی ئابـووری بڕوانیـن.

6 - **ئەفغانسـتان:** درێژایـی سـنووری دوو وڵاتەکـە 945 کیلۆمەتـرە کـە 709 کیلۆمەتـری وشـکانی و 236 کیلۆمەتـری ئـاوە. پەیوەندیـی درێژخایەنـی ئێـران و ئەفغانسـتان و هاتوچۆی بەرچـاوی هاووڵاتییانی ئەفغانــی بــۆ ئێــران، دەرەتانــی بــۆ چالاکیــی ئابووریــی نافەرمیــی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە رەخسـاندووە.

7 - **تورکمانســتان:** ئێــران و تورکمانســتان ئەگەرچــی ســنووری وشــکانیی هاوبەشــیان هەیــە بــەڵام بەشــێکی زۆری ئــەو ســنوورە رووبارەکانـی سـنووری نێوانیانـە. درێژایـی سـنووری نێوانیـان 922 کیلۆمەتـرە. مێـژوو و کولتـووری هاوبەشـی تورکمانەکانـی ئێـران و هاووڵاتییانـی تورکمانسـتان و گرنگیدانـی ئـەو دواییانـەی بەرپرسـانی ئـەو وڵاتـە بـە ئاڵوگـۆڕ و هاوکاریـی ئابـووری و نێودەوڵەتـی، ئـەو وڵاتـەی کردووەتـە بژاردەیەکـی دی بـۆ چالاکیـی ئابووریـی فەرمـی و نافەرمـی.

8 - **رووسـیا:** رووسـیا یەکێکـە لـە وڵاتانـی ئەندامـی هەمیشـەیی ئەنجومەنـی تەناهـی کـە ئێسـتاش پەیوەندییەکـی بـاش و خۆشـی لەگـەڵ ئێـران هەیـە و خۆیشـی کەوتووەتـە بـەر گەمارۆکانـی ئەمریـکا. بەوتـەی راوێـژکاری بارزگانیـی ئێـران لـە رووسـیا: بەپێـی ئامـاری گومرکـی رووسـیا، ئاسـتی هەنـاردەی ئێـران بـۆ رووسـیا لـە سـاڵی 2017ـدا لەچـاو 2016 بەرێـژەی 30% زیادیکـردووە و لـە 303 ملیـۆن دۆلارەوە گەیوەتـە 392 ملیـۆن دۆلار.

9 - **ئەرمەنستان:** لە نێو دراوسێکانی ئێراندا ئەوەی کورتترین سنووری وشکانیی لەگەڵ ئێران هەیە، ئەرمەنستانە. درێژایی ئەو سنوورە 48 کیلۆمەترە. ئێران لەنێوان دراوسێکانیدا کەمترین کێشەی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەیە. هەردوو وڵاتەکە پەیوەندیی زۆر بەهێزی ئابووریيان لەگەڵ یەکتر هەیە و ئەو پەیوەندییەیش لەپاش سەربەخۆبوونی ئەرمەنستانی دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی، هەر بەردەوامبووە.

10 - **کۆماری ئازەربایجان:** ئێران و کۆماری ئازەربایجان 759 کیلۆمەتر سنووریان پێکەوە هەیە کە 175 کیلۆمەتری وشکانییە و 584 کیلۆمەتریشی ئاوە.

لەسەریەك و بەپێی دەرەتانە زمانی و کولتوورییەکانی سنوورنشیانی ئێران و وڵاتانی دراوسێ، دەرەتانی سوودوەرگرتن لە جوگرافیای سیاسیی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆکان، هەڵکەوتەیەکی باش و تایبەتی هەیە.

ج

## جۆراوجۆریی هەناردە غەیرە نەوتییەکانی ئێران

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ئێران لە ساڵی 2017ـدا بڕی 92 ملیار دۆلار کاڵای بۆ باقی وڵاتان هەناردە کردووە کە ئەو بڕە لەچاوی ساڵی رابردوو 26% زیادیکردووە.

| | بەهای پێنج مانگە 17 ملیۆن دۆلار | بەهای پێنج مانگە 96 ملیۆن دۆلار | رێژەی گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|
| هەناردەی غەیرەنەوتی (کاڵا و شلە گازییەکان) | 19318 | 16990 | 13.7 |
| هەناردەی غەیرە نەوتی (بەبێ شلەگازییەکان) | 17148 | 14189 | 21 |
| هاوردەی کاڵا | 18893 | 20913 | 9.7 |
| بازرگانیی گشتی | 38211 | 37903 | 1 |
| ئاستی بازرگانی (وێڕای شلەگازییەکان) | 425 | -3923 | 111 |

هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی- قابیلی گۆڕین

| | 4 مانگە | ساڵی 1397 | 4 مانگە | ساڵی 1396 | ڕێژەی گۆڕانکاری | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری کاڵاکان | بەها | کێش | بەها | کێش | بەها | کێش |
| گوڵ و گیا | 167 | 103 | 110 | 64 | 52 | 59 |
| وشکە | 319 | 131 | 344 | 129 | -_6 | 1.9 |
| بەرهەمی ئاژەڵی | 323 | 134 | 172 | 110 | 30 | 22 |
| میوە و تەرە | 403 | 1315 | 208 | 824 | 94 | 60 |
| شیرنەمەنی | 328 | 166 | 176 | 141 | 29 | 18 |
| پیشەسازیی قابیلی گۆڕین | 413 | 284 | 3018 | 230 | 29 | 23 |
| شیرەمەنی | 168 | 109 | 257 | 149 | -34 | -26 |
| کۆی شتومەك | 1926 | 2246 | 1586 | 1650 | 21 | 36 |

http://farsi.tpo.ir/uploads/tahlil_4_mahe_1397_mahsolate_keshavarzi.pdf

د

## نادياريی كۆتايی گەمارۆكان

ئەگەر ئێران لێی ڕوون نەبێ كە گەمارۆكان كەی تەواودەبن، كاریگەریی گەمارۆكان سنووردار دەبێت. گەمارۆیەك كە كۆتايی و میكانیزمەكەی دیار نەبێ، تەنیا يەك پەيامی تێدايە: ئامانج ڕووخاندنی ڕژێمەكەيە و ئەو پەيامەش يەك وەڵامی هەيە: ڕژێمەكە هەموو توانای خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەخاتەگەڕ.

هـ

## ناهەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ سەپاندنی گەمارۆکان (گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا)

ئەگـەر بەرەیـەك لـە وڵاتـە گەمـارۆدەرەکان دژی وڵاتـە گەمارۆدراوەکـە پێکنەیـە و گەمـارۆدەرەکان ناکۆکیـان لەنێوانـدا هەبێ، کەوابـوو ڕێگـەی دەربازبـوون لـەو گەمارۆیانـە زۆر دەبێـت.

و

## جۆراوجۆریی هەناردەکەر و هاوردەکەر و ئەو بەرهەمانەی هاوردەدەکرێن

ڕێژەی هەنارده و هاورده لە ساڵانی 1384 ـ 1396 و پێنج مانگەی 1397ـدا

| ساڵ | ڕێژەی هەناردەی غەیرەنەوتی لە چاو هاوردە(بەبێ شلەگازییەکان | ڕێژەی هەناردەی غەیرەنەوتی لە چاو هاوردە (بە شلەگازییەکانەوە | ڕێژەی هاوردە لە چاو هەناردەی غەیرەنەوتی (بەبێ) شلەگازییەکان) | ڕێژەی هاوردە لەچاو هەناردەی غەیرە نەوتی (بە) شلەگازییەکانەوە) |
|---|---|---|---|---|
| 1384 | 28.0 | 28.0 | 3.59 | 59.3 |
| 1385 | 31.0 | 40.0 | 3.21 | 50.2 |
| 1386 | 32.0 | 43.0 | 3.16 | 29.2 |
| 1387 | %23 | 41.0 | 3.05 | 41.2 |
| 1388 | %39 | 46.0 | 2/59 | 16.2 |
| 1389 | 0.41 | 0.51 | 2.44 | 1.97 |
| 1390 | 0.55 | 0.71 | 1.83 | 1.41 |
| 1391 | 0.61 | 0.78 | 1.64 | 1.29 |
| 1392 | 0.64 | 0.84 | 1.57 | 1.19 |
| 1393 | 0.68 | 0.95 | 1.46 | 1.05 |
| 1394 | 0.86 | 1.02 | 1.16 | 0.98 |
| 1395 | 0.84 | 1.01 | 1.19 | 0.99 |
| 1396 | 0.73 | 0.86 | 1.36 | 1.16 |
| 1397 | 0.91 | 1.02 | 1.10 | 0.98 |

# هاوردەی شتومەك بۆ پێداویستیی گشتی

ئـەو پێداویسـتییانە لـە سـێ مانگـی سـەرەتای ئەمساڵیشـدا بریتیبـوون لـە "پارچـە و کەلوپەلـی بەرهەمهێنانـی ئۆتۆمبێـل بایـی 541 ملیـۆن دۆلار، ئالیـک و گەنمەشـامی بـۆ مـاڵات و پەلـەوەر بایی 436 ملیـۆن دۆلار، برنـج بایـی 375 ملیـۆن دۆلار، فاسـۆلیای سـوور بایـی 373 ملیـۆن دۆلار و مۆبایـل بایـی 192 ملیـۆن دۆلار بـووە.

دە کاڵای گشتیی هاوردە لە پێنج مانگەی 1397ـدا

| پلەی پێنج مانگەی 97 | کۆدی پسوولەباج (تعرفه) | ناوی کاڵا | نرخی هاوردە لە پێنج مانگەی 1397 ملیۆن دۆلار | ڕێژەی پشکە بەهای کۆی هاوردە | ڕێژەی گۆڕانی بەها، لە چاو پێنج مانگەی 1396 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 98870312 | پارچە و کەلوپەل بۆ دروستکردنی ترۆمبێل ریزی 8703 بەنزینی بە بارستی سیلەندر CC2000 کە 14% تا کەمتر لە 315ی بەرهەمی ناوخۆیە | 882 | 4.7 | 104 |
| 2 | 10063000 | برنج | 863 | 4.6 | -13 |
| 3 | 10059010 | گەنمەشامی بۆ ئاژەڵ | 814 | 4.3 | 33 |
| 4 | 1201900 | فاسۆلیای سۆیا بەبێ دەنك بە وردکراوی | 595 | 3.2 | 40 |
| 5 | 85451100 | ئەلکترۆدی خەڵوز بۆ کوورەکان | 246 | 1.3 | 393 |
| 6 | 85171210 | پارچە و کەلوپەل بۆ دروستکردنی ترۆمبێل ریزی 8703 بەنزینی بە بارستی سیلەندر CC2000 کە 50% و زیاتریشی بەرهەمی ناوخۆ بووە. | 240 | 1.3 | 93 |
| 7 | 98870314 | کەلوپەل و پارچەی مەکینەی جۆراوجۆر | 204 | 1.1 | -20 |
| 8 | 84014000 | مۆزی سەوزی تازە یان وشککەوەکراو | 202 | 1.1 | 603.588 |
| 9 | 0831000 | جۆ، جگە لە بنەتۆی چاندن | 200 | 1.1 | -11 |
| 10 | 10039000 | | 197 | 1.0 | 69 |
| | | دە کالا | 4443 | 23.5 | 37 |

## کڕیاری کاڵا ئێرانییەکان

زیاتریـن کڕیـاری کاڵا ئێرانییـەکان لـە سـێ مانگـی یەکەمـی ئەمساڵدا بریتیبـوون لـە چیـن، کـە بایـی 2 ملیـار و 245 ملیـۆن دۆلار، ئیـمارات بایـی 2 ملیار و 123 ملیـۆن دۆلار و عێـراق بایـی ملیارێـك و 769 ملیـۆن دۆلار و ئەفغانسـتان بـای 788 ملیـۆن دۆلار و کۆماری کۆریـا بایـی 748 ملیـۆن دۆلار و باقی وڵاتانیـش بایـی 3 ملیـار و 944 ملیـۆن دۆلاریـان کەلوپـەل لـە ئێـران کڕیـوە.

## ئەو وڵاتانەی زیاترین هەناردەیان بۆ ئێران هەیە

ئـەو وڵاتانـەی زیاتریـن هەناردەیـان بـۆ ئێـران هەیـە، لـەو ماوەیـەدا بریتیـن لـە چیـن کـە بایی 2 ملیـار و 936 ملیـۆن دۆلار و ئیـمارات ملیارێـك و 692 ملیـۆن دۆلار و کۆمـاری کۆریـا 712 ملیـۆن دۆلار و ئەڵمانیـا 573 ملیـۆن دۆلار و تورکیایـش بایـی 551 ملیـۆن دۆلاریـان کاڵا بـۆ ئێـران هەنـاردووە.

## دەرفەتەکانی گەمارۆ

لـەو وڵاتانـەی سـەرەوەدا دەبینیـن کـە ساتوسـەودای هەنـاردە و هـاوردەی ئێـران زیاتـر لەگـەڵ ئـەو وڵاتانەدایـە کـە دەرەتانـی ئەلتەرناتیڤیـان تێدایـە یـان لـە دەرەوەی بلۆکـی ئەمریـکادان و هەوڵـدەدەن بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئێرانـدا بپارێـزن.

**پەیوەندیی ئابووریی دوولایەنەی ئێران و هەرێمی کوردستان**

پـاش رووخانـی سـەددام و دامەزرانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، پەیوەندیـی ئابـووری و بازرگانیـی ئێـران و بەشـە جیاجیاکانـی حکومەتـی هەرێـم لـە حاڵەتـە نەریتـی و کۆنەکـەی جـاران تـرازاوە و بـووە بـە دانوسـتانێکی فەرمیـی ئابـووری لەگـەڵ بەشـە جیاجیاکانـی حکومـی و کەرتـی تایبەتـدا. ژووری بازرگانیـی هەولێـر لەگـەڵ ناوەنـدە بازرگانییـە هاوشـانەکانی خـۆی، دەسـتیکرد بـە هاوکاریـی تـازە. سـنوورە وشـکانی و هاوبەشـەکان لـە سـێ سـنووری تەمەرچین/حاجـی ئۆمـەران و باشـماخ و پەروێزخـان چـالاك بـوون و زیاتـر لـە 70%ی کاڵای هەنـاردەی ئێـران لـەو سـێ سـنوورەوە بـۆ شـوێنەکانی دیکـەی عێـراق بەڕێدەکرێـن.

کوردستانی عێراق، لە سۆنگەی پەیوەندی و خاڵە هاوبەشە مێژوویی و کولتووری و زمانییەکانییەوە، بەردەوام جێی گرنگییپێدانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بووە و پەیوەندیی گەلێك باش و بنیاتنەرانەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. ئینجا ئێرانیش یەکەم وڵات بوو کە پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ هەرێم دروستکرد و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی کونسولخانەی کردەوە و هەموو ساڵێ وەفدی سیاسی و ئابووری و بەرپرسانی هەردوو لایەن هاتوچۆیان هەبووە و تا ئێستا زیاتر لە **42** ڕێککەوتن و گرێبەستی جۆراوجۆر لەنێوان پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان، ئیسفەهان و هەمەدان لەگەڵ هەولێر و سلێمانی مۆرکراوە.

ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام لە پەرەگرتندا بووە. ئاستی هەناردەی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق لە **145** ملیۆن دۆلاری ساڵی ٢٠٠١ گەیشتووەتە **4700000** ملیارد دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٨ـدا و **5/7** ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٣ـدا. کوردستان پشکی **55%**ی هەناردەی زیاتر لە **14** ملیار دۆلار بۆ عێراقی پێدەبڕێت. زیاتر لە **70%**ی هەناردەی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق لەرێگەی هەرێمی کوردستان و لە سنوورەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخ و پەروێزخانەوەیە.

جگە لە بەشی حکومی کە پرۆژەکانی کارەبا و هێڵی تەلەفۆن و ڕاگواستن و ئاسنەڕێ و بەشی تەکنیکی و ئەندازیاری و کاروباری بیناسازی و جادە و بەنداو دروستکردندا چالاکیی هەیە، بەشە تایبەتییەکانیش لە هەولێر و سلێمانی لە هەموو بوارەکاندا چالاکن و بازرگان و کۆمپانیای زۆریش داواکارن ڕێیان پێبدرێت لە هەرێمی کوردستاندا چالاکیی ئابووری و بازرگانییان هەبێت. **100** کۆمپانیای ئێران لە هەولێر و **105** کۆمپانیا لە سلێمانی چالاکن و **470** کۆمپانیای ئێرانی تۆمارکراون و زۆر زیاتریشیان لەگەڵ هاوبەشە کوردەکانی خۆیان بەناوی کۆمپانیای خۆوڵاتییەوە تۆمارکراون. ڤیزەی

پـازدە ڕۆژە لـە سـەرەتای هاتنـە نێـو هەرێـم و دامەزراندنـی هێڵی ئاسـمانیی ماهـان ئەیـر سـێ ڕۆژی هەفتـە بـۆ تـاران و پێچەوانـە و هێڵـی جاددەیـی بـۆ هاتووچـۆ بەپـاس لەنێـوان هەولێـر و ورمـێ و دامەزراندنـی هێڵـی ئاسـمانیی تـاران، سـنە، سـلێمانی ڕێگـەی هاتوچـۆی بـۆ بازرگانـە ئێرانییـەکان خۆشـتر کـردووە و هێڵـی ئاسـمانیی تـاران و ورمـێ و هەولێـر دیسـان دامەزرانـەوە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی خەرجـی لـە داهاتـی زیاتـر بـوو لـە کۆتایـی 2013ـدا داخـران.

سـەفەری سـەرۆکوەزیرانی هەشـت دەوڵەتـی ڕابـردووی هەرێـم بـۆ تـاران و ڕاوێـژی بەرپرسـانی هـەردوو وڵات بـۆ بەهێزکـردن و پەرەپێدانـی پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانـی و سیاسـییەکان کـە هەمـوو سـاڵێ بەردەوامبـووە و ئێـران دەورێکـی زۆری لـە پێکهێنانـی هاوپەیمانیـی شـیعە و کـوردەکان و پەرەپێدانـی هاوکارییـە ئابوورییەکانـدا هەبـووە.

لـە سـاڵی 2013ـدا تەنیـا لـە سـنووری حاجـی هۆمـەران زیاتـر لـە 1.2 ملیـۆن کـەس هاتوچۆیـان هەبـووە کـە زیاتـر لـە نیـوەی ئـەو ژمارەیـە، کـورد و عـەرەب بـوون و چوونەتـە ئێـران. ئاسـتی سـەفەرە زیارەتـی و گەشـتیاری و پزیشـکییەکانی خەڵکـی ئەو دوو وڵاتـە سـاڵانە زیاتـر لـە 3 ملیـۆن کەسـە.  سـاڵی ٢٠١٣ لـە چلـەی ئیـمام حوسێنـدا زیاتـر لـە 700 هـەزار ئێرانـی بەشـداربوون.

لـە بەشـی خزمەتگوزارییـە تەکنیکـی و ئەندازیارییەکانـدا 75% خزمەتگوزاریـی هەنـاردەی ئێـران لـە عێـراق دەکـرێ و کـە زیاتـر لـە 2 ملیـار دۆلاری ئـەو پرۆژانـە بـە کۆمپانیـا ئێرانییـەکان ئەسـپێردراوە و پشـکی کوردسـتانیش لێـی یـەك ملیـار دۆلارە. بەپێـی دوایـن ئامـار، وزەی کاری وەرزانـە و هەمیشـەیی ئێـران لـە هەرێمـدا زیاتـر لـە 20 هـەزار کەسـە کـە هێندێـك ئامـاری نافەرمـی دەڵێـن 50 هـەزار کەسـە. بەپێـی ئامـارەکان، ڕۆژانـە 150 ترۆمبێلـی خسووسـی و زیاتـر لـە 200 کامیـۆن و زیاتـر لـە 3 تـا 4 هـەزار کـەس ڕۆژانـە بـە حاجـی ئۆمەرانـدا هاتوچۆدەکـەن.

بەدرێژایی مێــژووی گەمارۆکانــی ئـەم گـۆی زەوییـە، هەمیشـە دەرفەتگەلێــك هەبــوون کــە بوونەتــە ســەرچاوەی بازرگانــی و زیادکردنــی ســوود و قازانــج بــۆ هــەردوولا. دەرفەتــی هەنــاردە بــۆ وڵاتــی گەمــارۆدراو و گەشــتیاری و تەندروســتی و کولتــووری و سروشــت و تــاد.

گرینگترین خشتەی نیشاندەری هاوردە لە ماوەی پێنج مانگەی ساڵی 1397ـدا

| پلەی | ناوی وڵات | بەهای هاوردە لە پێنج مانگی 1397 ملیۆن دۆلار | کێشی هاوردە لە پێنج مانگەی 1397 هەزار تۆن | ڕێژەی پشکە بەهای گشتیی هەناردە | ڕێژەی گۆڕانی بەها لەچاو پێنج مانگەی 1396 | ڕێژەی گۆڕانی کێش لە چاو پێنج مانگەی 1396 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چین | 4838 | 1467 | 25.6 | 3 | -15 |
| 2 | ئیمارات | 2668 | 1773 | 14.1 | -29 | -8 |
| 3 | کۆماری کۆریا | 1250 | 456 | 6,.6 | -15 | -22 |
| 4 | هیند | 1201 | 911 | 6.4 | -8 | -20 |
| 5 | ئەڵمان | 969 | 344 | 5.1 | -15 | 32 |
| 6 | تورکیا | 923 | 523 | 4,9 | -27 | -33 |
| 7 | سویسرا | 849 | 1639 | 4.5 | 0 | 3 |
| 8 | ڕووسیا | 515 | 615 | 2.7 | 117 | 34 |
| 9 | هۆڵەندا | 493 | 1023 | 2.6 | -2 | -8 |
| 10 | فەرەنسا | 478 | 40 | 2.5 | -22 | -25 |
| 11 | سەنگاپوور | 471 | 1147 | 2.5 | 25 | 41 |
| 12 | ئینگلتەرا | 430 | 1126 | 2.3 | -26 | -30 |
| 13 | ئیتالیا | 426 | 58 | 2.3 | -27 | -31 |
| 14 | عەممان | 267 | 281 | 1.4 | 318 | 513 |
| 15 | ژاپۆن | 253 | 53 | 1.3 | 3 | -7 |
| 16 | بەرازیل | 249 | 381 | 1.3 | 29 | 718 |
| 17 | ئیسپانیا | 200 | 182 | 1.1 | 24 | -1 |
| 18 | بەلژیك | 197 | 25 | 1.0 | -18 | -78 |
| 19 | سوید | 189 | 32 | 1.0 | -6 | 53 |
| 20 | نەمسا | 164 | 209 | 0.9 | 23 | 114 |
| کۆی | بیست وڵات | 17040 | 12296 | 90 | -9 | -3 |

## ئێستا با ئاوڕ له هەندێ بابەتی دەوروبەر بدەینەوە:

**1** - ئاستی هاوردەکاری لە وڵاتی ئیماراتەوە وەك وڵاتی نێوبژیوان، نیشاندەری توانای هەرێمی کوردستانە لە وەئەستۆگرتنی بەشێك لە رۆڵی ئابووریی ئیمارات. لەوانەیە ئەم پرسیارە بکرێ کە باشە خۆ هەرێمی کوردستان چواردەوری گیراوە، ئەو رۆڵە چۆن دەگێڕێت؟

**وەڵامەکە زۆر سادەیە، ئەویش بریتییە لە بەرهەمەکانی "های تەك" یان پیشەسازیی پێشکەوتوو.**

ئەگەر بمانەوێ بەبێ وردبوونەوەی پسپۆڕانە و بە زمانێکی سادە پیشەسازیی پێشکەوتوو پێناسەبکەین، دەتوانین وەك پیشەسازییەك باسی بکەین کە تێیدا زانست رۆڵی زۆر لە ئەزموون زیاترە و زۆر بەخێراییش گۆڕانی بەسەردا دێت. تەمەنی پیشەسازییەکی پێشکەوتوو ئەوپەڕەکەی ساڵێکە، لە حاڵێکدا تەکنۆلۆژیا نەریتییەکان تێونجی تەمەنیان زیاتر لە دە ساڵە.

**جۆرەکانی پیشەسازی پێشکەوتوو لەتوێی ئەمانەدا پۆلێن دەکرێن:**

- پیشەسازیی پێشکەوتووی ئەلکترۆنی، یان پیشەسازیی دیزاین و دروستکردن، کە کۆمپیوتەر و بوارەکانی دیکە و بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ئەلکترۆنی و پەیوەندییەکان لەخۆدەگرێ جگە لە پرۆسەکانی مۆنتاژ S.K.D.

- پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێ کە بەرهەمهێنانی سیرامیکە پێشکەوتووەکان و کامپۆزیت و پلیمەرە پێشکەوتووەکان و کەرەستەی گەیەنەری خێرا لەخۆ دەگرێت.

- پیشەسازیی بایۆتەکنۆلۆژی کە بەرهەمگەلی دەرمانیی پێشکەوتوو و تەواوکەرە خۆراکییەکان و بایۆپلیمەر و

ریاکتـــۆرە بایۆلۆژییـــەکان و وردەی بایۆتەکنۆلۆژییـــەکان و جۆرەکانـــی هێـــزدەری بایۆلـــۆژی لەخۆدەگرێـــت.

- پیشەســازی ئۆپتیـک و لێـزەر کـە بریتییـە لـە جۆرەکانـی لێنـز، ئامێرەکانـی بەکارهێنانـی لێـزەر، فایـبری تیشـک، کریسـتالەکان و تـوێ تـوێ نازکـی ئۆپتیکـی و ئایتۆمیکانیـک.
- ئۆتۆماســیۆنی پیشەســازی و سیســتەمە زیرەکــەکان کــە سیســتەمەکانی کۆنترۆڵـی پرۆسـە و کۆنترۆڵـی گەرمـا و سەنسۆر(حەســاس) و ڕۆبۆتــەکان لەخۆدەگرێــت.
- نانۆتەکنۆلۆژیـا: ئـەو پیشەسـازییە لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانـی کارەبـا و کۆمپیوتـەر و پزیشـکی و ژینگـە و وزەدا بـەکار دێـت.
- پیشەسازیی پەیوەندیدار بە ئای تی (IT) .
- پیشەسـازیی پەیوەندیـدار بـە سیسـتەمەکانی ئایرۆدینامیـك و میکانیکـی فڕۆکـەی سـڤیل و تەکنۆلۆژیـای کەشـتییە ئاسـمانگەڕەکان.
- وزەی نـوێ، وەك پاتـری و وزەگـۆڕە هەتاوییـەکان (ئەوانـەی وزەی خـۆر دەگـۆڕن و دەیکەنـە کارەبـا).

کەوابـوو دەکـرێ لەگـەڵ ئـەم دۆخـەدا و بەپێـی گەمـارۆکان، هەرێمـی کوردسـتان بکرێتـە جێگـرەوەی ئیماراتـی یەکگرتـوو. دەکـرێ ئەمـە تورکیـاش بگرێتـەوە وئەمـە ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوچەکـەدا بەرجەسـتەدەکات. ئەمجـۆرە لـە چالاکـی پێویسـتی بـە خیرایـی و هۆشـمەندی هەیـە و دەبـێ بەرنامەیەکـی تۆکمـەی بـۆ دابڕێژرێـت.

2 - بــە ســەرنجدان بــە کەمبوونــەوەی خــەرج لــە وڵاتــی گەمــارۆدراو و دابەزینــی بەهــای پــارەی نیشــتمانی، دەکــرێ

بـواری گەشـتیاری سـەد هێنـدە گەشـە بـکات.

کەوابـوو روون و ئاشـکرایە کـە دەکـرێ ئـەو هەلـە سـەرەڕای هەمـوو کێشـە و گرفتەکانـی و وێـڕای گوشـارە ئابوورییەکـەی بەسـەر ئێرانـدا، بکرێتـە دەرفەتێکـی ئابووریـی دیکـە و بـە هەنـدێ هـەوڵ و تێکۆشـانی زیاتـر ئـەوە مسـۆگەردەبێت.

لـە کۆتاییـدا دەبـێ ئـەوە بڵێـم کـە باسـکردنی ئـەو بابەتگەلـە بـەو مانایـە نییـە کاریگەریـی گەمـارۆکان لەبـەر چـاو نەگریـن و بەهەندیـان نەگریـن، بەڵکـوو بـۆ ئەوەیـە هەوڵبدەیـن و بـۆ ژیـان و هیواداربـوون بـە ژیـان لـەم ناوچەیـەدا. لەوانەیـە ئێـوەش لەگەڵـم هـاوڕا بـن کـە ئەگـەر بـە روانینێکـی تاکڕەهەنـدی لـە گەمـارۆکان بڕوانیـن و تەنیـا رەش و سـپی ببینیـن، بەدڵنیاییـەوە دۆخێکـی دڵخوازمـان بـۆ نایەتـە پێـش، بـەڵام ئەگـەر بـە نیـگا و دڵێکـی هیـواداروەوە بەشـوێن دۆزینـەوەی رێگەچـارە و رێـی دەربازبوونـدا بڕۆیـن و هەوڵـی بـۆ بدەیـن، بـە دڵنیاییـەوە ژیـان جوانـتر دەبێـت.

**سەرچاوەکان:**


اسفندیاری، امیر. ساختار سازمان تجارت جهانی. . تدبیر، ش. شماره158 (تیر 1384)

آیت محمدی. سیری در تاریخ سیاسی کرد. انتشارات پرسمان. 1382

و. نیکیتین - کرد و کردستان ترجمە محمد قاضی - نشر درایت 1363.

ساختار سیاسی حکومت اقلیم کردستان/ مرکز مطالعاتی استراتژیک اورسام ساختار سیاسی حکومت اقلیم کردستان/ مرکز مطالعاتی استراتژیک اورسام خبرگزاری کردپرس-بخش فارسی

Anthony H. Cordesman (September 23, 2008). "The US, Israel, the Arab States and a Nuclear Iran. Part One: .(Iranian Nuclear Programs" (PDF

Center for Strategic and International Studies. Retrieved September 25, 2010

Iran Investment Monthly. Turquoise Partners (April 2012). Retrieved July 24, 2012

http://www.kurdishglobe.net/get-pdf-file/KurdishGlobe-2011-54-16.pdf?ID=286

http://farsi.tpo.ir/uploads/amalkard_5_mahe_foreign_trade.pdf

.http://erbil.mfa.ir/index

/https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/04/23

https://donya-e-eqtesad.com

meybodema.ir/?p=4418

https://www.eghtesadnews.com/.../221374

www.tccim.ir/ImpExpStats_TarrifCustomCountry.aspx?slcImpExp...sYear=1397

www.tpo.ir

# کاریگەری دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان

ئازاد حاجی ئاقایی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# کاریگەری دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان

ئازاد حاجی ئاقایی |

**دەستپێك:** دوابەدوای دەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ناوەکی و ئەگەری بڕیاری قەدەخەکردنی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە -4ی نۆڤەمبەرو چڕبونەی گرژی نیوان ئەمریکا و تورکیا، وا دێتەبەرچاو، دوو وڵاتی ئێران و تورکیا خەریکن لە رووی ئابووری و سیاسی تا رادەیەکی زۆرتر لێکنزیک ببنەوە. هاوکات حکوومەتی ناوەندی عێراقیش بەشێوازێکی ناڕوون بریاریداوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی لەگەل سیاسەتی ئەمەریکا هاوئاهەنگی نیشانبدات و تەڤلی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئیران بێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر بەم شێوازە هەڵوێستێکی ڕوونی دەرنەبڕیوە و وادێتەبەرچاو، زۆرتر چاوەڕوانی پێشهاتەکان بێت. بەڵام هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووری و سیاسییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری و گوشاری ئەم دوو وڵاتەدایە. لەلایەکی دیکەشەوە رەنگە بەهۆی گوشارەکانی حکوومەتی ناوەندەی و ئەمەریکاش هەرێمی کوردستان لە سیاسەتە ئابوورییەکانی خۆیدا تووشی کێشە بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بگۆڕانە، ئەم وتارە لەچوارچێوەی ئابووری سیاسیدا هەوڵدەدا بە هەلسەنگاندنی رەوش و ئەگەرەکانی داهاتوی

سیاســی و ئابــووری و ڕادەی بازرگانــی ئــەم دوو وڵاتــە لەگــەڵ هەرێمــی کوردســتان، کاریگــەری دۆخــی ئابــووری ئێــران لەســەر سیاســەت و ئابــووری هەرێمــی کوردســتان تاوتــوێ بــکات.


**دۆخــی ئێســتای ئابــووری سیاســی ئێــران:** دوابــەدوای دەرکەوتنــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا لــە ڕێککەوتنــی ناوەکــی (بەرجام) سیســتەمی ئابــووری ئێــران و بــە تایبــەت نرخی دراوە دەرەکییــەکان لــەم وڵاتــە زۆرتــر وەک پەرچەکردارێکــی ســایکۆلۆژیک، بــەردەوام ڕووی لــە بەرزبونــەوە کردووە. ســەرەڕای ئەوەیکــە ئــەم پەرچەکــردارە تارادەیــەک لایەنــی ســایکۆلۆژی بەســەردا زاڵبــوە (بەهــۆی ئەوەیکــە تــا ئێســتا گەمارۆکانــی ئەمەریــکا نەگەڕاونەتــەوە و ئــەم وڵاتــە بــەردەوام نەوتــی خــۆی هەنــاردەی دەرەوە کــردووە) بــەڵام بەشێکیشــی دەگەڕێتەوە ســەر مایەپوچبوونــی بانکــە ئێرانییــەکان و گەندەڵــی ئابــووری ئێــران. ئــەم هۆکارانــە هاوتەریــب لەگــەڵ مەترســی گەڕانــەوەی ســزاکان بۆســەر ئێــران وایانکــردووە دۆخــی ئابــووری ئێــران جارێکیــتر بگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی ســاڵانی 1980ی زایینــی؛ تاکــو ئێســتا نزیکــەی 50 کۆمپانیــای نێودەوڵەتیــی چالاک لە بــوارە جیاجیاکانی پیشەســازی، بــازاڕی ئــەم وڵاتەیــان جێهێشــتووەو بڕیاروایــە ئەگــەر ئێــران پابەنــدی داخوازییەکانــی ئەمەریــکا و پەیوەســتبوون بــە سیســتەمی شــەفافیەتی ناونەتەوەیــی بانکــی-FTAF نەبــێ، گەمــارۆی زیاتــری بخرێتــە ســەر؛ هەروەهــا ســەرلەنوێ سیســتەمی ســویفت بــەڕووی ئێــران دابخرێتــەوە و هەناردەکردنــی نەوتــی ئــەم وڵاتــەش ڕابگیرێــت. کــۆی ئــەم ئەگەرانــە گرێــدراوی بڕیــاری ئێــران بــۆ وتوویــژ لەگــەڵ ئەمەریــکا و گــۆڕانــی کــردەی سیاســی ئێــران لــە ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــە. هەربۆیــە ئــەم کێشــە ئابوورییانــە پێویســتە لــە ڕوانگــەی ئابــووری سیاســیەوە ئاوڕیــان لێبدرێتــەوە.

**دۆخــی ناوخۆیــی ئابــووری ئێــران:** دۆخــی ئابــووری ناوخــۆی ئێرانیــش بــەم هــۆکارە ئامــاژە پێکراوانــە بــەرەو دارمــان هەنــگای نــاوە. بەرەوچاوکردنــی نرخــی لــە ڕادەبــەدەر زۆری هەڵاوســانی ئابــووری ئێــران، ســەرۆکی ژووری بازرگانــی ئێــران لــە هەواڵێکــی

بڵاوکـراوە لـە ڕۆژی 12/9 /2018 لـە ماڵپـەڕی ئیقتسـادنیوزدا ئامـاژەی کردۆتـە سـەر دواڕۆژی پڕمەترسـیی ئێـران و پێشـبینی ڕوودانـی قات و قڕی کـردووە لە ئەگـەری پێشـڤەچوونی دۆخەکە بـەم شـێوازەی کـە ئێسـتا هەیـە. بەشـێک لـە هۆکارەکانـی ئـەم دۆخـە چاوەڕوانکـراوەش دەگەڕێتـەوە بۆسـەر گرانبوونـی بەهـای دۆلار لـە مـاوەی 7 مانگـی ڕابـردوودا، کـە لـە 3 هـەزارو 800 تمەنـەوە گەیشـتۆتە نزیکـەی 15 هـەزار تمـەن. ئەمـەش بـە گوێـرەی 7 مانـگ پێـش ئێسـتا، بەهـای کەلوپەلـی نزیکـەی 240% گرانـتر کـردوە. سـەرەڕای ئـەوەی دەنگـۆی گەڕانـەوەی سیسـتەمی ئابـووری کۆپـۆن؛ ئەمجـارە لـە شـێوەی ئەلکترۆنـی لـە ئارادایـە؛ بـەڵام حکومـەت هـاوکات هەوڵیـداوە دەرمـان، بەنزیـن، ئـارد و گەنـم، برنـج و مریشـک هـەر بـە دۆلاری 4400 تمەنـی دابینبکات. بـەڵام ئـەوەش لـە داهاتـودا کیشـە سـازە؛ لەبـەر ئەوەیکـە بـە پێـێ ڕاپۆرتـە حکوومیـەکان دراوسـێکانی ئێـران بـە کەڵکوەرگرتـن لـەم دەرفەتـە توانـای دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی ڕۆژانـەی خۆیـان لـە ئێـران بـۆ دەرەخسـێت. بـۆ نمونـە؛ هـەر لیـتر بەنزیـن لـە ئێـران بـە نرخـی 11 سـەنتی ئەمریکـی دەفرۆشرێـت؛ کەچـی نرخـی بەنزیـن لـە بازاڕەکانـی ئێـراق نزیکـەی 60 سـەنتە و لـە ئەفغانسـتان و پاکسـتان نزیکـەی 70 سـەنتە. نرخـی کیلۆیـەک گۆشـتی مریشـک لـە ئێـران بـە هـۆی سوبسـیدە حکومیـەکان کەمـتر لـە دۆلارێکـە و ئـەم نرخـە لـە بـازاڕی جیهانـی نزیکـەی 2.7 دۆلارە. لـەم دۆخـەدا پەرەپێدرانـی قاچاخـی کاڵا و شـتومەک بـۆ وڵاتانـی دراوسـێ حکوومەتـی ئێـران دەخاتـە تەنگـەژە و هـەر ئەمـە وایکـردووە دۆخەکـە بـۆ ئەگـەری گەڕانـەوەی کۆپـۆن لەبارتـر بێـت.

## نرخی هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران لە ماوەی 10ساڵی ڕابردوو

نرخی مانگانەی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان





شیکردنەوە و دەربڕین ئیحسان سوڵتانی وەرگیراو لە بانکی ناوەندی (هەرمانگ بەنسبەی مانگی ڕابردوو)

لەلایەکی دیکەشەوە حکوومەت بۆ قەرەبوکردنەوەی گوشارە ئابوورییەکان، خۆی بەردەوام نرخی دۆلار بەرز دەکاتەوە تاکوو بتوانێت مووچەی فەرمانبەران و پێداویستیەکانیتری حکوومەت لە ڕێگای بەرزکردنەوەی نرخی دۆلاری نەوت دابینبکات. بەڵام ئەم کردەیەی حکوومەت وەک شمشێری دامۆکلس وابووەو تاوەکوو ئێستا توانیویەتی ببێتە هۆکاری نارەزایەتی زۆرتری خەڵک. بەڵام ئابووریی نەخۆشی ئێران تاکوو ئێستا ئەمەی وەکی باشترین ڕێگاچارە بۆ دەرمانکردنی خۆی گرتۆتەبەر.


• ڕادەی هەڵچوونی نرخی دۆلار لە کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەمە نیشانیدەدات کە ئەم هەڵچوونە زۆرتر پەیوەندی بە سیاسەتە ئابوورییەکانی حکوومەتەوە هەبوە نەک گوشارە دەرەکیەکان بەڵام لەم ناوەدا کارناسانی ئابووری ئێرانی پێیانوایە، ئەگەرهەڵکشانی نرخی دۆلار هەر بەم ڕەوتە بەرەو پێش بڕوات، تا نەورۆزی ئەمساڵ گەیشتن بە نرخی **40** هەزار تمەن ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە و ئەمە ئێران تووشی دیاردەی زۆر مەترسیداری ستاگفلێشێن دەکات. لە نوێترین ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی

### ڕێژەی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە 5ساڵی ئەوەلی کابینەی سەرۆکایەتی کۆمار




پەرلەمانـی ئێرانـدا کـە ڕۆژی هەینـی **14** سـێپتەمبەر لـە ماڵپـەڕە فەرمیەکانـی حکوومـەت بڵاوکراوەتـەوە، ئامـاژە دەکرێتەسـەر گەشـەی نەرێنـی ئابـووری ئێـران لـە **0.5**- تـا کـوو **2.8**- و هۆکارەکەشـی بـۆ سـزاکانی ئەمەریـکا دەگەڕێنێتـەوە و ئەمـەش ئاماژەیەکـە بـۆ دارمانـی ئابـووری ئـەم وڵاتـە. بـەڵام ئەمـە وەک لایەنێکـی خۆشـاردنەوە لـە

### پێشبینی نرخی دۆلاری ئازاد بەپێی 6مانگی یەکەمی ساڵ



هەڵاوسانی ئابووری ئێران بەهۆی گەندەڵی زۆرەوە دێت.

• بەرهەمهینانی نەوت و ئەگەری سزای هەناردەکردنی نەوتی ئێران

سەرەڕای ئەوەیکە ئێرانیەکان لەو چەنساڵەی دواییدا هەوڵی زۆریانداوە ئابووری وڵاتەکەیان گرێدراوی تاکە بەرهەمی نەوت نەبێت، بنەمای ئابووری ئێران هەر لەسەر هەناردەکردنی نەوت دامەزراوە. لە ئەگەری سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بۆسەر ئێران، بڕیاروایە لە -4ی نۆڤەمبەری ئەمساڵ هەناردەکردنی نەوتی ئێران توشی گرفت بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر ئیستاکەش بەپێی راپۆرتەکان، کۆریای باشوور، ژاپۆن و هیندستانیش وەک کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران رادەی کڕینی نەوتیان لە ئێران کەمکردۆتەوە یان لە ژێر گوشارەکانی ئەمەریکادا لەهەوڵی راگرتنیدان. هاوکات کۆمپانیا گەورەکانی دڵنیایی-ش چیتر خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەو نەوت هەڵگرانە ناکەن کە نەوتی ئیرانی دەگوازنەوە. کۆی ئەمانەش زەختێکی زۆرتری لە بەشی ئابووری ئێران داناوە.

ئەم ئەگەرانە لەگەل دابەزینی نەرخی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی ئێران هاوکاتن. بەپێی ئامارەکانی رێکخراوەی ئۆپێک، بەرهەمی نەوتی ئێران نزیکەی 29 هەزار بەرمیل لە مانگی حوزەیران و لە مانگی تەمووزیشدا نزیکەی 56 هەزار بەرمیل لە رۆژیکدا دابەزیوە و لە مانگی 8 دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت گەیشتۆتە 150 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا. بەپێی داتاکانی ئەم رێکخراوە، لەماوەی سێ مانگی رابردووەوە، بەگشتی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت رۆژانە 235 هەزار بەرمیل کەمیکردووە. ئەم ئامارە نیشانیدەدات کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئیران بەبەراورد لەگەل ساڵی 2016 ، 42% کەمیکردووە.[2]

بەڵام لەم ناوەدا دیارنیە ئاخۆ لە دوای -4ی نۆڤەمبەر،

هەناردەکردنـی نەوتـی ئیـران چـی بەسـەر دێـت. بەپێـی ڕاپۆرتـی ناوەنـدی لێکۆڵینەوەکانـی پەرلەمانـی ئیرانـی، لەئەگـەری ڕووبەڕووبوونـەوەی ئێـران لەگـەڵ سـزای فرۆشـتنی نـەوت، ئەگـەری ڕوودانـی دوو سـیناریۆ لەئارادیـە: سـیناریۆی یەکـەم، دابەزینـی بەرهەمهینانـی 500 هـەزار بەرمیـل نـەوت لـە ڕۆژێکـدا، دابەزینـی 22% بەرهەمهێنانـی سـەیارە؛ دابەزینـی 5.2% پێشەسـازی (جگـە لـە پیشەسـازی کەرتـی خـواردن، مـادە کیمیاییـەکان) و دابەزینـی 9% هاوردەکـردن لـە نیـوەی دووهەمی ئەمسـاڵەوە. سـیناریۆی دووهەم ڕەشـبینانەتر دەڕوانێتـە ئەگەرکان و پێیوایـە بەرهەمهێنانـی نـەوت لـە ئیـران ڕۆژانـە 1 ملوێـن بەرمیـل دادەبەزێـت، بەرهەمهێنانـی سـەیارە 45% کەمدەبێتەوە و پێشەسـازییەکان ( جگـە لـە کەرتـی خـواردن و مـادە کیمیاییـەکان) 5% دادەبــەزن و هاوردەکــردن 18% دادەبەزێــت[3].

**ڕۆڵـی سـوپای پاسـداران و حکومەتـی ڕۆحانـی لـە بەرزبونـەوەی نرخـی دۆلار:** ئامـاژە بـۆ ڕۆڵـی سـوپای پاسـداران لـە ڕاڤـەی کاریگەرییەکانـی دۆخـی ئابـووری ئێـران لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان خـاوەن گرنگییەکـی تایبەتـە. ئەمـەش بەهـۆی پێگـەی ئابـووری ئـەم ڕێکخراوەیـە لـە ئێرانـدا؛ زۆرجـار لەلایـەن سـەرۆککۆمارەکانی ئەمدواییانـەی ئێـران، سـوپای پاسـداران وەک کابینەیـەک لەنـاو کابینـە یـان دەوڵەتـی خـاوەن تفەنـگ نـاوزەد کـراوە. شرۆڤەکارانـی کاروبـاری ئێـران پێیانوایـە کاروبـاری ئابـووری ئـەم ڕێکخراوەیـە ئەوەنـدە بەربـڵاوە کـە لەئاکامـدا دەرفەتـی بـۆ کاری ئابـووری و بازرگانـی کەرتـی تایبـەت نەهێشـتۆتەوە. لەسـەر بنەمـای زانیارییەکانـی ماڵپـەری (خاتـم الانبیـا)، سـوپای پاسـداران وەک ڕێکخراوێکـی گرنگـی ئێرانـی

2 OPEC, monthly oil market repot, 12 september 2018

3 https://bit.ly/2p5bd5d
https://bit.ly/2p5GKUL

لـە زۆر بەشـی ئابـووری و بازرگانیـدا خەریکـی کاروچالاکیـە. مەهـدی کەڕووبـی لـە نامەیەکـی ساڵی رابـردوودا ئامـاژەی کـردە سـەر خاڵێکـی گرنـگ؛ بەهـۆی ئەوەیکـە گەمـارۆ ئابوورییەکانـی سـەر ئێـران قازانجـی خەیاڵـی تێدایـە، بەشـێکی دەسـەڵات و سـوپای پاسـداران پێیانخۆشـە گەمـارۆکان بـەردەوام بـن. جیـا لـە گرێبەسـتە زەبەلاحەکانـی بەشـی نـەوت و گاز، بینـا سـازی، بەنـداو، پیشەسـازی، تەلەفـۆن و...تـاد، سـوپای پاسـداران لەڕێگای شـاراوە بـۆ شـکاندنی گەمـارۆکان، بازرگانییەکـی گـەورەی گرتۆتـە دەسـت. بـۆ نمونـە ماڵپەری بازتـاب لـە ڕێکەوتـی **16-6-2013** لە ڕاپۆرتێـک دا ئامـاژەی کردۆتەسـەر داهاتـی زەبەلاحـی **40** هـەزار میلیـارد تمەنـی برایان[مەبەسـت سـوپای پاسـداران]. لـە راپۆرتـی وەزارتـی ئابـووری ئێـران لـە مانگـی **8**-ی **2013** دا هاتـووە، سـاڵانە **19** میلیـارد دۆلار شـتومەکی قاچـاخ دێتـە نـاو ئێـران و ئەمـە بەواتـای ئەوەیـە **35%**ی هـاوردەی ئێرانـی لـە سـاڵی **2012** لـە ڕێگـەی نایاسـاییەوە هاتۆتـە نـاو ئـەم وڵاتـە. (بڕوانـە ڕاپۆرتـی سـاڵانەی وەزارەتـی ئابـووری ئێـران لـە مانگـی **8**-ی **2013**). بـە سـەردانێک بـۆ ماڵپـەڕی (خاتـم الانبیـا) – کـە وەک ناوەنـدی ئابـووری سـوپا دەناسرێـت- ڕادەی بەربڵاویـی چالاکییـە ئابوورییەکانـی سـوپا ڕووندەبێتـەوە. لەسـەرەتای سـاڵی **2014** محەمـەد تەقـی ڕەهبـەر سـەرۆکی فراکسـیۆنی ڕوحانیـون-ی پەرلەمـان ئامـاژەی کردەسـەر ئەوەیکـە ناوەندەکانـی ئابـووری و بانکەکانـی سـەربە سـوپای پاسـداران سـەربەخۆ دەجوڵێنـەوە و یاسـاکانی پەرلەمانـی ئێـران ڕەچاوناکـەن و گـوێ بـۆ بانکـی ناوەنـدی ئێـران ناگـرن.

گرنگـی ئـەم فاکتـەرە تـا ڕادەیەکـە کـە زۆرێـک لـە شـارەزایانی کاروبـاری ئێـران ئێسـتا پێیانوایـە بەشـێک لـە گرانـی نرخـی دۆلار لـە ئێـران دەگەڕێتەوەسـەر ڕۆڵـی سـوپا لـە ئابـووری ئێـران و هـەر کاتێـک ویسـتبێتیان زەخـت و گوشـار بخرێتـە سـەر دەوڵەتـی ڕۆحانـی نرخـی دراوی دەرەکیـان خسـتۆتە لـەرزە. ئـەم خاڵـە لـە دواڕۆژا دەتوانێـت بـۆ هەرێمـی کوردسـتانیش مایـەی کێشـەی زۆر بێـت.

## سەرلێشێواوی بازاری دراوی ئێران لە نێوان کابول و سلێمانی

پێویستە لەسەر بنەمای دەستێوەردانی ناوەندەکانی تایبەتی دەرەوە و ناوخۆی ئێرانیش ڕۆڵی بازاڕەکانی گۆڕینەوەی پارەی دەرەکی لە دەرەوەی ئێران لەبەرچاو بگیرێت. بەتایبەت ڕۆڵی بازاڕی سلێمانی کە بۆی هەیە هەندێک ناوەندی تایبەت دەوری تایبەتی خۆیانی تێدا بگێڕن. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی حەراسەت-ی وەزارەتی کاروباری ئابووری ئێران، ئەمەریکا لەڕێگای دراوسێیەکانی ئێرانەوە خەریکی گوشارخستنەسەر پارەی ئێرانیە و ئەم کارە بەهۆی ئاڵوگۆڕی پارەی دەرەکییەوە ئەنجامدەدات[4]. مەسعوود دانشمەند سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران و ئیماراتی عەرەبی، بە ئاماژەکردن بە ڕۆڵی گوشارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆسەر ئێران پێیوایە، بەهۆی گوژمەی زۆری ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ئیمارات، لە ئێستادا ئەمە ڕووی لە داکشان کردووەوە و ئەو ڕۆڵەی ئیمارات پێشتر دەیگێڕا، ئێستا لە نێوان سلێمانی و کابولدا دابەشکراوە. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری نیمچەفەرمیی ئیسنا، مەسعوود دانشمەند پێیوایە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی لەئاستی 10%-ی ئاڵوگۆڕی ئێران لە گەڵ دوبەی دایە[5]. یەکێک لەهۆکارەکانی گرنگی بازاڕی سلێمانی گرێدراوی ئەوەیە کە تا دووساڵ پێش ئێستا، پەیوەندییە بازرگانی و داراییەکانی ئێران لەڕێگای دوبەیەوە دەکرا و ئەم ڕێگایە دوای گوشارەکانی ئەمەریکا و وڵاتە عەرەبیەکان بۆ سەر ئێران، بۆ سلێمانی و کابول گوازراوەتەوە. هۆکارە نافەرمییەکەی ئەمەش سعوودی و ئەمەریکایە کە بەهۆی پارەیەک کە داویانە بە چەندکەسێک تاوەکوو دراوی دەرەکی ناو ئێران دەربکێشن. چوونکە زۆرجار دۆلار لە سلێمانی بەهای زۆرتر بووە لەلایەکی دیکەش پارەی ئێرانی 'سپەچک' لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان کۆ دەکرێنەوە و ناگەڕێندرێنەوە بۆ ئێران. هەر ئەمەش هۆکاریکە بۆ ئەوەیکە ڕۆڵی دوبەی لە نێوان کابول و سلیمانی دابەشکرابێت. بەڵام بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئێران لەڕێگای هەرێمەوە دەتوانێت و تارادەیەکیش توانیویەتی ئەم دەرفەتە بۆ خۆی بقۆزێتەوە؛ لەکاتێکدا سیستەمی سویفت بەرەو ڕووی ئێران داخراوە یان دادەخرێت،

دۆلار و دراوە دەرکیەکانیتر لەڕێگای ناياسایی هەرێمەوە بۆ ئێران هاتوون. هەر ئێستاکە ڕۆژانە نزیکەی **5** ملیون دۆلار لە ڕێگای کابۆلەوە دەچێتە ناو بازاڕەکانی ئێران و ئەمە ئابووری و بازرگانیی ئەفغانستانی بەرەو لێواری هەڵدێر بردووەو نرخی پارەی نیشتیمانی ئەم وڵاتەشی دابەزاندوە. لە ئەگەری ئاسانکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆخێکی لەم چەشنە، ئەگەری ڕوودانی ئەم حاڵەتە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش چاوەڕوانکراوە[6].

4 https://bbc.in/2NIWpXX

5 https://bit.ly/2NGEql6

6 https://bit.ly/2paAKdt

## پەیوەندیە بازرگانییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان

پەیوەندیـە بازرگانییەکانـی ئێـران و هەرێمـی کوردسـتان بـەردەوام لـە بەرژەوەنـدی ئێرانـدا بـوە. لەمیانـەی چاوپێکەوتنـی رۆژنامـەی شـەرق-ی ئێرانـی[7] لەگـەڵ سـەرۆکی ژووری بازرگانـی ئێـران و عێراق جەهانبەخـش سـنجابی ئامـاژە دەکاتەسـەر خاڵێکـی گرنـگ؛ ئێسـتاکە دوای وڵاتـی چیـن، عێـراق دووهـەم شـەریکی بازرگانـی ئێرانـە و ئەگـەر دۆخەکـە هـەر بـەم شـێوازە بێـت، عێـراق دەتوانێـت لـە کاتی گەمـارۆ و سـزا ئابوورییەکانـدا رێـگای هەناسـە هەڵکێشـانی ئێـران بێـت. هـەر بەپێـی ئـەم دیمانەیە تـا سـاڵی 2012، 72%ی هەناردەی ئێـران بـۆ عێـراق لـە ریگـەی کوردسـتانەوە بـووەو ئـەم داتایە لـە سـاڵی 2014 گەیشـتۆتە 56%. تـا سـاڵی 2013 نرخـی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لەگـەڵ عێـراق گەیشـتۆتە 12 ملیـاردۆلار. بەپێـی راپۆرتـی بەشـی ئابـووری جـام نیـوز؛ ئێـران لەمـاوەی داخسـتنی دەروازە سـنوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـەدوای ریفرانـدۆم نزیکـەی 2 میلیـارد دۆلار توشـی زیـان بـووە. عەلـی دیلمەقانیان سـەرۆکی ژوری بازرگانـی لـە دیمانەیـەک لەگـەڵ دەزگای هەواڵنێـری ئیلنا ئامـاژەی کردۆتەسـەر ئـەم بـڕە زیانـە و هـاوکات ئامـاژەی بـەوەش کـردوە لـەم ماوەیـەدا هەنـاردەی تورکیـا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان 120% زیادیکـردووە. ئامـاری ئاڵوگـۆڕی ئێـران لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان لەسـاڵی 2016، بەپێـی بـەراوردەکان گەیشـتۆتە 8 میلیـارد دۆلار و لـەم نـاوەدا زۆربـەی ئـەم داهاتـە پشـکی هەناردەکردنـی کەلوپەلـی ئێرانـی بـۆ هەرێـم بـوە. ئـەم بـڕە پارەیـە دەتوانـێ ببێتـە هۆکارێـک تـا لـە کاتـی تەنگانـەدا دەرفەتـەکان لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بقۆزرێنـەوە.

## چاوەڕوانییەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان لە ئەگەری چڕبوونەوەی گەمارۆکان

هـەروەک خولـی پێشـوی گەمارۆکانـی سـەر ئێـران کـە ئـەم وڵاتـە وەک دەرفەتێـک بـۆ خۆدەربازکـردن لـە گەمـارۆکان سـەیری هەرێمـی کوردسـتانی دەکـرد؛ ئەمجـارەش واپێدەچـێ ئێـران بەهـۆی ئـەو ناوەنـدە بازرگانییانـەی لـە هەریمـی کوردسـتان هەیەتـی، هەوڵبـدات رێـگای دەربازبـوون لـە گەمـارۆکان بدۆزێتـەوە. ئەمـە لـەدوو رێـگاوە بـۆ ئێـران دەسـتەبەر دەبێـت؛ یەکـەم هەرێمـی کوردسـتان وەک ناوەندێکـی هەناردەکردنـەوەی دووبـارەی Re-expert کەلوپەلـی ئێرانـی لـێ بێـت. ئەمـەش

خـۆی گرێـدراوی ئەگـەری ڕوودانـی دوو کێشـە لەنـاو ئێرانـە؛ یەکـەم ئەگـەری بەربەسـت و ئاسـتەنگیە سـەپێنراوەکان لەسـەر ئێـران و دووهـەم لەناوچونـی زەمینـەی بازرگانـی نێـوان ئێـران و جیهانـی دەرەوە. بۆیـە ئێـران خوازیـاری ئـەوە دەبێـت هـەم کەلوپەلـی ئێرانـی لەڕێگـەی هەرێمـی کوردسـتانەوە بڕواتـە دەرەوە و هەمیـش لـە نەبونـی بەسـتێنی یاسـایی بـۆ گەڕانـەوەی پـارە بـە دۆلار یـان پارەیـتری بیانـی، چاوەڕوانـە بەکەڵکوەرگرتـن لـە دەرفەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ئەمـەی بۆ دەسـتەبەربێت. ئەمـەش وادەکات هەرێمـی کوردسـتان بـەدوو ڕێـگای شـاراوە یان ئاشـکرا ئـەم ڕۆڵـەی خـۆی بگێڕیت. دووهـەم چاوەڕوانـی ئێران لە هەریمـی کوردسـتان ئاسـانکاریی بـۆ ئاڵوگـۆڕی دراوە. لـە ئەگەری ئیسـتیقالەی فێدریـکا موگرینـی وەک نوێنـەری یەکێتـی ئەوروپـا بـۆ دانووسـتاندن لەسـەر پرسـی ناوەکـی ئێـران، گەمارۆکانی سـەر ئێـران دەکەونـە وەرچەرخانێکـی مێژوویـی و یەکێتـی ئەوروپـاش چیترناتوانـێ لەهەمبـەر زەختەکانـی ئەمەریـکا خۆڕاگـری بـکات. لەدۆخێکـی ئـاوادا، بێگومـان هەرێمـی کوردسـتان دەبێتـە یەکێـک لـە ناوەنـدە سـەرەکیەکانی گواسـتنەوەی دۆلار و ئێـران چاوەڕوانیـدەکات هەرێمـی کوردسـتان ئاسـانکارییە پێویسـتەکانی بـۆ بـکات.

7 https://bit.ly/2CZF35c

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

## ئابووری هەرێمی کوردستان لە ناو گەمە سیاسیەکاندا

پیتەر گالبرایت لە وتارێکیدا لە فۆرین پۆلیسی کە لە -10ی سیپتەمبەری ئەمساڵدا بڵاو کرایەوە، پێیوایە کێشەی ئەمەریکای سەردەمی دۆناڵد ترامپ ئەوەیە، مەسعود بارزانی چیتر وەکجاران لەوباوەڕەدا نیە بتوانێ متمانە بە ئەمریکا بکات. ڕەنگە لە داهاتویەکی نزیکدا ئەمە وابکات لە دۆخی توندترکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران دەرگایەک ڕووەو ئابووری ڕوو لە خنکانی ئێران بکرێتەوە. هەڵوێستی ناڕوونی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بەم گەمارۆیانە ئەم ئەگەرە لەلایەن ئەمەریکییەکان زۆرتردەکات. پرسیاری سەرەکی لە چوارچێوەی ئابووری سیاسی هەرێمی کوردستان لەم خاڵەوە دەستپێدەکات؛ هەرێمی کوردستان چۆن لە نێوان بەرداشی ئێران و تورکیا هەڵسوکەوت دەکات، ئەویش لە سەردەمێکدا کە هەر دوو وڵات خەریکی دژایەتی ڕاستەوخۆی ئەمەریکان ؟

پێشبینیی ئەگەرەکان گرێدراوی چەند خاڵێکە؛ یەکەم پرسی سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ هەرێمی کوردستان لە کاتی گەڕانەوەی گەمارۆکان چۆن لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا مامەڵە دەکات؟ بێگومان بڕیاری لایەنگری کورد لە کۆماری ئیسلامی یان پەیوەست نەبون بە گەمارۆکانی سەر ئەم وڵاتە، هەرێمی کوردستان تووشی غەزەبی ئەمەریکییەکان دەکات و ئەگەر هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوەکەیشی بەرەولای ئەمەریکیەکان یەکلا بێتەوە ئەوە دەکەوێتە بەر غەزەبی ئێرانییەکان. ئەوەش نیشاندەری پێگەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان و دراوسێ بوونی لەگەڵ ئێرانە، بەڵام هاوکات ئەمەریکاش خاوەن باندۆریکی گەورەیە لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان. تەنانەت بەلەبەر چاو گرتنی پەیوەندییە تایبەتیەکانی سلێمانی لەگەل کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەهۆی کاریگەریی ئەمەریکا، گومانی یەکلابوونەوە بەقازانجی ئێران کەمترە.

جیا لەم خاڵە؛ بەشێکی ئەم یەکلابوونەوەیە پەیوەندی بەهەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەغداوە دەبێ؛ ئاخۆ تا -4ی نۆڤەمبەر- ڕۆژی گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران-

حکومەتـی نـوێ لـە عێـراق یـەکلا دەبێتـەوە؟ ئاخـۆ دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە بەرژەوەنـدی هێزەکانـی نزیـک لـە ئێـران دەشـکێتەوە یـان ئەمەریـکا دەتوانـێ لـە ڕێـگای کارتێکـەری خـۆی، لایەنـە نزیکەکانـی خـۆی لـە دەسـەڵات نزیکبکاتـەوە؟ بێگومـان لـە ئەگـەری چڕتـر بوونـەوەی گەمارۆکانـی ئەمەریـکا بـۆ سـەر ئێـران، بەرژەوەنـدی هاوبەشـی هەرێـم لـە گـەل حکومەتـی ناوەنـدی و کارتێکەریـی ئەمەریـکا وادەکات هەرێمـی کوردسـتان زۆرتـر بـەرەو لای ئەمەریـکا بشـکێتەوە بـەڵام ناتوانـی وەک دراوسـێیەکی گـەورە ئێرانیـش زۆر لـە خـۆی دووربکاتـەوە. ئـەم لایەنـە جوگرافیـە وادەکات حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەرهەمەکانـی ئێـران- بەهـۆی نرخـی هـەرزان و نـەک کواڵیتـی باشـیان- هـاوردە بکرێـن، بـەڵام ڕادەی ئـەم بازرگانیە بۆ ئاسـتێکی کەمـتر دادەبەزێـت. ڕەنگـە بەهـۆی گەمـارۆکان، وڵاتـی ئێـران توانـای گواسـتنەوەی پـارەی لـە دەرەوە بـۆ نەمینـێ، لەم ناوەشـدا هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ ڕێگایـەک بـۆ گەڕانـەوەی پـارە لـە دەرەوەی سیسـتەمی بانکـی بێـت، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی بـڕی ئـەم پارەیـە ناتوانـێ زۆر بێـت، هەرێمـی کوردسـتان دەتوانێـت لـە کورتخایەنـدا ئەمـە وەک دەرفەتێـک بـۆ سـوودوەرگرتنی خـۆی سـەیربکات.

هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی هەڵکەوتـەی جیۆپۆلیتیکـی خـۆی، دراوسـێ بوونـی لەگـەل کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و نزیکبوونـی بەشـێک لـە دەسـەڵاتی هەرێـم لەگـەل کۆمـاری ئیسـلامی، دەکەوێتـە نـاو کایـەی سیاسـی ئێـران لەگـەڵ ئەمەریـکا. ئەمـە وادەکات بەرپرسـانی هەرێـم بـەردەوام کاریگـەری و سـەنگی سیاسـەتەکانی ئەمەریـکا و ئێـران لەسـەرهەرێمی کوردسـتان تاوتـوێ بکـەن و بەپێـی بەرژەوەنـدی سیاسـی خۆیـان هاوسـەنگیەکە بپارێـزن. ئەمـە وادەکات لـە پەیوەنـدی هەرێـم و ئێـران، سیاسـەت لـە سـەرووی ئابـووری بوەسـتێ و خاڵـی یەکلاکـەرەوە بێـت، بـەڵام ئەزمونـی -16ی ئۆکتۆبـەر چەشـنە بـێ متمانەییەکیشـی سـەبارەت بـە ئەمەریـکا لـە هەرێمـی کوردسـتان چـێ کـردووە. ئـەم خاڵـە و پێویسـتی پاراسـتنی هاوسـەنگی

لەگـەڵ ئێـران، وادەکات پەیوەندییەکـی کـزی ئابـووری ئێـران و کوردسـتان بـەردەوام بێـت و هەرێمـی کوردسـتان تەنانـەت ئەمـە تاڕادەیـەک وەک دەرفەتێـک بـۆ بازرگانـی ناوچـە سـنورییەکانی خـۆی ببینێـت. بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە ئێـران بۆکاتـی تەنگانـە، هیوایەکـی زۆرتـری لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان هەڵچنیـوە. تـا ‎-4ی نۆڤەمبـەر زۆر شـت لـە پەیوەندییـە سیاسـی- ئابوورییـەکان دەگـۆڕدرێ، بـەڵام یەک شـت ناگـۆڕێ و ئەویـش داڕمانـی ئابووری ئێرانـە کـە رۆژبـەدوای رۆژ بـەرەو قووڵبوونـەوەی قەیرانەکـەی هەنـگاو دەنێـت. ئەمـەش واتـای دەرفەتێکـی ئابـووری گەورەیـە بـۆ دراوسـێکانی ئێـران دەدات.

# کاریگەری گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان

د.ئیسماعیل مەحموودی
دکتۆرای مێژووی هاوچەرخی ئێران و کارناسی پرسی کوردستان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روودا

# کاریگەری گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان

**د.ئیسماعیل مەحموودی**
**دکتۆرای مێژووی هاوچەرخی ئێران و کارناسی پرسی کوردستان**

**پوختە**

پاش رێککەوتنی تەمووزی 2015ی ئێران و وڵاتانی پێنچ+یەک[8]، چاوەڕوانی دەکرا کە رێگە بۆ لابردنی سزاکانی سەر ئێران و کۆتاییهێنان بە گەمارۆی ئابووری لەسەر ئەو وڵاتە خۆش ببێت. ئەو سزایانەی کە جیا لە پرسی بەرنامەی ناوەکی، مێژوویان بۆ شۆڕشی ساڵی **1979**ی ئێران و قەیرانی بارمتەگرتنی ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە شاری تاران دەگەڕێتەوە.

دوناڵد ترەمپ هەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی، ئەم رێککەوتننامەیەی وەک خراپترین رێککەوتننامەی مێژووی ئەمریکا ناوەزد کردبوو. بەوەش، هەر لەسەرەتاوە رێککەوتنی تەمووزی **2015**ی خستە مەترسی هەڵوەشانەوە. هەر بەم ئاراستەیەدا، پاش کۆتاییهاتنی دەرفەتی پێداچوونەوە و قبووڵنەکردنی پێداچوونەوە و چاکسازی لە رێککەوتنەکە لە لایەن ئێرانەوە، سەرۆککۆماری ئەمریکا، لە 8ی مانگی مایسی ساڵی **2018**، بە فەرمی کشانەوەی وڵاتەکەی لەو رێککەوتنە و گەڕانەوەی سزاکانی بۆ سەر ئێران راگەیاند.

# ئەمریکا، گەمارۆ. سزا.ئێران.هەرێمی کوردستان.سیاسەت و ئابووری

ئـەم وتـارە دەیەوێـت پـاش ئاماژەیەکـی خێـرا بـۆ مێـژووی سـزاکانی سـەر ئێـران، بکەوێتـە وەڵامـی ئـەم دوو پرسـیارە: ئایـا سـزاکانی سـەر ئێـران کاریگەرییـان لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت؟ هەرێمـی کوردسـتان بـە بۆنـەی ئـەم گەمـارۆ نوێیـەوە تووشـی چ کێشـە یـان کێشـەگەلێك دەبێـت؟

پێدەچێـت گەمارۆکانـی ئەمجـارەی ئەمریـکا لەسـەر ئێـران زۆر جیـدی بـن. پەیوەنـدی قووڵـی هەرێمـی کوردسـتان و ئێـران بەتایبەتـی زۆنـی سـەوز و ئێـران، هەروەهـا پێویسـتی دوولایەنەی هەرێـم و ئێـران بـە یەکـتری، وادەکات کـە چوونە بـەرەی ئەمریکا بەتـەواوی، بـۆ هەرێمـی کوردسـتا سـەخت و دژوار بێـت. بۆیـە دوورنیـە گەمارۆکانـی ئەمجـارەی ئێـران کاریگـەری نەرێنیشـیان لەسـەر هەرێـم هەبێـت.

وشە سەرەکییەکان:
ئەمریکا، گەمارۆ. سزا.ئێران.هەرێمی کوردستان.سیاسەت و ئابووری

## پێشەکی:

بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران لـە سـاڵی 2002 و لە ڕێگـەی چەندین دەزگای هەواڵگریـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و ئیسرائیلەوە، بە پشتبەسـتن بـە زانیارییەکانـی ڕێکخـراوی موجاهێدینـی خەڵـق ئاشـکراکرا. کاتـی خـۆی نیۆیـۆرک تایمـز لەمبارەیـەوە نووسـیبووی:هەوڵی دەزگا سـیخۆڕییەکانی وڵاتانـی ئەمریـکا، بەریتانیـا و ئیسرائیـل توانیـان پـەردە لـە بەرنامـەی نهێنـی ناوەکـی ئێـران هەڵدەنـەوە. (.Bergman,2012,The New Yoyrk timess) بـەڵام دوایـی دەرکـەوت کـە لەڕێگـەی ڕێکخـراوی موجاهیدینەوە ئاشکراکراوە.

8 واتە پێنج وڵاتی زلهێزی ئەنجەمەنی ئاسایش و ئاڵمانیا

بە دەرکەوتنی بەرنامە ناوەکی ئێران، ئەمریکا گەمارۆ و سزاکانی سەر ئێرانی چڕتر و بەرفراوانتر کردەوە. چڕبوونەوەی بازنەی گەمارۆکان و ویستی دەوڵەتی ریفۆرمخوازی خاتەمی سەرۆککۆماری ئەوکاتەی ئێران بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە، ئێرانی بەرەو دانووستاندن لەگەڵ رۆژئاوا هاندا. چەندین ساڵ دانیشتن و دانووستاندنی نهێنی کە لەسەردەمی سەرۆککۆماریی محەمەدی خاتەمی و دواتریش مەحموود ئەحمەدی نەژاد کە نزیکەی دەساڵ درێژەی کێشا، لە دەرەنجامدا بێ هیچ دەسکەوتێک لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد کۆتاییپێهات. دانووستاندنەکان لە سەردەمی خاتەمیدا هەندێ دەسکەوتیان هەبوو بەڵام، بڕیاری خاتەمی لەساڵی **2006** بۆ راگرتنی هەڵپەساردنی بەرنامەی ناوەکی (وێبسایتی بی بی سی ، 2005)پیشاندەری ئەوە بوو کە ئەوانەش بێ دەرەنجام بوون.

بە هاتنە سەرکاری رۆحانی و دەسەڵاتگرتنی دووبارەی رێفۆرمخوازان و گرژبوونەوەی گەمارۆکان، فایلی بەرنامەی دانووستاندنی ناوەکی ئێران رادەستی وەزیری دەرەوە، واتا جەوادی زەریف کرا و لەگەڵ ئەوەشدا سێرگی لاورۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا راگەیاند کە گرووپی 5+1 پێشنیاری نوێی داوەتە ئێران تا دانووستاندنەکان دەستپێبکەنەوە.

دانووستاندنی بەرنامەی ناوەکی ئێران بەبەشداری نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار لە ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا، لە رۆژی 15ی ئۆکتۆبری ساڵی**2013**، لە شاری جنێف دەستپێکرد و بۆ یەکەمجار وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خۆی بەشداری دانووستاندنەکان بوو. لە رۆژی 14ی تەمووزی**2015**، پاش چەندین مانگ دانووستاندنی سەخت لە دووشاری لۆزان و ڤییەنا، رێککەوتنێکی مێژوویی لە شاری ڤییەنای وڵاتی نەمسا بە نێوی رێکەوتنی بەرنامەی گشتی کاری هاوبەش(Joint Comprehensive Plan of Actio) کە لە ئێراندا بە «بەرجام» ناسراوە واژۆکرا و بڕیاردرا، لەبەرامبەر راگرتنی بەرنامەی ناوەکی ئێران، بەرەبەرە، زۆرێک لە

سزاکانی سەر ئەو وڵاتە لابرێن.( Haidar, J.I. , 2015) ئەمە وەک یەکەم هەنگاو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی پڕ لە ئاڵۆزی و گرژی ئێران و ئەمریکا گوزارشت دەکرا.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 بوە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و لە ئاکامدا زمینە بۆ زاڵبوونی گوتاری(discours) دژە ڕۆژئاوایی و بە تایبەت دژە ئەمریکایی سازبوو. ڕێبەری ئیسلامی وڵات لە بەرامبەر سیستەمی ڕۆژئاوایی وەستا و خوازیاری دەسەڵاتی خودایی لە باتی دەسەڵاتی شەیتانی بوو.(کسینجر،1396 :174) بانگەشەی گوتاری دژە ئەمریکایی و دژە ڕۆژئاوایی دەوڵەتی نوێی ئێران و پێداگری لەسەر پرسی هەناردەکردنی "شۆڕشی ئیسلامی" بۆ جیهان، هەرزوو پەیوەندی ئەو دووولاتەی خستە مەترسیەوە( رمضانی،1383 :64) . لەم گوتارە نوێیەدا، ئەمریکا وەک شەیتانی گەورە تەعبیر دەکرا و سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی فەرمی وڵات وەک سەرۆکایەتی وەزیران لەدەست گرووپی مەهدی بازرگان بوو کە وەک کەسێکی ئیسلامی- نەتەوەیی و دژە توندڕەوی دەناسرا، بەس دەسەڵاتی سەرەکی لەدەست بناژۆخوازان ولایەنگرانی ڕێبەری شۆڕش بوو کە خۆیان بە"شوێنکەوتووانی هێڵی ئیمام" ناودەبرد و ئەمریکایان وەک دوژمنی سەرەکیی دەزانی. هەر لەو کەشوهەوایەدا هەندێ گەنجی شوێنکەوتووی "هێڵی ئیمام" بە ڕێبەریی چەندین مەلای بناژۆخواز و بە ئیزنی ڕێبەری شۆڕش، هێرشیانکردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و ئەندامان و کارمەندانی باڵیۆزخانەکەیان وەک بارمتە گرت و لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو کارمەندانە خوازیاری ناردنەوەی شای ئێران لە ئەمریکاوە بۆ ئێران بوون.(Zabih,1982:42-61 )

بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیۆزخانە بوەهۆی قەیران لە نێوان ئەمریکا و ئێران و سەرەڕای ئەوەی کە پاش چەندین مانگ دانووستاندن و نێوەندگیریی هەندێك وڵات، لە جەزائیر، بریاردرا بارمتەکان ئازادبکرێن، بەڵام ئاکامی قەیرانی

بارمتـــەکان دەستلەکارکێشـــانەوەی دەوڵەتـــی مەهـــدی بـــازرگان (ابراهامیـــان،1389 :398 ) و هەروەهـــا درێژەکێشـــانی گـــرژی و قەیرانـــی نێـــوان دوو وڵاتـــی ئەمریـــکا و ئێـــران و دەســـتپێکردنی سـزای ئابـووری بۆسـەر ئێـران بـوو کـە مـاوەی چـل سـاڵە درێژەی هەیـە.

سـزاکانی ئێـران لەمانگـی نۆڤەمبـەری سـاڵی1979بە واژۆی جیمـی کارتـر(1977-1981) سـەرۆککۆماری ئـەو کاتـەی ئەمریـکا دەسـتپێکرد و بەپێـی بڕیـاری ژمـارە (1270)، کـۆی داراییەکانـی ئێـران لەوڵاتـی ئەمریـکا بلۆکەکـرا. هەروەهـا پیشەسـازیی نەوتـی ئێـران بـە قورسـی سـزادرا وهەربەمبۆنەیـەوە، هەناردەکردنـی نەوتـی ئێـران لـە 4 ملیـۆن بەرمیلـەوە بـۆ یـەک ملیـۆن دابـەزی و ئـەوەش، نرخـی نەوتـی لـە12دولارەوە بـۆ 34دولار بەرزکـردەوە. لـە درێـژەی بڕیـاری گەمارۆدانـی ئێرانیشـدا، لـە نیسـانی سـاڵی 1980دا بڕیارێکـی دیکـە پەسـەندکرا کـە هەناردەکـردن و هێنانـی هـەر چەشـنە کاڵایـەک بـۆ ئێـران و لـە ئێرانـەوە بـۆ ئەمریـکا قەدەغـە کـرا.( **2014**,ELIZABETH DIAS )

بەهاتنـە سـەرکاری سـەرۆککۆماری نـوێ، واتـا رۆناڵـد ریـگان(1981-1989 ) گەمـارۆکان درێـژەی پێـدرا و لەسـەرەتای سـاڵی 1984دا، ریـگان بڕیارێکـی دەرکـرد بەو ناونیشـانەی کە هەر چەشـنە یارمەتییەکـی ئەمریـکا بـۆ ئێـران لـە داهاتـوودا قەدەغەیە و دووسـاڵ دواتریـش، بڕیارێکـی دیکـەی واژۆکـرد کە بەپێـی ئەوە، ناردنـی چـەک و تەقەمەنـی بـۆ ئێـران کـە لـە گەرمـەی شـەڕی ئێـران وعیراقدا بـوو قەدەغەکـرا.(**1987**,ELAINE SCIOLINO) لـە سـەردەمی بوشـی باوکیـش،(1989-1993) لـە سـاڵی 1992دا، بڕیـاری قەدەغەکردنـی ناردنـی تەکنەلۆژیـی دوولایەنـە بـۆ ئێـران پەسـەندکرا. بـە هاتنە سـەرکاری کلینتـۆن(1993-2001 )، گەمارۆی ئێـران چڕتـر و سـزاکانیش بەربڵاوترکـران. لەسـەردەمی کلینتۆنـدا پرسـی گەمـارۆی سـەر ئێـران جیدیـتر بـوو. ئەمجـارە هـەر دوو پارلەمانـی ئەمریـکا واتـە ئەنجومەنـی پیـران و پەرلەمانـی نوێنەرانـی ئەمریـکا هاتنـە کایەی پرسـی گەمارۆدانی ئێـران و هەر

لـەم ئاراسـتەیدا چەندیـن بڕیـاری سـزادانی ئێرانیـان پەسـەندکرد. بۆنموونـە، لـە مارسـی 1995دا یەکـەم بڕیـار بـە ژمـارەی( 1297) ڕاگەیانـدرا و بەپێـی ئـەم بڕیـارە، کلینتـۆن بـە بیانـووی پشـتیوانی ئێـران لـە تیرۆریـزم و دژایەتیکردنـی پرۆسـەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هەرچەشـنە بەشـداریکردنێکی کۆمپانیاکانـی ئەمریـکای لـە پیشەسـازیی نەوتـی ئێـران قەدەغەکـرد و لەمانگـی مایسـی1996دا، سـەرجەم پەیوەندییـە بازرگانییەکانـی لەگـەڵ ئێـران ڕاگـرت. هەڵبـەت پێشـتریش و لـە ڕۆژی 6مانگـی مایسـی سـاڵی 1995دا هەمـوو مامەڵەیەکـی لەگـەڵ ئێـران قەدەغـە کردبـوو.

لـە درێـژەی سـزاکاندا، ئەمریـکا لـە 20ی سـێپتەمبری هەمانسـاڵ، یاسـای "داماتـۆ"ی پەسـەندکرد. بـە پێـی یاسـای داماتـۆ، دەسـەڵاتی سـزادانی ئـەو کۆمپانیایانـەی وڵاتـان کـەوا تەکنۆلـۆژی دەدەنـە پیشەسـازیی نەوتـی ئێـران، بـە سـەرۆککۆمار درا. یاسـای داماتـۆ بـە پێشـنیاری داماتـۆ سـیناتۆری نیۆیـۆرک لەئەنجوومەنـی پیـران پەسـەندکرا کـە وەبەرهێنانـی زیاتـر لـە 40 ملیـۆن دۆلاری کۆمپانیاکانـی وڵاتانـی دیکـەی لـە نەوتـی دوو وڵاتـی ئێـران و لیبیـا قەدەغـە دەکـرد. ڕەنگـە بتوانیـن بڵێیـن، ئەمـە سـەخترین سـزا لەسـەر ئێـران بـوو کـە بەجیـدی تووشـی کێشـەی کـرد. (اسـتریت ، 1375 :50-50)

لەسـەردەمی پەسـەندکردنی یاسـای داماتـۆ، ئێـران پێویسـتی بـە وەبەرهێنـان لـە پیشەسـازیی نـەوت هەبـوو. چوونکـە شـەڕی هەشـت سـاڵەی دوو وڵاتـی ئێـران وعێـراق (1981-1988) ئێرانـی تووشـی قەیرانـی ئابـووری و کەمیـی دۆلار کردبـوو. لـە جەنیـوەری 1984دا، دەوڵەتـی ئەمریـکا بـە بۆنـەی ڕووداوی بۆمبڕێژکردنـی پێگـەی سـەربازیی ئەمریـکا لەلوبنـان و کوژرانـی 249 کـەس، ئێـران تاوانبـار کـرا و ئـەم وڵاتـە خرایە لیسـتی وڵاتانی پشـتیوانی تیرۆریـزم. ئەمـەش بوەهـۆی قەدەغەکردنـی هەناردنی هـەر چەشـنە چـەک و تەقەمەنییـەك بـۆ ئێـران و بنبڕکردنـی هـەر چەشـنە یارمەتییەکـی دارایـی کـە تەنانـەت پێدانـی قـەرزی

لەلایـەن سـندوقی بانکـی جیهانیـەوە بـە ئێرانیـش دەگرتـەوە. (یکتا،**1392:14-43**)

بەکۆتاییهاتنـی سـەردەمی کلینتـۆن و هاتنـی جـۆرج دەبلیـو بـوش (2001-2009) ئێـران چاوەڕێـی دەکـرد یاسای رووخێنـەری داماتـۆ لابرێـت. بـەڵام بـوش نـەک ئـەوەی نەکـرد، بەڵکـۆ بـۆ مـاوەی 5 سـاڵی دیکـەش درێـژی کـردەوە.

کارەسـاتی11ی سـێپتەمبەر لەسـاڵی**2001** و ئاشـکرابوونی بەرنامـەی ناوەکـی ئێـران، بوونـە هـۆی ئـەوەی نـەك تەنیـا هیـوا بـۆ کەمکردنـەوە یـان لابردنـی سـزاکان خـۆش نەبێـت بەڵکـوو ئەمجـارە ئەمریـکا لـە ڕێگـەی ئەنجومەنـی ئاسایشـەوە سـزا و گەمارۆکانـی سـەر ئێـران دریـژە پێبـدات و بەرپەرسـان و بانکەکانـی ئێرانیـش کەوتنـە لیسـتی رەشـی ئەمریـکا.

دەرکەوتنـی بەرنامـەی ناوەکـی و پێناسـەکردنی ئێـران لەلایـەن بوشـەوە وەک میحـوەری شـەیتانی(Axis of Evil) بووەهـۆی دەسـپێکردنی فـازی دووەمـی گەمـارۆ و سـزاکانی ئەمریـکا بۆسـەر ئێـران (Bush,**2002**,web.archive.org) بــە واتایـەک، سـاڵی2007، سـەرەتای دەسـپێکردنی بەشـی دووەمـی گەمارۆکانی سـەر ئێـران بـوو کـە لەبـەر بەرنامـە ناوەکییەکـەی بـوو. ئەمـەش وایکـرد هەتـا سـاڵی 2013، ئێـران تووشـی سـەختترین گەمـارۆ و سـزا بێتـەوە.

لەسـەردەمی بوشـدا، ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودوڵەتـی دوو بڕیارنامـەی بەژمارەکانـی (1737) و (1803) دژی ئێـران پەسـەندکرد. لـە بڕیـاری ژمـارە (1737)دا هۆشـداری بـە زۆرێـك لـە بانکەکانـی وڵاتـان درا کـە واز لـە یارمەتیدانـی ئێـران بێنـن و ئەمریـکاش هـاوکات، زۆر دەزگای وەک سـپای قـودس و بانکـی سـپەی لـە لیسـتی رەش دانـا.(http://**1-20**.ir/files/asnad/ghatname/**1737**en.pdf) بەپێـی بڕیـاری سـاڵی 2008، گەمـارۆ لەسـەر سیسـتەمی هاتووچـۆی دەریایـی و کاروبـاری دارایـی دانـرا. L.C(http://**1-20**.ir/files/asnad/ghatname/**1803**en.pdf)

بەکۆتاییهاتنی سەرۆککۆماریی بوش، ئێران چاوەڕێی هەندێك ئاڵوگۆڕ بوو. ئۆباما کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە ئامادەیە بێ هیچ پێشمەرجێ لەگەڵ ئێران دانووستاندن بکات بەڵام، لە 12ی مارسی 2009دا، سزاکانی سەر ئێرانی بۆ ساڵێکی دیکە درێژکردەوە و ئێرانی وەک مەترسییەکی سەیر و سەمەرە ناوبرد و رایگەیاند کە سیاسەتی ئێران لەسەر بنەمای دژایەتیی بەرژەوەندی ئەمریکا دەچێتە پێشەوە، بۆیە لەسەر ئاسایشی ئەمریکا مەترسیدارە .هەر بەمبۆنەیەوە، لەساڵی 2009دا پەکێجی نوێی سزاکان ئامادەکرا و هاوکات هیلاری کلینتۆن وەک وەزیری دەرەوە و سۆزان رایس وەک نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، زەمینەیان بۆ پەسەندکردنی بڕیارنامەی (1929) ئامادەکرد. ئەم بڕیارە، بەستێنی بۆ سەختترین گەمارۆ لەسەر ئێران ئامادەکرد. (http://120.ir/files/asnad/ghatname/1929en.pdf) لە درێژەی بەرنامەی ئۆباما بۆ گەمارۆدانی ئێران، لە ساڵی 2010 یاسای سیسادا یان یاسای گەمارۆ گشتی ئێرانی واژۆ کرا و لەم یاسایەدا ئەو خاڵە پەسەندکرابوو کە هەرکەس و لایەن و وڵاتێك لەگەڵ ئێران هاوکاری بکات تووشی سزا بێت و پەیوەندیی دارایی لەگەڵ بازاڕی ئەمریکا دەبڕدرێت.( Investment regulations, Economist Intelligence Unit, 19 (March 2008

لەم بارودۆخەدا پێشەسازیی نەوت و بە گشتی ئابووری ئێران تووشی کێشەی سەرەکی بوون و ئێرانی بۆ دانووستاندنی جیدی هاندا و سەرەنجام پاش چەندین مانگ دانیشتن و دانووستاندنی بەردەوام، رێککەوتنامەی ساڵی(2015) نێوان ئێران و وڵاتانی 5+1 ئیمزاکرا. ترەمپ ئەو رێککەوتننامەیەی وەک خراپترین رێککەوتنامەی ئەمریکا پێناسەکرد و داوای پێداچوونەوەی کرد. بەڵام ئێران ئەوەی رەتکردەوە، بۆیە ترەمپ کشانەوەی ئەمریکا و گەڕانەوەی گەمارۆکانی سەر ئێرانی لە 8 مانگی مایسی ساڵی 2018راگەیاند. پیتر رایان هۆک بەرپەرسی شاندی ئەمریکا بۆ هاوڕاکردنی ئەورووپا

لـه گـەڵ ئەمریـكا ڕاگەیانـد كـە سـزاكان لـە دوو بەشـدا دەسـتپێدەكەنەوە. بەشـی یەكەمـی سـزاكان لـە ڕۆژی 14 ئەیلوولی 2018 و بەشــی دووەمیــش لــە ڕۆژی 4ی مانگــی نۆڤەمبــەری هەمانســاڵ دەســتپێدەكاتەوە.

لـە بەشــی یەكەمـدا پیشەسـازی ماشینسـازی ئێـران و پرسـی دابینكردنـی دۆلار و زێڕ تووشـی سـزابوونەوە و بڕیارە لـە مانگـی نۆڤەمبــەردا هەناردەكردنــی نەوتــی ئێــران واتــە ســەرچاوەی ســەرەكی دارایــی ئێــران تووشــی ســەختترین ســزا و گەمــارۆ ببێتــەوە. پێدەچێـت بـە لەبـەر چاوگرتنـی ناوەڕۆكـی سـزاكان و هەروەهـا پەیوەنـدی زۆر نزیكـی ئێـران و هەرێـم و بـە تایبـەت زۆنــی ســەوزی هەرێمــی كوردســتان، ســزاكانی ســەر ئێــران كاریگـەری بەرچاویـان لـە سـەر هەرێـم ببێـت و هەرێـم لـە چەنـد ڕەهەنـدەوە تووشـی كێشـە بـكات.

لێـرەدا هەوڵدەدرێـت بـاس لـە ئەگـەری كاریگـەری ئـەو گەمارۆیانـەی ئێـران بـۆ سـەر هەرێمـی كوردسـتان و هەروەهـا ئەگـەری چۆنیەتـی هەڵوێسـتی هەرێـم لـە بەرامبـەر ئێـران و ئەمریـكا بكەیـن و بەگشـتی بـۆ گەیشـتن بـەم ئەگەرانـە و هەروەهـا پرسـیارە سـەرەكیەكانی ئـەم وتـارە، سـەرەتا ئاماژە بدەینـە بەربەسـتەكانی هاوەدنگـی هەرێـم لەگـەڵ ئەمریـكا كـە زەمینـە بـۆ كاریگەریـی گەمـارۆكان ئێـران بۆسـەر هەرێـم سـازدەكات.

## بەربەستەكانی هاوەدنگیی هەرێم لە گەڵ ئەمریكا

ئەمریـكای سـەردەمی ترەمـپ بـە ڕاشـكاوانە ڕایگەیانـدوە كـە هەروڵاتیـك هاوەدنگـی سـزادانی ئێـران نەبێـت و بەواتایـەك لەكاتـی گەمارۆكانـی ئەمریـكا بۆسـەر ئێـران، یارمەتیـدەری ئـەو وڵاتـە بێـت، تووشـی سـەختترین سـزاكان دەبێتـەوە. لێـرەوە پێدەچیـت چەندیـن هـۆكاری سـەرەكی بەربەسـت بـن لەئەگـەری هاوەدنگـی تـەواوی هەرێمـی كوردسـتان و بەتایبـەت زۆنـی سـەوز لەگـەڵ ئەمریـكا بـۆ بەشـداریكردن لەگەمارۆدان و پەسـەند كردنـی سـزاكانی سـەر ئێـران.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

## 1 پەیوەندی زۆر نزیکی یەکێتی و ئێران

پەیوەندی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت زۆنی سەوز لەم ساڵانەدا ئەوندە نزیک و پێکەوەگرێدراوە کە پێدەچێت زۆرئەستەم بێت زۆنی سەوز بتوانێت خۆی لەژێربارو منەت و کاریگەری و تەنانەت قورسایی ئێران دەرباز بکات. بۆیە هەر لە ئێستاوە دەنگی جیاواز و دژواز دەبیسترێت. لەلایەکەوە سەرۆکوەزیرانی هەرێمە کوردستان بەڕاشکاوانە سەبارەت بە پرسی گەمارۆکان ڕادەگەیاندووە کە هەرێم لەم بابەتەدا شوێنکەوتەی ناوەندە و چەندڕۆژ پاش ئەو بڕیارەش، نوێنەری هەرێم لە ئێران کە سەر بە یەکێتییە بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە:" ترەمپ بازرگانە و نابێت هەرێم هاودەنگی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بێت."

بەخوێندنەوەی دۆخی ئێستای هەرێم و بە تایبەت زۆنی سەوز دەکرێت بڵێین پەیوەندی سەیرو نزیک و پڕ لە خاڵی نهێنی ئێران - هەرێم وایکردووە کە گۆمان بکرێت هەرێم بتوانێت هاودەنگی تەواوی ئەمریکا بێت. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کە بۆچوونی ئەمریکا سەبارەت بە هەرێم سەختتر و توندتر بێتەوە.

لە بیرنەکرێت کە لەسەردەمی ئۆباما و لەکاتی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران، هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو سزاییانەی سەر ئێران نەبوو. هەرێمی کوردستان و زۆنی سەوز یەک لەو ناوەندانە بوون کە ئێران زۆرێک لەو سزاییانەی دەور ئەدایەوە و ئەمریکای ئۆباماش چاوی لەم کارەی هەرێم داخستبوو. بۆیە دوور نیە هەرێم و بە تایبەت زۆنی سەوز دووبارە بیانەوێت هەمان سیاسەتی سەردەمی ئۆباما پەیڕەو بکەن. بەس وادیارە ئەمریکای ترەمپ ئەمریکای سەردەمی ئۆباما نیە و ئەگەری چاوپۆشیکردنی ئەمریکای ترەمپ لە ئاست هەرێم و زۆنی سەوز زۆر سەخت و دەگمەن دەبێت.

## 2 کارتی ئاو

پرسی ئاو لە ئێستادا بە تەواوی خەرێکە دەبێتە پرسێکی سیاسی و ستراتێژی. دیارە هەرێم لە رووی ئاوەوە ئەم چەند ساڵە کەمتەرخەمی لە رادەبەدەری نواندووە. لەلایەکی دیکەوە ئێران لەسەر ئەو هەموو سەرچاوە ئاوییانەی هەرێم کە لە کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن بەنداوی درووستکردوە وئاوی هەرێم تووشی کێشەی جیدی بووەتەوە و دەبێتەوە. بۆیە ئێستا هەرێم بۆ دابینکردنی بەشێکی ئاوی خۆی پیویستی زۆری بە ئێران هەیە. هەرچەندە ئێستا بەبۆنەی کەڵکوەرگرتنی نەشیاو لە سەرچاوە ئاوییەکان و هەروەها ئاوی ژێرزەوی وا دەردەکەوێت کە هەرێم کێشەی ئاوی نیە و قەیرانی ئاو زۆر جیددی نیە، بەڵام بێگومان کێشەی جیددی هەیە و ئێران دەتوانێت سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم لە خانقین و هەورامانەوە بگرە هەتا شنۆ کە ئاوی دوکان دابیندەکات بخاتە مەترسی. بۆیە دوورنیە لە ئەگەری هاودەنگی تەواوی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا، ئێران لەم کارتە کەڵکوەربگرێت. بۆیە لەم سۆنگەشەوە هەست بەئەگەری لاوازبوونی بڕارەی هاودەنگی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا دەکرێت.

## 3 پرسی بازاڕی ئێران بۆ زۆنی سەوز و نەبوونی ئاڵتەرناتیڤی خێرا

بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانی دارایی هەرێم، بازاڕی ئێران هەم لە رووی گەشتیاری و هەم لە رووی دابینکردنی کاڵا و شتومەکەوە هەرزانترین بازاڕە لە ناوچەکە. لە ئێستادا کە پارەی ئێران لە نزمترین ئاستدایە وبازاڕی تورکیاش تووشی هەڕەشەی سزای ئەمریکا بووتەوە و لەرزۆکیی پێوەدیارە، بازاڕی ئێران بازاڕێکی خەیاڵیە بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و لەمڕووشەوە بۆ سیاسەتمەدارانی هەرێم سەختە دەستبەرداری ئەم بازاڕە بن.

بەگشــتی، پێویســتی لــە مێژینــەی زۆنــی ســەوز بــە بــازاڕی ئێـران لەلایەکـەوە و قەیرانـی پەیوەنـدی زۆنـی سـەوزی و تورکیـا و ئەگــەری تووشــبوونی خــۆدی تورکیــا بــە قەیرانــی ئابــووری لەلایەکـی دیکـەوە و گرنگـتر لەوانـەش، کەمتەرخەمـی لەئاسـت دابینکردنــی کاڵای بنەڕەتــی لەلایــەن خــۆدی حکوومەتــی هەرێمــەوە وایکــردووە تــا زور ســەخت بێــت کــە هەرێمــی کوردســتان دەســتبەرداری بــازاڕی ئێــران بێــت.

## 4 پێویستی ئێران بە بازاڕی دۆلاری هەرێم

دەمێکــە بــازاڕی هەرێــم لــە ڕێگــەی ترانزیــت و هەنــاردەی کاڵای ئێرانـی و هەروەهـا پەیونـدی پتـەو و زۆر تێکەڵـی هەریـم و ئێـران، بوەتـە ناوەندێکـی گرنگـی دابینکردنـی دۆلار بـۆ ئێـران و لەخولـی پێشـووی گەمارۆکانیشـدا، سـلێمانی و هەولێـر ڕۆڵـی بەرچاویــان لــە یارمەتیدانــی ئێــران هەبــوو تــا لــە ســزاکانی ئەمریـکا دەربـازی بێـت. بۆیـە لـە ئێسـتادا کـە ئێـران بەهـۆی گەمارۆکانـی ئەمریـکاوە تووشـی کێشـەی کەمـی دۆلار بوەتـەوە و دەبێتــەوە، پیویســتی زۆر و تەنانــەت بنەڕەتیــی بــە هەرێــم و بــازاڕی هەرێمــی کوردســتان دەبێــت. لەمــڕووەوە، وادیــارە ئێــران ناتوانێــت هاوەدەنگــی هەرێــم لەگــەڵ ئەمریــکا قبــوڵ بــکات و چــاو لــەم بــازاڕە دابخــات.

لێـرەوە پێدەچێـت ئێـران بۆ ئـەوەی هەرێم نەچێتە پـاڵ دەنگی ئەمریــکا، دوور نیــە لــە هەمــوو کارتێکــی بــۆ قەناعەتهێنــان بــە بەرپرسـانی هەرێـم کەڵکوەربگرێـت. لەلایەکـی دیکـەوە، دەنگـی هاوشـیوەی نوێنـەری هەرێـم لـە تـاران کـە خوازیـاری هاودەنگین لەگـەڵ ئێـران لـە زۆنـی سـەوز و تەنانـەت لـە هەمـوو هەرێمـدا کــەم نیــن و زۆرجارێــش بڕیــاردەری ســەرەکین. بۆیــە ئــەم ئەگـەرەش دەتوانێـت لەسـەر بڕیـاری هەرێـم کاریگـەری تـەواوی هەبێـت و نەتوانێـت کۆدەنگـی لـە هەرێـم بـۆ هاودەنگـی لـە گـەڵ ئەمریـکا سـازبکات.

## 5 فرۆشی نەوت

نکۆڵـی ناکرێـت بەشـێکی داهاتـی هەرێـم لـە ڕێگـەی فرۆشـی نەوتـەوە دابینکـراوە کـە مشـتومڕێکی زۆری لەسـەرە. بەشـێک لـەو سـامانەش ڕۆژانـە لـە ڕێگـەی تەنکـەرەوە بـۆ فرۆشـتن هەنـاردەی  ئێـران و دەرەوەی ئێـران دەکرێـن، بـەس وادیـارە ئـەم سـەرچاوە داراییـە تووشـی کێشـە دەبێـت. بـە دەسـتپێکردنی بەشـی دووەمـی سـزاکانی ئەمریـکا، ئەمجـارە نەوت و پیشەسـازی نـەوت و داهاتـی نـەوت دەکرێتـە ئامانـج  و زۆنـی سـەوز و سـەرجەم ئـەو حیـزب و کـەس و لایەنانـەی کـەوا لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە نـەوت دەفرۆشـن، ناچاردەکرێـن بڕیـاری هەڵپسـاردنی ناردنـی نـەوت بـدەن.

ترسـی بڵاوبوونـەوەی کەیسـی ناشـەفافی فرۆشـتنی چەندیـن سـاڵەی نـەوت، داهاتـی خەیاڵـی فرۆشـی نـەوت و هەوەهـا واژۆکردنـی ڕێکەوتننامـەی بەردەوامبوونـی هەناردەکردنـی نـەوت لەهـەر حاڵەتیـکدا لەلایـەن بەرپرسـانی هەرێمـەوە، وەک چەندین لەمپـەری گرنـگ دەردەکـەون کـە پێدەچێـت بەرپرسـانی هەرێـم لـە بـارەی بڕیـاری فرۆشـتنی نـەوت لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە تووشـی چەنددەنگیـی بـکات.

## 6 نەبوونی ناوەندی بڕیار

مێـژووی دامەزراندنـی هەرێمـی کوردسـتان ئـەو ڕاسـتییەمان بۆ دەردەخـات کـە لەهەرێمـدا ناوەنـدی بڕیـاری یەکدەنـگ نەبـووە یـان زۆر بەدەگمـەن هەبـووە. نەبوونـی بڕیـاری هاودەنـگ جیـا لـە دەرنجامـی نیگەتیڤـی زۆری بـۆ هەرێـم، وایکـردووە تـا ئـەو ناوچەیـە زۆرتـر لـە چەندیـن دوورگـەی لەیەکـدوور و جیـاواز بچێـت هەتـا یەکەیەکـی فیدراڵـی. ئەمەیـش خـۆی لـە ئێسـتادا لەمپەرێکـی زۆر کاریگـەرە لەبـەردەم یەکدەنگـی لـە ئاسـت سـزاکانی ئەمریـکا بـۆ سـەر ئێـران.

لـە کۆتاییـدا دەمێنیتـەوە ئامـاژە بەوخاڵـە بکـەم کـە لەوانەیـە هەرێـم و بەتایبـەت زۆنی سـەوز لە رواڵەت و بەقسـە هاودەنگیی ئەمریـکا بـۆ گەمارۆکانـی لەسـەر ئێـران بـکات، بـەڵام بیەوێـت لـە هەنـدێ بابەتـی وەک ناردنـی دۆلارو فرۆشـتنی نـەوت ریزپـەڕ بێـت. بـەڵام زەحمەتـە ترەمـپ وەک ئوباما چـاو لـە بەزاندنـی هێڵـە سـوورەکانی بپۆشـیت و لەبەرمبـەردا ئەگـەری ئـەوەش نییـە ئێـران بـەو ئاسـانیە لـە هەرێـم قبـوڵ بـکات کـە بچێتـە پـاڵ ئەمریـکا. بـەم وەسـفە، هەرێـم ئێسـتا لـە بـەردەم دووڕێیانێکـی زۆر سـەخت و ئاڵۆزدایـە کـە پێویسـت بـە خوێندنـەوە و بڕیـاری مێژوویـی دەکات. بـەلام نەبوونـی ناوەندێکـی بڕیـار وایکـردووە چاوەڕوانـی بڕیـاری یەکلاکـەرەوە و گرنـگ نەبیـن.

## ئەنجام

بـۆ ئێـران، هەرێمـی کوردسـتان و بـە تایبـەت زۆنـی سـەوز، بەبۆنـەی دابینکردنـی بەشـێک لـە دۆلار و هەروەهـا تێپەڕکردنـی هەنـدێ لـە سـزاکانی، ناوەندێکـی زۆر گرنـگ و سـتراتێژییە، بۆیـە زۆر سـەختە ئێـران لـەم دۆخـەدا بە ئاسـانی دەسـتبەرداری هەرێم بێـت. لەبەرامبەریشـدا هەرێـم بەبۆنـەی پەیوەنـدی زۆر نزیـک و تێکـەڵاو لەگـەڵ ئێـران، پێویسـتی بـە ئێـران بـۆ فرۆشـتنی نـەوت وچەنـد کەیسـی جۆراوجـۆر زۆر سـەختە بتوانێـت بـە ئاسـانی پشـت لـە ئێـران بـکات. بۆیـە دوورنیـە بەشـێك لـە کۆمپانیاکانـی هەرێـم تووشـی سـزای ئەمریـکا بـبن.

بـە گشـتی هەرێـم لـە بـەردەم بڕیارێکـی زۆر سـەخت و چارەنووسسـازدایە و پێدەچێـت لـە ئاسـت بڕیـاری یەکلاکـەرەوە، کەمتریـن کۆدەنگـی لەسـەر گەمارۆکانـی ئێـران درووسـتبێت. بۆیـە پێدەچێـت سـزاکانی سـەر ئێـران کاریگـەری نیگەتیـڤ لەسـەر ئاسـایش و ئابـووری و تەنانـەت ئاینـدەی هەرێـم دابنێت.

## سەرچاوەکان:


آیراهامیان، یرواند(1389) ایران بین دو انقلاب، ترجمه  محمد ابر اهیم فتاحیف تهران،نی

آر.کدی، نیکی(1388) نتایج انقلاب ایران،ترجمه مهدی حقیقت خواه،تهران،ققنوس.

رمضانی، روح الله(1383) جارچوبی برای بررسی سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، ترجمه علیرضا طیب. تهراد، نی

کیسنجر، هنری(1396) نظم جهانی ، ترجمه محمد تقی حسینی، تهران،علمی و فرهنگی

Zabeh,Sepehir,(1982) Iran Since the Revoluthion,America,THE JOHNS HOPKINS UNIVERSITY PRESS BALTIMORE,MARYLAND

•

•

• وتار و ویبسایەتی فارسی و ئینگلیزی :

•

• یکتا، حسن(1387 ) استراتژی مهار دو جانبه امریکا در خلیج فارس، فصلنامه بررسی های نظامی،شماره 19

• استرن،بریژیت(1375) تکاپو در جهت جهانی کردن حقوق بین المللی، ترجمه ابراهیم بیگ زاده، فصلنامه مجله حقوق بین المللی، شماره 20

• وبسایت:

• «خاتمی: غنی‌سازی اورانیوم را از سر می‌گیریم». وبسایت بی‌بی‌سی فارسی، 16 ژوئن 2005. بازبینی‌شده در 21 ژوئیه

ELIZABETH DIAS , NEWSMAKER INTERVIEWPOLITICS , April 10, 2014

Jimmy Carter Talks About Iran, Campus Rape, Jesus Christ and the Paintings of W

Haidar, J.I. , 2015.Sanctions and Exports Deflection: Evidence from Iran, Paris School of Economics, University of Paris 1 Pantheon Sorbonne, MimeoGeorge W. Bush, State of the Union Address (January 29, 2002),

http://120.ir/files/asnad/ghatname/1929en.pdf http://1-20.ir/files/asnad/ghatname/1803en.pdf)

Investment regulations, Economist Intelligence Unit, 19 March 2008

web.archive.org/web/20111011053416/http://millercenter.org/president/speeches/detail/4540

http://1-20.ir/files/asnad/ghatname/1737en.pdf

# هەرێمی کوردستان و گەمارۆکانی ئەمریکا لە سەرئێران

مەحموود موبارەکشاهی
خوێندکاری دکتواری جیۆپۆلێتیکا

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# هەرێمی کوردستان و گەمارۆکانی ئەمریکا لە سەرئێران

مەحموود موبارەکشاهی
خوێندکاری دکتواری جیۆپۆلێتیکا

سیاسەتی پەراوێزخستن وگەماڕۆدان، ڕەنگە وەک شێوازێک لە ململانێ، تەمەنێکی بەدرێژایی مێژووی هەبێت. بێگومان "گەمارۆدان" دەچێتە خانەی شەڕی ڕانەگەیەندراوەوە؛ چونکە هەنووکە، لە زۆربەی وڵاتانی زلهێزو گەشەسەندوودا، ستراتێژی سەربازی لە پلەی یەکەمەوە بۆ پلەی پێنجەم دابەزیوە و ئەوەی گرنگی پێدەدرێ چەمکی "ئابووری"یە. دنیای ئەمڕۆ لە ڕوانگەی سیستەمیەوە شرۆڤە دەکرێ و ئەگەر وڵاتێک بەپێچەوانەی سیستەمی زاڵبووی جیهانی کە ئێستا سیستەمی" لیبراڵ-دیموکراسییە" بجووڵێتەوە، بەدڵنیاییەوە تووشی تەنگژەی جیۆپۆلێتیکی دەبێت. کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەهۆی سیاسەتەکانی خۆیەوە تووشی "خۆپەراوێزخستنی دڵخوازانە" بووە؛

دوابەدوای سەرهەڵدانەوەی بەگڕوتینی پرۆژەی پیتاندنی یۆرانیۆم و کاراکردنەوەی هەوڵە ناوکییەکان لەسەردەمی سەرۆک کۆمار مەحموود ئەحمەدی نەژاد، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گەمارۆی تۆند وبەهێز بووەتەوە کەوا وڵاتی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ئێرانــی بــەرەو داڕمانــی ئابــووری بــردووە. هەرچەنــدە هاتنەســەرکاری حەســەن ڕووحانــی لــە خولــی یازدەیــەم، ڕێکەوتنامــەی ناوکــی لەنێــوان ئێــران و وڵاتانــی پێنــج - کۆیەکــی لێکەوەتــەوە؛ بــەڵام بەهــۆی سیاســەتەکانی کۆمــاری ئیســڵامی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و زەخــت و لۆبیگــەری وڵاتانــی کەنــداو و ئیسرائیــل، دۆناڵــد ترەمــپ ســەرۆککۆماری نوێــی ئەمریــکا بــەو قەناعەتــە گەیانــدووە کــە لــە ڕێکەوتنامــەی بەنــاو "بەرجــام" بکشــێتەوە و هەمــوو ئــەو گەماڕۆیانــەی کــە بــۆ ماوەیەکــی کــورت لەســەر ئێــران ڕاگیرابــوون، کارابکرێنــەوە. گەمارۆکانــی ئەمریــکا لەســەرئێران بەدڵنیاییــەوە کاردانــەوەی جۆراجــۆری لەســەر پەیوەنــدی وڵاتــان لــە گــەڵ ئێــران دەبێــت.

هەرێمــی کوردســتان بەهــۆی دراوســێیەتی و پەیوەنــدی قووڵــی ئابــووری و سیاســی لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامی، لــە ژێرکاریگــەری ئــەو گەمارۆیانهــدا دەبێــت. لــەم وتــارەدا هەوڵدەهــدرێ وەڵامــی ئــەم پرســیارانە بدرێتــەوە:

1 - ئایا سیاســەتی هەرێمــی کوردســتان لەبەرانبــەر کاریگــەری گەمــارۆکان دەبــێ پاشــکۆی سیاســەتەکانی بەغــدا بێــت؟

2 - هەرێمــی کوردســتان چــۆن دەتوانــێ هاوســەنگی لەنێــوان ئەمریــکا و کۆمــاری ئێسـڵامیدا بپارێزێــت؟

3 - کاریگــەری گەمــاڕۆکان لەســەر ئابــووری هەرێــم چییــە و ئابــووری هەرێــم بــەرەو چــی ئاقارێــک دەبــات؟

وشــە ســەرەکییەکان: ڕوانگــەی سیســتەمی، گەمــارۆکان، ئەمریــکا، کۆمــاری ئیســڵامی ئێــران، هەرێمــی کوردســتان.

## 1

## پێشەکی

مێــژووی ڕووبەڕووبوونــەوەی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران و وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا تەمەنێکــی چــڵ ســاڵەی هەیــە. دوابــەدوای ســەرکەوتنی شــۆڕشــی گەلانــی ئێــران لــە ســاڵی 1979، دروشــمی ســەرەکی حکومەتــی تــازە بەدەســەڵات گەیشــتوو دژایەتیکردنــی هەژموونــی و دەســتێوەردانی ئەمریــکا لــە ئێــران و ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــووە. ڕاگەیاندنــی جەنگــی ئایدۆلــۆژی لەگــەڵ وڵاتانــی کەنــداو و بەرزکردنــەوەی دروشــمی

"هەناردەکردنی شـۆڕش" و هەروەهـا "سـڕینەوەی ئیسرائیـل لـە سەرنەخشـەی جیهـان" بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، تەحەداکردنـی دەسـەڵاتی ئەمریـکا لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە؛ سیاسـەتێک کـە لەئاکامیـدا داگیرکردنـی "سـەفارەتی ئامریـکا"ی لەلایـەن خوێندکارانـی بەناو"پەیڕەوانـی هێڵـی ئیـمام"ی لـە تـاران لێکەوتـەوە. جەنگـی هەشـت سـاڵەی ئێـران و عێـراق وپشـتیوانی هەمەلایەنـەی وڵاتانـی عەرەبـی لـە عێـراق، کۆمـاری ئیسـلامی ئیرانـی بـەو قەناعەتـە گەیانـد کـە هەمـوو دژایەتییەکـی حکومەتـی مەزهەبـی ئیـران لەلایـەن ناوچەکـەوە، دەسـتی ئەمریـکای لەپشـتە و ئامانجـی سـەرەکی ئەمریـکا گەڕاندنـەوەی دەسـەڵاتی پادشـایەتی لەڕێـگای دەسـتوپەوەندەکانی ناوچەیـی وناوخۆیـی هاوپەیمانـی ئـەو وڵاتەیـە.

کۆمـاری ئێسـلامی کـە لـە شـەڕی هەشـت سـاڵەی خۆی لـە گەڵ عێـراق تووشـی خەسـارێکی زۆری گیانـی و ئابووری بووبـوو، دوای پەسـەندکردنی بڕیارنامـەی 598 ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، دەرەتانـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـا کـە پـرۆژەی ناوکـی خـۆی کـە دەچێتـە خانـەی "تەحـەدای جیۆپۆلێتیکییـەوە (Geopolitical challenge) بێنێتەکایـەوە. ئامانـج لـە کاراکردنـی ئـەم چەمکـە لەلایـەن وڵاتانـەوە ئەوەیـە کـە هێـزی بەرانبـەری خۆیـان بـە کەڵکوەرگرتـن لـە هـۆکارە جۆراجـۆرە جوگرافیایـی و مرۆییـەکان تووشـی دەستەوەسـتان بکـەن.

سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لەدژایەتیکردنـی بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا، سـەرەڕای ئـەوەی شـەڕی هەشـت سـاڵەی ئێـران وعێراقـی لێکەوتـەوە و بەرەیەکـی دژبـەری وهڵاتانـی عەرەبـی بـە سـەرکردایەتی عەرەبسـتان و هەروەهـا دژایەتـی تۆنـدی ئیسرائیلـی بـەدواوە بـووە، لەهەمانکاتـدا ئـەم وڵاتـەی تووشـی کۆمەڵێـک گەمـارۆی سـەخت کردووەتـەوە کـە دەسـپێکی ئـەم گەمارۆیانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوابـەدوای داگیرکردنـی باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا

لــە تــاران و دابڕانــی پەیوەنــدی سیاســی لەنێــوان ئــەو وڵاتــە وئەمریــکا. سیاســەتی پەراوێزخســتن وگەمــارۆدان، ڕەنگــە وەک شــێوازێک لــە بەربەرەکانــێ، تەمەنێکــی بەدرێژایــی مێــژووی هەبێــت. بێگومــان "گەمــارۆدان" دەچێتــە خانــەی شــەڕی ڕانەگەیەنــراوەوە؛ چونکــە هەنووکــە، لــە زۆربــەی وڵاتانــی زلهێــز و گەشەســەندوودا، ســتراتیژی ســەربازی لــە پلــەی یەکەمــەوە بــۆ پلــەی پێنجــەم دابەزیــوە و ئــەوەی گرنگــی پێــدەدرێ چەمکــی "ئابووریی"یــە. دنیــای ئەمــڕۆ لــە ڕوانگــەی سیســتەمییەوە شرۆڤەدەکــرێ و ئەگــەر وڵاتێــک بەپێچەوانــەی سیســتەمی زاڵبــووی جیهانــی کــە ئێســتا سیســتەمی" لێبــراڵ-دیموکراســییە" بجووڵێتــەوە، بەدڵنیاییــەوە تووشــی تەنگهــژەی جیۆپۆلێتیکــی دەبێــت. بەهــۆی ئــەوەی سیاســەتی ئابــووری لــە سیســتەمی ئەمــڕۆی جیهانــی وەک بازنەیەکــی پەیوەندیــدارە، هەرجــۆرە گەمارۆدانێــک لەلایــەن زلهێــزی ئــەم سیســتەمەوە، ڕەنگدانــەوەی لــە پەیوەنــدی ئابووری وڵاتانــی بــە دواوەدەبێــت. بێگومــان هەرێمــی کوردســتانیش وەک یاریکەرێکــی ئابــووری و سیاســی لەگــەڵ کۆمــاری ئیسلامی ئێران، لەژێــر تەوەژمــی ئــەم گەمارۆیانــە دەربازنابێــت.

لــەم وتــارەدا کــە بەکەڵکوەرگرتــن لــە میتــۆدی "وەســفی-تەحلیلــی" ئامادەکــراوە، هەوڵدەــدرێ وەڵامــی ئــەم پرســیارانە بدرێتــەوە:

- ئایــا سیاســەتی هەرێمــی کوردســتان لەبەرانبــەر کاریگــەری گەمــارۆکان دەبــێ پاشــکۆی سیاســەتەکانی بەغــدا و دوڵەتــی ناوەنــدی بێــت؟

- هەرێمــی کوردســتان چــۆن دەتوانــێ هاوســەنگی خــۆی لەنێــوان ئەمریــکا و کۆمــاری ئیســلامی ئێــران بپارێزێــت؟

- کاریگــەری گەمــارۆکان، ئابــووری هەرێمــی کوردســتان بــەرەو چــی ئاقاریــک دەبات؟

## 2

# پوختەیەک لەسەر چالاکی ئەتۆمی ئێران

سەرەتای تێکۆشانی ئەتۆمی ئیران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1974. کاتێک ڕژێمی پێشووی ئیران بۆ دانانی ناوەندێکی ئەتۆمی لە شاری بووشەهەر لەگەڵ کۆمپانیای زیمینسی ئەڵمانی ڕێکەوتن. ئەم پرۆژەیە کە لەژێر چاودێری ئاژانسی ناوەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوەدەچوو تا ساڵی 1978 ودەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئیران ڕێژەی 85% کارەکانی دواییهات، بەڵام بەهۆی تەنگژەی سیاسی لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ڕۆژئاوا ئەم پرۆژەیە بەناتەواوی مایەوە. دواتر ژاپۆن بۆ ماوەیەک ئەرکی بەئاکام گەیاندنی ئەم پرۆژەیەی وەئەستۆگرت، بەڵام ئەو وڵاتەیش بەهۆی زەختی نەیارانی کۆماری ئیسلامییەوە کارەکەی بەجێهێشت. لەو سەردەمهدا هۆکاری سەرەکی بەجێهێشتنی پرۆژەی "بووشەهەر" ئەو دروشمانە بوون کە حکومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئیران ڕووبەڕووی دنیای دەرەوەی دەکردەوە وەک لەناوبردنی ئیسرائیل و هەناردەکردنی شۆڕش و هەروەها داگیرکردنی باڵیوزخانەی ئەمریکا. ئەمجۆرە لە هەڵوێست لەلایەن وڵاتێکی شۆڕشگێڕەوە بە گروتینێکی ڕادیکالییەوە بەزووترین کات کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەڕێبەرایەتی ئەمریکا لەلایکەوە و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و عەرەبی لەلایەکی ترەوە بەدوای خۆیدا هێنا. ڕەنگە بەلەزترین هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەنیسبەت ئێرانەوە نیوەچڵ کردنی هەوڵە ناوەکییەکانی ئێران بووبێ کە دەچێتە خانەی ستراتیژییەوە.

جەنگی ئێران و عیراق و ئاوەدانکردنەوەی کاولکارییەکانی شەڕی نەخوازراو، بۆماوەیەک پرۆژەی ناوەکی ئێرانی پەکخست کە بەوتەی کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی ئاشتییانە و زانستییانەی لە پشتەوەیە. لە سەردەمی سەرۆککۆماری هاشمی رەفسەنجانی بەپاڵپشتی ڕووسیا جارێکی تر پرۆژەی ناوەکی ئێران بەزەقکردنەوەی کاری ناتەواوی بووشەهەر دەستپێکردەوە. ئەوەی کە لەم ماوە دوورودرێژەدا ڕووسیا بەبیانووی جۆراجۆر چەندە لە ماڵ و خەزێنەی ئێرانی بۆ درێژکردنەوەی پرۆژەی ناوکی

بەتاڵان بردووە جێی باسوخواستی ئێمە نییە و ڕنگە وڵاتانی ڕۆژئاواییش لەسەر پرۆژەی بووشەر ئەوەندە مشتومڕیان نەکردبێ، بەڵام کاتێک پرۆژەی ناوەکی ئێران حەساسیەتی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی و دەستوپەیوەندەکانیان لەناوچەکەی بەدوای خۆی هێنا و هەڵویستێکی توندیان لەبەرانبەر کاروباری ناوکی ئێران وەرگرت، دەنگۆی شاردنەوەی تێکۆشانی ناوکی ئێران بەدوور لە چاودێری ئاژانسی ناوکی و وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕێکەوتننامەی N.P.T بووە.

لە سەردەمی سەرۆککۆماری محەممەدی خاتەمی و دوای ڕێکەوتنی تاران، دوڵەوتی ئەوکاتی ئێران زۆربەی هەوڵە ناوکییەکانی خۆی هەڵواسی، بەڵام لەدوای هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد و لایەنی محافزەکار و گەرمبوونەوەی دروشمگەلی دژبە ڕۆژئاوا و هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەرنەخشەی جیهان لەلایەن دەوڵەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و بە باوەڕی ئەوان دوراندنی ئێران لەبەرانبەر ڕۆژئاوا، جارێکی تر پرۆژەی ناوەکی ئێران بە گوڕوتینێکی لەڕادەبەدر دەستی بەکار کردەوە و تەنانەت جێژنی ناوەکی و ڕۆژی ڕێزلێنانیان بۆ دیاریکرد. دوابەدوای ئەم هەوڵانە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی فایلی ناوکی ئیرانییان لە ئاژانسی وەزی نێودوڵەتی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گواستەوە و چەندین بڕیارنامەی سزادانیان لەدژی ئیران بە تێکرای دەنگی ئەندامان پەسەندکرد.

کاریگەری گەمارۆکان لەسەر ئابووری ئێران بەڕادەیەک بوو کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا، نرخی هەڵئاوسان و دابەزینی نرخی دراوی ئیرانی، زۆربەی پرۆژە ستراتیژییەکانی ئێرانی بەرەو وەستان برد و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێرانی تووشی تەنگژەیەکی بێوێنە کرد. کاریگەری گەمارۆکان و داخرانی دەروازەی جیهان بەڕووی ئێران وایکرد کە لە

هەڵبژاردنــی خولــی یازدەیەمــی ســەرۆککۆماریدا، خەڵکــی ئێــران بەدەنگێکــی زۆر حەســەنی ڕووحانــی هەڵبژێــرن کــە بەدروشــمی تەدبیــر و ئومێــد و کلیلــی کرانــەوەی دەروازەی جیهــان بــەڕووی ئێران لــە گۆڕەپانــی سیاســیدا دەرکەوتبــوو.
دوابــەدوای هەڵبژاردنــی ڕووحانــی و دەســبەکاربوونی کابینەکــەی، ســەرەکیترین هەڵوێســتی حکومەتــی نوێــی ئیــران، دەســپێکردنەوەی دوبــارەی دانوســتانە ناوکییــەکان لەگــەڵ ڕۆژئــاوا بــوو. ئاکامــی دانوســتانەکان کە ماوەی یــەک ساڵونیوی خایانــد، ڕێکەوتنــی 14جــوولای 2015 ڤیەنــای بەشــوێن خۆیــدا هێنــا.

## 3

## ڕێکەوتنامەی 5کۆ1 و ئەنجامە ئابووری و سیاسییەکان

ئەگــەر ڕێکەوتنەکــە بەپێــی ئــەو قۆناخانــەی کــە بــۆی دیاریکرابــوو، جێبەجێبکرایــە چــی کاریگەرییەکــی ئابــووری و سیاســی لەســەر ئێــران دەبــوو؟

جیهانــی ئەمــڕۆ لــە هەمــوو بوارێکــەوە وەک کیانێکــی سیســتەمی کاردەکا و دابــڕان لــە سیســتەمی جیهانــی لەلایــەن هەر وڵاتێکــەوە بــێ، ئــەو وڵاتــە تووشــی گۆشــەگیری دەکا و سیســتەمی ناوخــۆی وڵات کــە خــۆی وەک توخمێــک لــە سیســتەمی جیهانــی دێتەئەژمــار، لەبــواری کارامەیــی سیســتەمییەوە و خۆنوێکردنــی، بــەرەو مــەرگ دەبــات و دەبێتــە هــۆی بەرزبوونــەوەی ئانترۆپــی لــە پێکهاتــەی سیســتەمی ولــە ئاکامــدا بەهــۆی ئــەوەی سیســتەم وەزی پێویســت لەدەرەوەی خــۆی وەرناگرێــت، وەڵات یــان کیانی سیاســی تووشــی هەڵوەشــان ودارمــان دەکات. هەســتپێککردن بــەم دۆخــە لەلایــەن هــەر وڵاتێکــەوە، دەتوانــێ پێکهاتــەی سیاســی وڵات تاڕادەیەکــی زۆر، لــە مەترســی دارمانــی ئابــووری و سیاســی بپارێزێــت. بــۆ وێنــە وڵاتــی کووبا دوای پتر لــە نیوســەدە خۆپەراوێزخســتنی لــە سیســتەمی جیهانــی، بەهــۆی پێویســتی بــە وزەی سیســتەمییەوە، ناچــار خــۆی تێکــەڵ بــە کۆمەڵــگای جیهانــی کــردەوە.

دوابــەدوای ســەرکەوتنی شۆڕشــی گەلانــی ئێــران لەســاڵی

1979 و بەرزکردنـەوەی دروشـمێ " نـە شـەرقی نـە غەربـی" لەلایـەن کاربەدەسـتانی بەدەسەڵاتگەیشـتوو، وڵاتـی ئێرانـی وەک خواسـتێکی سیاسـی، تووشـی خۆپەراوێزخسـتنی سیسـتەمی لـە پێکهاتـەی جیهانـی کـردەوە کـە ئەمجـۆرە هەڵوێسـتە، دەچێتـە خانـەی "خۆپەراوێزخسـتنی دڵخـوازەوە".

ئەوجـۆرە هەڵوێسـتە ڕادیکاڵانـەی سـەرەتای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، پەیوەنـدی ئابـووری و سیاسـی ئێرانـی لەگـەڵ وڵاتانـی کاریگـەری جیهانـی، تووشـی کێشـەیەکی بنەڕەتـی کـرد و ئاسـەوارەکانی دابڕان لـە سیسـتەم، لـە ڕوومەتـی ئابـووری ئێـران بەڕوونـی دیـارە. سـەرلەنوێ کردنـەوەی بەپەلـەی پـرۆژەی ناوکـی ئێـران لەسـەردەمی سـەرۆککۆماری ئەحمـەدی نـەژاد و گەرمکردنـەوەی دیپلۆماسـیەتی دروشـم، ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی بـەرەو پەسـەندکردنی چەندیـن بڕیارنامـەی سـزادانی ئێـران بـرد کـە لـە ئاکامـدا، ناکامـی ئابـووری و سیاسـی ئێرانـی چەنـد قـات کـردەوە. بەهـۆی ئـەم هۆکارانـەوە کـە ئامـاژەم پێـدان، بێگۆمـان ڕێکەوتنی ئەتومـی ئێـران و ڕۆژئـاوا، بـۆ نوێکردنـەوەی سیسـتەمی ئابـووری و سیاسـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و بەخشـینی وزەیەکـی نـوێ بـە سیسـتەمی سیاسـی و ئابـووری وڵات، وەک پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنەگر دێتەئەژمـار.

**ئەلف: کاریگەریی ئابووری؛**

- هەڵگیرانـی گەمـارۆ لـە سەرسیسـتەمی بانکـی و ماڵـی لەسـەر ئێـران؛
- ئازادکردنـی نزیـک بـە 100میلیـارد دۆلارپـارەی ڕاگیـراوی ئێـران؛
- ڕەخسـاندنی دەرەتـان بـۆ سـەرمایەگوزاری کۆمپانیـا زلهێزەکانـی جیهانـی لەبـواری نـەوت وگازی ئێـران؛
- بەرزبوونـەوەی بایەخـی دراوی ئێرانـی لەبەرانبـەر دۆلار و دراوەکانـی تـر؛
- بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری.

**ب: کاریگەری سیاسی؛**

هەروا کە پێشترئاماژەم پێدا، لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ وڵاتێک بەبێ پەیوەندی بە سیستەمی جیهانییەوە توانای خۆبەڕێوەبەری نابێت و خۆتەریکخستن لە کۆمەڵگای جیهانی ئاستی گەشەسەندوویی وڵات بەشێوەیەکی بەرچاو، تووشی تەنگەژە دەکات و بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵات بەرەو ئاقارێکی نادیاردەبات.

ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و ڕۆژئاوا لەبواری سیاسی دەیتوانی ئەم ئاکامانەی بەدواوە بێت:

- هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە تارادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی ئێران بشکێنێتەوە.

هەتاوەکوو پێش ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران ورۆژئاوا، وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل زۆرترین فشاریان لەسەر ڕۆژئاوا لەمەڕ مەترسی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی دەکرد، بەڵام دوای ئەم ڕێکەوتنە، ئەم کارتە جیۆپۆلێتیکییە تارادەیەک کاریگەری خۆی لەدەسدا و لۆبی وڵاتانی دژبە ئێران لە ڕۆژئاوا لەم بوارەدا دەستەوەستان مانەوە.

- ڕۆڵی ئێران لە چارەسەرکردنی تەنگژە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچهکە بەتایبەت لە وڵاتانی عێراق، سووریا و یەمەن بەشێوەیەکی بەرچاو زەقدەکاتەوە و یاریگەرانی سیاسی ناوچەیی و نێونەتەوەیی وا لێدەکا ئێران وەک یاریگەرێکی شوێندانەر لە بازنەی ڕووداوەکاندا لەبەرچاوبگرن و لەم سۆنگەیەوە ئێران بەهۆی نەمانی زەختی ناوکی بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچە، داوای ئیمتیاز و قەربووی سیاسی لە وڵاتانی ناوچەکە ورۆژئاوا دەکات.

- ئەگەر ڕێکەوتنامەی ناوهکی ئێران و ڕۆژئاوا جێبەجێبکرایە، زەمینەیەکی لەبار بۆ گەڕانەوەی ئێران بۆ نێو سیستەمی جیهانی دەڕخسا و ئێران لەم ڕێگەیەوە هێزی مشتومڕی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودۆلەتی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

## 4

## هەرێمی کوردستان و گەمارۆکان

لە بواری جۆراوجۆر بەرزەبووەوە و بەهۆی لاچوونی گەمارۆکان و گەڕانەوەی پارەڕاگیراوەکانی، لەبواری یارمەتی لۆجستیک و ماڵی بۆ هاوپەیمانانی لە ناوچەکە، تارادەیەکی زۆر دەرەتانی پەلهاوێشتنی لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەبوو و لەم ڕێگەیەوە دەیتوانی مەبەستەکانی بپێکێت.

- گەڕانەوەی پارە ڕاگیراوەکان و لاچوونی گەمارۆکان بەمەرجی بووژانەوەی ئابووری ئێران و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی خۆشگوزەرانی خەڵک، لەبواری سیاسی، پێکهاتەی حکومەت لەنێو چینی ماماوەندی کۆمەڵگای ئێران کە بۆ ماوەیەکی دووروردێژ لەژێر گوشاری ئابووریدا ژیاون، بەهێزدەکرد و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرەتانی ئەوەیان بۆ دەرخسا کە ئەم دۆخە بەنێوی ڕەوایی سیاسی و ڕەزامەندی خەڵکی ئێران لە پیکهاتەی سیاسی وڵاتدا بقۆزنەوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لەدنیای ئەمڕۆدا میکانیزمی پەیوەندی وڵاتان لەبواری سیاسی و ئابووری، شێوازێکی گەردوونی بەخۆیەوە وەرگرتووە و ئەوەی زلهێزی ئابووری جیهان بێت، تارادەیەکی زۆر، ئیرادەی خۆی بە سەر یاریکەرانی ئەم بازنەیەدا دەسەپێنێت.

دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆککۆماری ئەمریکا واژۆی لەسەر دەرچوونی ئەو وڵاتە لە ڕێکەوتنی بەناو"بەرجام" کرد، زۆربەی وڵاتان و کۆمپانیاکان بەهۆی ترس لە سزاکانی ئەمریکا پەیوەندی ئابووری خۆیان لەگەڵ ئیران دابەزاندووە و تەنانەت بەشێک لە کۆمپانیاکان بەتەواوەتی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئیران بڕیوە.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەم بارەیەوە هەڵوێستی خۆی نیشاندا عێراق بووە. بێگۆمان

هەرێمــی کوردســتان تائێستاشــی لەگــەڵ بێــت، بەشــێک لــە وڵاتــی عێــراق دێتەئەژمــار و هەرجــۆرە هەڵوێســتێک لەلایــەن عێراقــەوە، هەرێمــی کوردســتانیش دەگرێتــەوە. هەرێمــی کوردســتان بەرلــە ڕێفراندۆمــی ســەربەخۆیی، جۆرێــک لــە سیستەمی"ســەرووفیدرالی یاخــود ultrafederal پەیڕەودەکــرد و لــە زۆربــەی کارەکانــی خۆیــدا بەپێــی بەرژەوەنــدی هەرێمــی کوردســتان بڕیــاری دەدا، بــەڵام بەهــۆی ســڕکردنی ئاکامــی ڕێفرانــدۆم و ڕووداوەکانــی 16 ئۆکتۆبــەری 2017، هەرێمــی کوردســتان ڕۆڵــی ســەربەخۆی خــۆی تاڕادەیــەک لەدەســتداوە و بەجورێــک تێکــەڵ بــە شــێوازی فیدراڵــی بووەتــەوە. هــەروەک دەزانیــن لــە سیســتەمی فیدراڵــدا سیاســەتە گشــتییەکانی وڵاتــی فیــدراڵ، لەلایــەن دەوڵەتــی ئێتحادییــەوە بڕیــاری لێــدەرێ و لــەم ســۆنگەیەوە، هەرێمــی کوردســتان لەبەرامبــەر گەمارۆکانــی ئەمریــکا لەســەر ئێــران، دریژەپێــدەری سیاســەتەکانی بەغــدا دەبێــت. هەڵبــەت لــەم نێــوەدا هەرێمــی کوردســتان بەهــۆی ئــەوەی پەیوەندییەکــی دوورودرێــژی لەگــەڵ ئێــران هەبــووە، دەتوانــێ لەژێــر بــاری بەرپرســیارێتی عاتفــی و مێژوویيــدا لەبەرانبــەر ئێــران خــۆی ڕزگاربــکات و تۆپەکــە بخاتــە مەیدانــی دەوڵەتــی ناوەندییەوە.هەرچەنــدە وڵاتــی ئێرانیــش لەمــەڕ دەستەوەســتانکردنی هەرێمــی کوردســتان ڕۆڵــی گێــڕاوە. سیاســەتی ئێــران هەمــووکات لــە بەرژەوەنــدی بەغــدا بــووە و هەمیشــە کاربەدەســتانی بــاڵای ئێرانــی بەڕاشــکاوانە، دژی ســەربەخۆیی کوردســتان هەڵوێســتیان نوانــدووە و ئــەو بڕیارانــەی کــە هەرێمــی کوردســتان لەبــواری سیاســی و ئابــووری بەشــێوەیەکی ســەربەخۆ دەریکــردوون، لەلایــەن ئێرانــەوە ســەرکۆنەکراون. ئێســتاش هەرێمــی کوردســتان دەتوانــێ بەپێــی ئێســتنادکردن بــە سیاســەتەکانی بەغــدا و دەســتووری فیدراڵــی و هەروەهــا هەڵوێســتەکانی کۆمــاری ئێســلامی لەبەرانبــەر هەرێمــی کوردســتان، بڕیــاری خــۆی بەشــێوەیەکی ڕوون لەپێنــاو سیاســەتەکانی دەوڵەتــی ناوەنــدی و خۆدەربازکــردن لــە ســزاکانی ئەمریــکا بەزمانێکــی دیپلۆماســیانە ڕابگەیەنێــت. هەرێمــی کوردســتان هیچــکات

بەقـەد لایەنـە شـیعەکان خۆشەویسـتی ئێـران نییـە و دەبـێ بـە دوورئەندیشـی و لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەنـدی خەڵکـی کوردسـتان بڕیاردەربـکات.

هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی هەڵکەوتـەی جۆگرافیایـی، تووشـی تەنگـژەی جیۆپۆلێتیکییـە و دەبـێ زۆر بەهەسـتیاری لەگـەڵ دۆخـی ناوچەکـە بجووڵێتـەوە. هەرێمـی کوردسـتان دەبـێ لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی و هەرێمـی کوردسـتان بەتایبەتـی، لـە هەرجـۆرە ئەگەرێکـدا بەباشـترین شـێوە کەڵکوەربگـرێ و بەهـۆی ئـەوەی دۆسـتێکی متمانەپێکـراو وهاوپەیمانێکـی ڕاسـتگۆی نییـە، دەبـێ هاوسـەنگی هێـز بەباشـی بپارێـزێ و خـۆی تێکـەڵ بـە ڕکابەرێتـی لەنێـوان یاریکەرانـی ناوچەیـی و جیهانـی نـەکات. هـەر یاریکەرێـک بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتان بپارێـزێ، دەبـێ لـە سیاسـەتەکانی بەرژەوندخـوازی هەرێـم جێـگای تایبەتـی بـۆ بکرێتـەوە. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت وڵاتانـی هەرێمـی بەتایبـەت ئەوانـەی بەشـێک لـە کوردسـتانیان لەنیـوان خۆیانـدا دابەشـکردووە، بەهیـچ شـێوەیەک بەهێزبوونـی هەرێمـی کوردسـتانیان نـاوێ و ڕووداوەکانـی دوای ڕێفرانـدۆم دەرخـەری ئـەم ڕاسـتیەن؛ بۆیـە هەرێمـی کوردسـتان دەبـێ بەپێـی "جەبـری جیۆپۆلیتیـکا" ئـەو لایەنانـە بـە دۆسـت و هاوپەیمانـی خـۆی بزانـێ کـە لـە سیاسـەتەکانی خۆیـاندا بەرژەوەنـدی درێژخایەنـی گەلـی کوردسـتان بەگشـتی و هەرێمـی کوردسـتان دەپارێـزن.

فـواد جرجیـس مامۆسـتای بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی قۆتابخانـەی ئابـووری لەنـدەن لـەو قەناعەتەیـە کـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا دەیـەوێ لەڕێـگای ئابوورییـەوە زەختـی زۆرتـر بکاتەسـەر ئێـران و لەئاکامـدا لەڕێـگای ئابوورییـەوە، ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـەرەو داڕمانـی یەکجارەکـی ببـات (جرجیـس،bbcpersian.2018).

ئــەوەی ڕاســتی بــێ سیاســەتی گەمــارۆدان ڕەنگــە باشــترین میکانیــزم بێــت لــە دەســت وڵاتانــی زلهێزکــە بــە کەمتریــن تێچــوو نەیارانــی خۆیــان بەچۆکــدا بێنــن و لەڕێــگای زەختــی ئابوورییــەوە، ویســتوداخوازی خۆیــان بەســەر وڵاتانــی دژبــەر بســە پێنن .

ئــەوەی دیــار و حاشــاهەڵنەگرە لــە دنیــای ئەمــرۆدا، وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا، هێــزی یەکەمــە لــە پێکهاتــەی جیۆپۆلێتیکــی جیهــان. ئــەم وڵاتــە دوابــەدوای هەرەســهێنانی ســۆڤیەتی پێشــوو، وەک زلهێــزی یەکــەم خــۆی ناســاندووە و بەوتــەی فرانســیس فۆکۆیامــا لــە بیرۆکــەی "کۆتایــی مێــژوو" بــە ســەرکەوتنی ئەمریــکا بەسەرســۆڤیەت، لیبرالیــزم لــە دنیــا تاقــە ئەزموونــە کــە کۆتایــی بــە مێــژوو دەهێنێــت. ئەگــەر وڵاتانــی گەشەنەســەندوو دەیانــەوێ لەبــواری ئابــووری و سیاســیدا گەشــەبکەن و لــە ڕەوتــی ژیــاری ســەردەم بەجێنەمێنــن، دەبــێ خۆیــان تێکــەڵ بــە کاروانــی لیبرالیــزم بــە ســەرکردایەتی ئەمریــکا بکــەن.

ئەمریــکا بەهــۆی بەرژەوەنــدی ناوچەیــی خــۆی، هەمیشــە هەوڵیــداوە لەبــواری ئابــووری سیاســی، ئــەو وڵاتانــە بپارێــزێ کــە لەڕەوتــی گــەڕی ســەرمایە و بــازاری ئــازاد لەگــەڵ بەرژەوەنــدی ناوچەیــی ئەمریــکا خۆیــان ڕێکخســتووە.

ڕێکەوتنــی وڵاتانــی ڕۆژئاوایــی لەگــەڵ ئێــران، پێگــەی ئــەم وڵاتــەی لەهاوکێشــە ناوچەییــەکان بەرزکــردەوە و دەرەتانــی پەلهاوێشــتنی زۆرتــری لــە ناوچهکــە بــۆی ڕەخســاند و ئــەم دۆخــە بووەتەهــۆی نیگەرانــی جیــددی وڵاتانــی هاوپەیمانــی ئەمریــکا لــە ناوچــەدا. دەســتێوەردانی ئاشــکرای ئێران لــە ســووریا، یەمــەن و عێــراق و دروســتکردنی گرووپــی هاوئایدیۆلــۆژی بۆخــۆی لــە وڵاتانــی عەرەبــی، ئیسرائیــل وعەرەبســتانی وەک ڕکابــەری ســەرەکی ئێــران بــەو قەناعەتــەی گەیانــدووە کــە ئەگــەر ڕەوتــی هەڵگیرانــی گەمــارۆکان لەســەر ئێــران بەپێــی زەمەنــی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

دیاریکراو بەرەو پێشەوە بڕوا، ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیمپراتۆریەتی شیعە لە هیلالی دیاریکراودا پێکدەهێنێ و بەپێی ئەوەی کە ئێران کار لەسەر پڕۆژەی مووشەکی خۆی دەکا، کەوابوو بیرۆکەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی هێشتا لە سەریدا دەخولێتەوە. ئەم هۆکارانە وایانکرد عەربستان بە پەیمانێکی ئابووری 200 ملیار دۆلاری لەگەڵ ئەمریکا، ترەمپ و دەزگای دیپلۆماسی ئەو وڵاتە بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە مانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ناوکی لە بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نەریتی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا نییە. دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوکی، پەیامێکی ڕوونە بۆ هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە بەتایبەت وڵاتانی تورکیا، پاکستان، عێراق و هەرێمی کوردستان کە بەپێچەوانەی ویستوداخوازی ئەو وڵاتە نەجووڵێنەوە و بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندی ئێران گەمارۆکان پێشێلنەکەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران بەهۆی پەیوەندی بەهێزی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهیوایە کە دوابەدوای قۆناخی دووەمی گەمارۆکان کە لە دوای مانگی نۆڤەمبەر دەستپێدەکا و ئەمجارە هەناردەی نەوت و گازی ئێرانی کپ دەخرێتە بەردەمی، لەڕێگای هەرێمی کوردستانەوە دەرەتانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ بمێنێتەوە.

ئیسحاق جیهانگیری جێگری سەرۆککۆماری ئێران لە سەفەرێکدا کە بۆ پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردی، بەڕاشکاوی داوا لە خەڵکی سەرسنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکا کە لە هەموو تواناکانی باشووری کوردستان بۆ پووچەڵکردنەوەی شوێنەواری گەمارۆکان کەڵکوەر بگرن.

ئەوەی ڕاستی بێت هەرێمی کوردستان بەهۆی پەیوەندی قووڵی بازرگانی لەگەڵ تورکیا و هەڵکەوتەی ترانزیتی

لەگـەڵ ئـەو وڵاتـە، ڕەنگـە بـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی دابینکردنــی پێداویســتییەکانی کۆمــاری ئیســلامی بێتەئەژمــار. دۆخـی ئەمجـارە ڕکابەرێتـی لەنێـوان ئێـران و ئەمریـکا هەلێکـی لەبــاری بــۆ هەرێمــی کوردســتان ڕەخســاندووە کــە لەپێگــەی جوگرافیایــی خــۆی بەباشــی لــە پێنــاو بەرژەوەنــدی ئابــووری و سیاســی خــۆی لــە ئاســتی ناوچەکــە و عێــراق کەڵکوەربگریــت. ئــەوەی ڕوون و ئاشــکرایە کۆمــاری ئیســلامی لەنێــو گرووپەکانــی شــیعە جێگەوپێگــەی تایبەتــی هەیــە و ئەگــەر حکومەتــی داهاتــوو لــە دەســتوپەیوەندەکانی خــۆی پێکبێــت، ڕەنگــە کەلێنــی دەوردانــەوەی گەمارۆکانــی لەڕێــگای بەغــداوە بــۆ بکرێتــەوە، بــەڵام ئــەم ئەگــەرە زۆر دڵخۆشــکەر نییــە، چونکــە لیســتی بــراوەی یەکــەم لەعێــراق دژبــە هەژموونــی ئێــران لــە عێراقــە و لــە ئەگــەری دەســتێوەردانی ئەمجــارەی ئێــران لەعێــراق، ئەمریــکا، عەربســتان و ئــوردن بێدەنــگ نابــن.

بەبــاوەڕی بەشــێک لــە لێکۆڵــەران، هەرێمــی کوردســتان یەکێــک لــە باشــترین شــوێنەکانە کــە دەتوانــێ لەڕێــگای ســنوورەکانەوە، کاریگــەری گەمــارۆکان تاڕادەیــەک کاڵبکاتــەوە. هەرچەنــدە لــەم دۆخــەدا ئەمریــکا بەهــۆی پەیوەنــدی ســتراتیژی لەگــەڵ هەرێمــی کوردســتان، پەیوەنــدی فەرمــی بەمەبەســتی دەوردانــەوەی گەمــارۆکان لەلایــەن هەرێمــەوە قبوڵنــاکات.

عەبدولــڕەزا فەرەجــی ڕاد یەکێــک لــە مامۆســتایانی زانکۆکانــی تــاران کــە هــاوکات لــە ئەنجومەنــی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی ئێرانــدا پۆســتێکی گرنگــی هەیــە، لە وەڵامی پرســیارێکی نووســەردا ســەبارەت بــە هەڵوێســتی هەرێمــی کوردســتان لەبەرانبــەر گەمارۆکانــی ئەمریــکا دژی ئێــران، بەڕاشــکاوی داوادەکا هەرێمــی کوردســتان ڕۆڵــی ئەرێنــی کۆمــاری ئیســلامی لەمــاوەی ڕابــردوودا لەبەرچاوبگــرێ و گرنگــی بــە پەیوەندییــە بازرگانییەکانــی خــۆی لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامی بــدا و لــەم ڕێگەیــەوە چەندیــن ملیــار دۆلار ســوود بچنێتــەوە. ئەومامۆســتایە پێیوایــە بەهــۆی

ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان وڵاتێکـی سـەربەخۆ نییـە، دەربازبوونـی لـە گەمارۆکانـی ئەمریـکا ئاسـان دەبێـت. ناوبـڕاو پێیوایـە هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ ئـەو ڕۆڵـەی کـە تورکیـا لـە گەمارۆکانـی پێشـوودا لـە قازانجـی ئێـران گێـڕای، ئێسـتا ئـەم بیگێـڕێ و لەهەمـان کاتـدا پێگـەی کـورد لەبەرامبـەر بەغـدا بەهێزدەبێـت (فەرەجـی ڕاد،2018).

ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای سـێ کۆچکەیـەک بەنێـوی هەناردەکردنـی نـەوت و سـەرچاوە سروشـتییەکان، داهاتـی گومروکـی لـە دەروازە سـنوورییەکان و گەشـتیاری پێکهاتـووە. هەرجـۆرە تەنگژەیـەک لـە ڕێـرەوی ئـەم سـێ سـەرچاوەیەدا ڕووبـدا، ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان تووشـی کێشـەی گـەورە دەکات.

هەرچەنـدە دوای سـڕکردنی ئاکامـی ڕێفرانـدۆم، حکومەتـی ناوەنـدی بەشـێکی بەشـە بوودجـەی هەرێمـی ناردووە و تارادەیـەک گرفتـی مووچـەی هەرێـم چارەسـەرکراوە، بـەڵام ئابـووری هەرێـم بەشـێوەیەکی گشـتی پەیوەنـدی بـەو سـێ بەشـهوە هەیـە کـە ئامـاژەم پێـدان. هـەروەک دەزانیـن بەشـێکی بەرچـاو لـە نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان لەڕێـگای تانکـەرەوە هەنـاردەی ئێـران دەکـرێ و لـەم ڕێگەیـەوە داهاتێکـی بـاش نەسـیبی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت. ئەگـەر گەمـارۆکان هەنـاردەی نەوتـی ئێـران تووشـی وەسـتان بـکات، ئـەوکات ئێـران خـۆی توانـای فرۆشـتنی نەوتـی خـۆی نییـە. کەوابـوو ئیـتر چـۆن بتوانـێ نەوتـی هەرێمـی کوردسـتانیش بـۆ پاڵاوگـە و بەنـدەرەکان بگوێزێتـەوە؟ لـە دۆخێکـی ئاوەهـادا بەشـێکی نەوهتـی هەرێـم بەتایبـەت لـە زۆنـی سـەوز، لەگـەڵ گرفتـی جیـددی ڕووبەڕوودەبێتـەوە و هەروەهـا نەوەتـی کەرکووکیـش کـە لەڕیـگای تانکـەرەوە بـەرەو کرماشـان دەگوازرێتـەوە، تووشـی تەنگـژە دەبێـت.

ئەگـەر ئەمریـکا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لەژێـر

زەختی دابەزاندنی ئاستی بازرگانی لەگەڵ ئێران دابنێ، دانیشتوانی هەرێم بەتایبەت پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵبجە لەبواری دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانیان تووشی کێشە دەبن. هەرچەندە لە قۆناخی یەکەمی گەمارۆکان بەهۆی دابەزینی نرخی دراوی ئێرانی لەبەرامبەر دۆلار و دینار، تەوژمێکی زۆری خەڵکی باشووری کوردستان لەژێر ناوی گەشتیاری ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کردووە و شتومەکی پێویستی خۆیانیان بەنرخێکی زۆر هەرزان کڕیوە و لەم ڕێگەیەشەوە داهاتی گومرگی ئێران زیادبووە و بووژانەوەی بازاڕی ئێرانی بەدواوە بووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە کاریگەری گەمارۆکان و دابەزینی بەهای دراوی ئێرانی بووەتە هۆی ئەوەی وەک جاران گەشتیارانی ئێرانی توانای سەردانکردنی هەرێمی کوردستانیان نەمێنێ و ئەمە ڕاستەوخۆ لەسەر کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان کاریگەری دەبێت.

## 5 ئاکام

دنیای ئەمڕۆ لەڕوانگەیەکی ڕیالیستییەوە سەیردەکرێ و هەموو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان لە پێش هەموو بەها مرۆییەکانەوە پۆلێندەکەن.

لەڕوانگەی سیاسەتی ڕیالیستیەوە، دۆخی ئەنارشی بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵبووە. لەدۆخێکی وادا هەر دەوڵەتێک بەشوێن بەرژەوەندی و بەهێزکردنی خۆیەوەتی. ئەمریکا وەک دەسەڵاتی هەژموون و ئاڵاهەڵگری ئابووری لیبراڵی، پێیوایە بۆ ئەوەی "گەڕی سەرمایە" و "سەرچاوە سروشتییەکانی وزە" و"بازار" تووشی تەنگژەیەکی نێونەتەوەیی نەبێت و هەموو وڵاتان لەم بازنەیە بەپێی کارامەیی خۆیان دەسکەوتیان هەبێت، نابێ بەهیچجۆرێک لە ڕەوتی پێشڤەچوونی "ئابووری ئازاد" گرفتێک بێتەکایەوە. لەڕوانگەی ئەمریکاوە وڵاتانی عەرەبی کەنداو و ئیسرائیل بەهۆی پێگەی ستراتیژییان، وەک هێڵی سووری ئەمریکا

دێنەئەژمار و هەر وڵات یان گرووپێک بەهۆی کردەوەکانییەوە نەزمی ناوچەکە تێکبدا، ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی 1979، بەهۆی ئەو سیاسەتانەی کە لە ناوچەکە و جیهان پەیڕەویکردووەن، دۆخێکی دوژمناکارانەی لەنێوان خۆی و هێزی هەژموونی سیستەمی زاڵبووی جیهانیدا پێکهێناوە.

لەسەردەمێکدا کە "ئابووری" قسەی یەکەم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکا و سیاسەت، ئەمن و کاری سەربازی لەپێناو ئابووریەکی ئازاد شرۆڤەدەکرێن و سیستەمی جیهانی لەژێر کاریگەری پەیوەندیی ئابووریدایە، سیاسەتی گەمارۆدان ڕەنگە بەکەمترین تێچوو وڵاتێک تووشی داڕمانی تەواوی بکاتەوە. گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران کە هەر لە سەرەتایی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستیپێکردووە، لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم گەشەسەندوویی ئابووری ئیراندا بووە. گەمارۆکانی ئەمجارەی ئێران بەوتەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆککۆماری ئەمریکا تاقەتپڕووکێنن و لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی سەردەمدا بێوێنە دەبن. قۆناخی یەکەمی گەمارۆکان کاریگەری زۆریان لەسەر ئابووری ئێران هەبووە. نرخی دراوی ئێرانی لە بەرامبەری دۆلار و دراوەکانی تر بەشێوەیەکی بەرچاودا بەزیوە. نرخی هەڵئاوسان و بێکاری بەڕێژەیەکی زۆر بەرزبووەتەوە. ئەمە لهکاتێکدایە هێشتا قوناخی دووەمی گەمارۆکان دەستیپێنەکردووە! لەقۆناخی دووەمدایە کە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی وڵات واتە نەوت و گاز لەبەر تەوژمی گەمارۆکاندا دەکەوێ و پەیوەندی ئابووری وڵاتان لەگەڵ ئێران بەتوندی لەژێر چاودێری ئەمریکادا دەبێت.

هەرێمی کوردستان بەهۆی پەیوەندی قووڵی ئابووری لەگەڵ ئێران، ڕەنگە یەکێک لەو وڵاتانە بێت کە دەتوانێ ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی لەڕوانگەی هەردوو وڵاتی ئێران و ئەمریکای هەبێت.

بێگۆمان هەرێمی کوردستان دەبێ بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی گەلی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی لە سیاسەتەکانی خۆی لە بەرامبەر ململانێ و ڕکابەرێتی ئەمجارەی ئێران و ئەمریکادا لەبەرچاو بگرێت.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# کۆسپەکانی بەردەم یەکانگیریی ئابووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

## هەڵسەنگاندنی بابەتی هەڤگریی ئابووریی نێوان ئێران، تورکیا، عێراق و هەرێمی کوردستان

ئەردەشیر پەشەنگ
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# کۆسپەکانی بەردەم یەکانگیریی ئابووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

## هەڵسەنگاندنی بابەتی هەڤگریی ئابووریی نێوان ئێران، تورکیا، عێراق و هەرێمی کوردستان

ئەردەشیر پەشەنگ[9]
و: ڕەسووڵ سوڵتانی

لە کاتی هاتنەسەرکاری ترەمپەوە وەك سەرکۆماری ئەمریکا، پەیوەندییەکانی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و تووشی هەڵکشان و داکشان بووە. ترەمپ زۆر بە وەسواسێکی شیاوی تێڕامانەوە بە شوێن ئەوەوەیە کە یەك بە یەك بەڵێنەکانی خۆی لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەدا جێبەجێبکات. یەکێك لە بەڵێنەکان، چوونەدەرەوەی ئەمریکا بوو لە پەیمانی 5+1 لەگەڵ ئێران بووە. بابەتێك کە دواجار لەم بەهارەدا جێبەجێکرا و ئەمریکا نەك یەکلایەنە لەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە هاتەدەرێ، بەڵکوو داوایکرد هەموو گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران بێنەوە جێی خۆیان، ئەو گەمارۆیانەی لە چەند قۆناغدا بەرنامەیان بۆ دارێژراوە. بەڵام لەو نێوەدا بە پێچەوانەی پێشبینییە بەراییەکان کە هەموان چاوەڕوانیاندەکرد، پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و رووسیا چاك بێتەوە، لە سەردەمی ترەمپدا ئەو پەیوەندییانە نەك باشتر

نەبوونــەوە بەڵکــوو لــە جــاران ساردوســڕتر بوونــەوە و بــەرەو گرژییــش چــوون.

پەیوەندییەکانــی نێــوا ئەمریــکا و تورکیــا، هاوپەیمانــە کــۆن و ســتراتیژییەکەی ئەمریــکا لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، کــە پــاش کوودەتــا بێئاکامەکــە و رادەســتنەکردنەوەی فەتحوڵــڵا گویلــەن لەلایــەك و بەردەوامبوونــی پشــتیوانیی ئەمریــکا لــە کوردەکانــی ســووریا لەلایەکــی دیکــەوە بووبــووە هــۆی ســاردبوونەوەی پەیوەندیــی نێــوان ئــەو دوو وڵاتــە، لــە ســەردەمی ترەمپــدا دیســان ساردوســڕتر بوونــەوە. دەسبەســەرکرانی قەشــەیەکی ئەمریکیــی تۆمەتبــار بــە هــاوکاری لەگــەڵ گویلــەن، بووبــە هــۆی تووڕەبوونی ترەمــپ و ســەپاندنی هێنــدێ ســزا بەســەر تورکیــادا. کــۆی ئــەو رووداوانــە دابەزینــی تەمەنــی ئێرانــی و رۆبڵــی رووســی و لیــرەی تورکیایــان لــە هەمبــەر دۆلاری ئەمریکیــدا بــەدوودا هاتــووە، بەشــێوەیەك کــە ئابووریــی ئــەو ســێ وڵاتــەی لــە هەمــوو کاتێــك پــتر خســتووەتە ژێــر گوشــارەوە و کاری تێکــردوون. ئــەم بابەتگەلە هاوشــان لەگــەڵ هاوکاریــی ســێلایەنەی تــاران و مۆســکۆ و ئەنکــەرە لــە قەیرانــی ســووریادا بووەتــە هــۆی ئــەوەی بیرۆکــەی پەرەپێدانــی هاوکارییــەکان و تەنانــەت پێکهێنانــی یەکێتــی یــان هاوپەیمانییەکــی هاریکاریــی هەڤگریــی ئابــووری لەنێــوان ئــەو ســێ یاریکــەرەی لێبکەوێتــەوە.

هــەر لــەو پەیوەندییــەدا و لە دوایین کۆبوونەوەی سێکوچکەی ســەرکردەکانی ئــەو ســێ وڵاتــەدا لــە تــاران، ســەرکۆماری ئێــران و تورکیــا پێیــان لەســەر چڕکردنــەوەی پەیوەنــدی و ئاڵوگــۆڕە ئابوورییــەکان و پێکهێنانــی جۆرێــك یەکێتــی و هەڤگریی ناوچەیی لەگــەڵ وڵاتانــی دۆســت و یــەك لــەوان عێــراق داگرتــەوە. بابەتێــك کــە ئەگــەر وەدیبێــت، کۆمەڵێــك دەرکەوتــە و پەیامــی جۆراوجۆری ناوچەیــی بــەدوودا دێــت. بــەڵام لــەو نێــوەدا دەوڵەتــی عێــراق و

هەرێمـی کوردسـتانیش دۆخێکـی تایبـەت و شـیاوی تێڕامانیـان هەیـە، ئـەو یاریکەرانـە لەلایەکـەوە سـنوورێکی هاوبەشـیان لەگـەڵ ئێـران و تورکیـادا هەیە و خوازیـار و حەوجێـی پەرەپێدانی پێوەنـدی و هاوکارییـە ئابوورییـەکان و لەلایەکـی دیکەشـەوە دۆسـت و هاوپەیمانـی ئەمریـکان و لـە ئاکامـدا دەشـزانن ئـەو یاریکـەرە، چەنـدە بـە پەرەپێدانـی پەیوەندیـی ئابـووری بەتایبەتی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامیدا هەسـتیارە.

لـەم نقیسـارەدا، بـە سـەرنجدان بـە جوگرافیـای نێـوان ئێـران و تورکیـا و یاریکـەرە هاوسـنوورەکەی دیکەیـان بەنـاوی عێـراق لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان، دەمانـەوێ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە، کـە ئاخـۆ بـوارە سیاسـی و تەناهییـەکان بـۆ هەڤگرییەکـی ئابووریـی لەنێـوان ئێـران، تورکیـا، عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لەبـارن یـان نـا؟

## 1 بوارەکانی هەڤگریی ئابووریی ناوچەیی

وێدەچـێ هەلومەرجـە ئابوورییەکانـی وڵاتانـی ناوچەکـە بەشـێوەیەك بـێ کـە ئێسـتا هەمـوان پێشـوازی لـە پەرەپێدانـی ئاڵوگـۆڕ و پەیوەندییـە ئابـووری و بازرگانییـەکان لەگـەڵ یەکتریـدا بکـەن. بـە گشـتی دۆخەکـە ئـاوا دێتـە پێـش چـاو:

### 1-1 تورکیا

دەوڵەتـی تورکیـا، زیاتریـن ئاسـتی داهاتەکـەی بەسـتراوەتەوە بە پیشـەی گەشـتیاری و جیۆپۆلتیکـە تایبەتییەکەیـەوە کـە کەوتووەتە سـەر شـاڕێگەی ئاسـیا، ئەورووپـا و ئەفریقـا. بـەڵام ئابووریـی رووڵەگەشـەی تورکیـا لـەو سـاڵانەی دواییـدا لەبـەر چەنـد هۆکارێـك تووشـی وەسـتان و هەڵکشـان و داکشـانی جۆراوجـۆر بـووە. بەردەوامیـی قەیرانـی پڕتێچـووی سـووریا و هەبوونی زیاتر لـە سـێ ملیـۆن و نیـو ئـاوارەی ئـەو جەنگـە و تێچووەکانـی شـان بـە شـانی هەڵایسـانی شـەڕی ناوخۆیـی لەگـەڵ پەکەکـە لـە سـێ سـاڵی رابـردوودا و پەرەگرتنـی هەسـتیاری بەرانبـەر بەهێزبـوون و بەدەسەڵاتگەیشـتنی کوردەکانـی سـووریا و خـەرج و گوژمـەی

جۆربەجـۆر لـە باكـووری سـووریا بـۆ جڵەوكردنـی كـوردەكان و ئامادەبوونـی بـەردەوام وەك یاریكەرێكـی كاریگـەر لـەو قەیرانەدا لەسـەر یـەك، بوونەتـە هـۆی پەرەگرتنـی پشـێوی لـە ناوچەكانـی دەوروبـەری توركیـا و پەلهاویشـتنی ئـەو پشـێوییانە بـۆ نێوخـۆی ئـەو وڵاتـە و شـوێنە گەشتیارییەكانیشـی. بەشـێوەیەك كـە جگـە لـە چەنـد كردەیەكـی تیرۆریسـتی لـە ناوەنـدە گەشـتیارییەكانی ئـەو وڵاتـەدا، دیتـمان كـە باڵوێـزی رووسـیاش لـە سـاڵی 2016ـدا تیرۆركـرا. ئـەو كردەوەگەلـە لەسـەر یـەك، بوونـە هـۆی دابەزینـی ئاسـتی تەناهــی لــە توركیــا و لــە ئاكامــدا لەمەترسـیكەوتنی داهاتـی بەشـی پیشـەی گەشـتیاری.

پەرەگرتنـی گەندەڵـی لـە سیسـتەمی ئابـووری و سیاسـی توركیـا و پشـێوی لـە سیاسـەتی نێوخۆییشـدا بووەتـە دەردی سـەرباری دەردان. بـەڵام لـەو نێـوەدا پەرەگرتنـی گرژیـی نێـوان ئەنكـەرە و واشـنتن و سـزاكانی ئەمریـكا كـە بووبـە هـۆی دابەزینـی بەهـای لیـرە، ئابووریـی توركیـای تـەواو خسـتووەتە گوشـارەوە. ئەگەرچـی وێدەچـێ پەیوەنـدی گـرژی ئەمریـكا وتوركیـا زۆر نەخایەنـێ و هـەردوولا دەسـتبكەنەوە بـە بووژاندنـەوە و چاكردنـەوەی، بـەڵام ئەزموونەكانـی ئـەو دواییانـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەو روانگەیـە لـە توركیـادا بەهێزببێـت، كـە پێویسـتە ئاسـتی وابەسـتەیی و زیانبـاری لـە دۆلاری ئەمریـكا كەمبكەنـەوە، هەربۆیـە توركـەكان بەشـوێن ئـەوەدان لـە رێگـەی جۆراوجـۆر و یـەك لـەوان پەرەگرتنی ئاڵوگـۆڕ و پەیوەندییەكانیـان لەگـەڵ وڵاتانـی ناوچـە و بەتایبەتـی دراوسـێكانیاندا، بەشـێك لـە گوشـارە ئابوورییەكانیـان كەمبكەنـەوە.

## كۆماری ئیسلامیی ئێران:

گومانـی تێـدا نییـە كـە لەنێـوان چـوار یاریكەرەكـەدا، ئابووریـی كۆمـاری ئیسـلامی، قورسـترین و زیاتریـن گوشـاری لەسـەرە. ئێرانییـەكان كـە سـاڵانێكە بەشـە جۆراوجۆرەكانـی ئابـووری و پیشەسـازییەكەیان كەوتووەتـە بـەر گەمـارۆی یەكلایەنـە و چەندلایەنـە و هەندێجاریـش نێودەوڵەتییـەوە، زۆر بەهیوابـوون كـە پـاش بەرجـام، كۆمەڵێـك دەسـكەوتی ئابووریيـان لـەو رێككەوتنـە هەبـێ، كەچـی هەڵبژاردنەكـەی ترەمـپ لـە كۆشـكی

سـپیدا هەمـوو ئارەزووەکانـی تارانـی کـردە بڵقـی سـەر ئـاو و بـە ڕاگەیاندنــی هاتنــەدەرەوە لــە بەرجــام، لــە ڕووی دەروونییــەوە ئابووریـی ئێرانـی خسـتە ژێـر گوشـار و پاڵەپەسـتۆیەکی تونـدەوە. ئینجــا خــراپ هەڵســوڕاندنی ئابــووری و هەبوونــی گەندەڵیــی بەربــڵاو و چەندلایەنــە و مشــەخۆری بووبــە هــۆی ئــەوەی لــە مــاوەی چەنــد ڕۆژێکــدا یەکــەی دراوی نیشــتمانیی ئێــران 500% دابــەزێ و هەتــا بــەر لــە هاتنــی وەرزی پاییــز هــەر دۆلارێکــی ئەمریــکا بــە 15000تمــەن بگۆڕدرێتــەوە.

گرژتربوونـی ناکۆکییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و ئێـران و پێداگریـی سـەرکردەکانی ئێـران لەسـەر نەکردنـی دانوسـتان لەگـەڵ ترەمـپ، هاوشــانی کێشــە نەریتییەکانــی ئابووریــی ئێــران بوونەتــە هــۆی ئــەوەی ئابووریــی ئێــران ڕۆژگارێکــی ئەســتەم و ڕووڵەداکشــان ئەزمــوون بــکا، هــەر بۆیــە ئێرانییــەکان لەلایــەك پــێ لەســەر سیاسـەتی "ئابووریـی خۆڕاگـر" دادەگرنـەوە و لەلایەکی دیکەشـەوە دەیانــەوێ پەیوەنــدی و ئاڵوگــۆڕە ئابوورییەکانیــان لەگــەڵ وڵاتانـی جۆراوجـۆری ئەورووپـی، ڕووسـیا، چیـن و هاوسـێکانیاندا پەرەپێبــدەن. لــەو نێــوەدا هاوســێکانی ئێــران ڕۆڵێکــی گرنــگ لــە دیپلۆماسـیی ئابووریـی ئێرانـدا دەگێـڕن، لـە هەموانیـش گرنگـتر لــەم قۆناغــەدا عێــراق و هەرێمــی کوردســتانن.

وابەسـتەبوونی لانیکـەم 90%ی ئابووریـی ئێـران بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بـە فرۆشـتنی نەوت و هەوڵدانـی ئەمریکا بـۆ گەمارۆدانیـی زیاتـری کەرتـی نەوتـی ئێـران، وایکـردووە ئێـران لـە ڕووی سیاسـی و ئابوورییـەوە زیانـی زۆری بەربکەوێـت. هـەر بۆیـە ئێـران بـە خێرایـی بەشـوێن ئەوەدایـە ڕێگەگەلێـك بدۆزێتـەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هەلومـەرج و دۆخـە ئەسـتەمەکانی پـاش گەمـارۆ نـوێ و شـێلگیرەکانی ئەمریکا. لـەو ڕوانگەیـەوە هەنگاونان بـەرەو هەڤگرییەکـی ئابووریـی ناوچەیـی و تەنانـەت یەکێتییەکـی ئابووریــی بچــووك لــە بەشــێکی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، ئــەو شـتەیە کـە کۆمـاری ئیسـلامی خوازیاریەتـی.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

**2-1- عێراق:**

دەوڵەتـی عێـراق، لەبـەر ئـەوەی حەوجێـی بـە نۆژەنکردنـەوە و ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـە کاولبووەکانـی جەنگـی داعشـە و پێویسـتی بـە ڕاکێشـانی سـەرمایەگوزاریی نێودەوڵەتـی و ناوچەیی و پەرەپێدانـی هێـز و دەسـەڵاتی دەوڵەتـە بـۆ خزمەتگوزاریـی بـەو خەڵکـەی لـە دەستەوسـتانیی دەوڵـەت ناڕازیـن، بـۆ فرۆشـتنی زیاتـری نـەوت بەتایبەتـی پەرەپێدانـی بەشـەکانی پیشەسـازی و پێترۆکیمیـا و تـاد، زۆر بـە جیـددی پێویسـتی بـە پەرەپێدانـی پەیوەندیـی ئابـووری و چاکردنـەوەی پەیوەندییەکانی لەگـەڵ دراوسـێکانی و بەتایبەتـی دوو وڵاتـی ئێـران و تورکیایـە. پێویسـتییەك وێدەچـێ تـا ماوەیـەك هـەر بەردەوامبێـت.

**3-1 - حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

حکوومەتـە ناوچەییەکـەی هەرێمـی کوردسـتانیش پـاش ڕووداوەکانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی لـە سـێپتەمبەری 2017ـدا و پاش گۆڕانکارییەکانـی کەرکـووك لـە 16ی ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵەدا، کەوتووەتـە ژێـر گوشـار و گەمـارۆ ناوچەیـی و ناوخۆییـەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشـی ساردبوونەتەوە. وێدەچـێ پـڕۆژەی سـەربەخۆخوازیی کـوردەکان، سـەرەڕای ئـەوەی تێچوویەکـی زۆری بـۆ دراوە، لانیکـەم بـۆ ماوەیەکـی کـورت بەلاوەنرابـێ و گوشـارە ئابوورییـەکان لەسـەر ئـەو ناوچەیە کـە لـە سـاڵی 2013ـەوە و بـە بڕینـی بوودجـەی ساڵانە لەلایـەن بەغـداوە دەسـتیپێکردووە وێـڕای پێویسـتبوونی بەرهەمهێنـان و فرۆشـتنی نەوتـی زیاتـر و دەسـتەبەرکردنی داهاتە سـنوورییەکانی ئێـران و تورکیـا و سـووریا و پەرەگرتنـی نارەزایەتییـە نێوخۆییـەکان لەسـۆنگەی لاوازیـی خزمەتگوزاریـی گشـتی و هەوڵـدان بـۆ دەرچـوون لـە تەریکخرانـەوەی نێودەوڵەتـی، هەموویان دەسـتیان داوەتـە دەسـت یەکتر بـۆ ئەوەی ئـەم ناوچـە فیدراڵـە لـە ئێراقدا، دەسـتبکاتەوە بـە چاکردنـەوە و بووژاندنـەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ دراوسـێکانیدا و بنیاتنانـەوەی ڕۆڵـی جارانـی خـۆی لـە

## کۆسپەکانی بەردەم هەڤگریی ئابووریی ناوچەیی

عێراقدا. هەر بۆیە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ ئێران و تورکیا بۆ ئەو ناوچەیە (هەرێم) تەواو پێویستە. هەروەها ڕۆڵی نێوبژیوانیی ئەو هەرێمە لەنێوان تورکیا و عێراقدا، دەبێتە هۆی ئەوەی بخوازێ لە چوارچێوەی چاکردنەوەی پەیوەندییە نێوخۆیی و ناوچەییەکاندا ببێتە تەوەرێکی ئابووری.

ئەگەرچی وێدەچێ گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و تورکیا لەگەڵ باقی فاکتەر و پرسە سیاسی و ئابوورییەکان لە ناوچەکەدا، بوار بخولقێنن بۆ پێکهێنانی جۆرە یەکێتییەکی ئابووریی ناوچەیی یان هەر نەبێ هەڤگرییەکی ناوچەیی سیاسی، بەڵام دەبێ بڵێین هەڤگریی ئابووری بەر لە هەر فاکتەرێکی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی و دۆخێکی تەناهی و هاوسەنگیی هێز و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ئەو ڕەوتانە هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن. وێدەچێ کۆسپگەلی جۆراوجۆر و وردودرشت و مێژوویی و بنیاتی بۆ پەرەپێدانی هاوکاری و هەڤگریی ناوچەیی ببنە کۆسپی بەردەم وەها هەڤگری و هاوکارییەکی ڕێکوپێکی ئابووریی لەنێوان ئەو چوار یاریکەرە فەرمی و نافەرمییە. لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین کۆسپە سیاسی، تەناهی، ئابووری و کولتوورییەکانی بەردەم هەڤگریی ئابووری لە ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکەین:

### 1-4 - کۆسپە سیاسییەکان

1-2-1 دژایەتیی ئەمریکا و کێشەخوڵقاندنی لە ناوچەکەدا دژی ئێران و دەوڵەتی تورکیا:

وەك ئاماژەی پێکرا، چۆنایەتیی پەیوەندی و هەروەها دوژمنایەتیی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران جیاوازە لە هی ئەمریکا و تورکیا و پێشبینیدەکرێ ئەو کێشە و ناکۆکیانەی ئێستا لەنێوان واشنتن و ئەنکەرەدا هەن، زۆر نەخایەنن و دواجار هەر دوو وڵاتەکە گرژییەکانی نێوانیان خاوبکەنەوە و پەیوەندییەکانیان بەرەو باشی بەرن، بەڵام

ئـەوە ئێـران ناگرێتـەوە. هـەر لـەو پەیوەندییـەدا ئەمریـکا بـە هەمـوو هێـز و توانـای دیپلۆماسـیی خـۆی هەوڵـدەدا یاریکـەرە جۆراوجـۆرەکان و یـەك لـەوان بەغـدا و هەولێـر لـە پەرەپێدانـی پەیوەندیـی ئابـووری لەگـەڵ ئێـران خۆببوێـرن. بابەتێـك کـە بـەو دواییانـە حەیـدەر عەبادیـی و چەنـد نوێنـەر و کەسـایەتییەکی سیاسـیی ئـەو وڵاتـە پێیـان لەسـەر داگرتووەتـەوە و سـەرەڕای دەبڕینـی پێناخۆشـبوونیان بەرانبـەر گەمارۆکانـی ئەمریـکا بـۆ سـەر ئێـران، بـەڵام ڕاشـیانگەیاندوە کـە پێملـی جێبەجێکردنـی دەبـن.

1-2-2 جیاوازیـی بنەمـاکان و سیسـتەمی سیاسـیی هـەر کام لـە چـوار یاریکـەرە فەرمـی و نافەرمییەکـە: لـەو بوارەدا دەبـێ بڵێین لە ئەورووپـا یەکێـك لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی هەڤگـری و هـاوکاری و پێکهێنانـی یەکێتیـی ئەورووپـا، زاڵبوونـی کولتـوور و سیسـتەمی دیموکراتـی هاوشـێوەی یـەك بـوو لەنێـوان وڵاتـە جۆراوجۆرەکانـی ئـەو کیشـوەرەدا، بـەڵام لێـرە، هـەر کام لـەو سیسـتەمانەی بەسـەر ئـەو وڵاتانـەدا زاڵـن، جیاوازیـی قـووڵ و بنەماییـان لەگـەڵ یەکـتر هەیـە و ئـەو نایەکسـانییەی سیسـتەمی سیاسـی، خـۆی یەکێکـە لـە کۆسـپە بنیاتییـە شـێلگیرەکانی بـەردەم هەنگاونـان بـەرەو دامەزراندنـی یەکێتییەکـی هاوشـێوەی ئەورووپـا.

1-2-3 لێکدژیـی نیـاز و ئامانجـە سیاسـییەکانی نێـوان ئـەو چـوار یاریکـەرە: بابەتێکـی دیکـە ئەوەیـە کـە ئامانـج و نیـازە سیاسـییەکانی هـەر کام لـەو یاریکەرانـەی ناوچەکـە، خاڵـی هاوبـەش و وێکچوویـان نییـە، بەڵکـو هێندێکیـان ئامانجـی زۆر لێکـدژ و خەنیمـی یەکتریشـیان هەیـە و لـە زۆر بـواردا ڕکابـەر و دژی یەکـترن.

1-2-4 بێمتمانەیـی بـە یەکـتر بەگوێـرەی پێویسـت: ئـەو چـوار یاریکـەرە سـەرەڕای ئـەوەی دۆسـتایەتی لەمێژینەشـیان لەگـەڵ یەکـتر هەیـە و هـاوکاری یەکـتر بـوون، تـا بڵێـی بەرانبـەر یەکـتر بـێ متمانـەن. بـۆ وێنـە ئێـران و تورکیـا ئەگەرچـی پەیوەندییەکـی بەربڵاویـان پێکـەوە هەیـە و دەیانـەوێ پەیوەندییەکانیـان پەرەبگرێ

و تەنانــەت لــە قەیرانــی ســووریادا شانبەشــانی یــەک هاوکاریــی یەکـتر دەکـەن، بـەڵام هـەر لـەم بابەتـەدا هیـچ متمانەیەکیـان بـە یەکـتر نییـە و یاریکەرەکانـی دیکـەی ناوچەکەیـش واتـە عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش ئـاوا بەرانبـەر یەکـتر بێمتمانـەن.

**1-5 - کۆسپە ئەمنییەکان**

1-2-2 نیگەرانیــی ئەمنیــی چارەســەرنەکراو: ئێــران و تورکیــا لــە بابــەت ســووریا و کــوردەکان و مەســەلەی پەکەکــە و عێــراق و لەســەر مەســەلەی ترانزێتیــش خەنیمێکــی رژدی ئەمنیــی یەکــترن. ئێــران و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لەســەر ئــەو حیزبــە دژبــەرە کوردانــەی کوردســتانی ئێــران کــە لــەوێ نیشــتەجێن و لەســەر پشــتیوانییەکانی ئێــران لــە دەوڵەتــی ئێــراق و لەســەر پشـتیوانییەکانی ئێـران لـە حیزبێکـی هەرێـم لەبەرانبـەر حیزبێکـی دیکــەدا و هاندانــی ئــەو حیزبــە بــۆ ئــەوەی هەرێــم بــەرەو دووئیدارەیـی بەرێتـەوە و پشـتیوانی لـە ئیسـلامگەراکان بەتایبەتـی لـە مەسـەلەی پەیوەنـدی و نزیکایەتـی لەگـەڵ ئەمریـکا و تـا ئـەو جێیـەی دەکـرێ پەیوەندیـی نهێنـی لەگـەڵ ئیسرائیلـدا، کۆمەڵێـك بابەتـی تەناهیـی چارەسـەرنەکراوی نێوانیانـن دژی یەکـتر. وەهـا دۆخێـك لەنێـو باقـی یاریکەرەکانیشـدا هەیـە.

2-2-2 نەبوونـی تەناهیـی فیزیکـی: ناوچەکـە لەنێـوان ئـەو چـوار یاریکـەرە فەرەمـی و نافەرمییـەدا یەکێکـە لـە گرژتریـن ناوچـەکان نـەك هـەر رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەڵکـو ئاسـتی نێودەوڵەتییـش، هـەر بۆیـە بنەمـای بەرایـی و بەڵگەنەویسـتی "تەناهیـی" فیزیکـی و دەروونیـی بـۆ پێکهێنانـی هەڤگرییەکـی ناوچەیـی تێـدا نییـە.

**1-6 - کۆسپە ئابوورییەکان:**

-1-2-3 جیاوازیــی ئابــووری: ئابووریــی ئــەو چــوار یاریکــەرە لـەرووی پێکهاتـەوە وێکچوونیەکـی هاوشـێوەیان نییـە و هـەرکام تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە.

3-2-2 - ئابووری ناکامڵ: ئەو ئابوورییانە تەواوکەری یەکتر نین. پرسێکی دیکە ئەوەیە، ئابووریی ئەو چوار یاریکەرە نەك تەواوکەری یەکتر نین، بەڵکو سێ لەو یاریکەرانە خەنیمی نەوتیی یەکترن و هەر کام دەیانەوێ نەوتی زیاتر بفرۆشن و لەو سۆنگەیەوە، هەڤرکێیەکی توند و ئاشکرایان لەنێواندا هەیە.

3-2-3 - نەبوونی ئەزموونی پێویست لەسەر بنەمای پەرەپێدانی هاوکاریی ئابووری: یاریکەرەکان بەپێچەوانەی یەکێتیی ئەورووپا کە لەسۆنگەی هاوکاریی ئابوورییەوە توانیویانە هاوکاری سیاسی و تەناهیی نێوانیشیان پەرەپێبدەن، ئاراستەیان جیاوازە و زۆربەی هاوکارییە ئابوورییەکانیشیان پشتی بە بوارە تەناهی و سیاسییەکانەوە بەستووە و ئەو هاوکارییانەش نەچوونەتە نێو چوارچێوەیەکی لۆژیکیی پێویستی و سوودی دوولایەنەوە و لەو بوارەدا هەر ویست و نیازی سیاسی خراوەتە سەرووی پێویستیی دوولایەنە و فاکتەرە ئابوورییەکانی نێوانیانەوە.

3-2-4 - گرنگینەدان بە دەرفەتە تەواوکەرەکان: زاڵبوونی روانگەی سیاسی و هەندێ جاریش ئایدیۆلۆژی لەسەرەوەی هەموو روانگەکان، بووەتە هۆی لەکیسچوونی دەرفەتە جۆراوجۆرەکانی هاوکاریی ئابووریی نێوان ئەو یاریکەرانە. بۆ وێنە پرۆژەی ئاسنەڕێ و چارەسەرکردنی کێشەکانی ڤیزە و نەبوونی پرۆژە و ئیرادەیەك بۆ دەستەبەرکردنی یاسایەکی ناوچەیی پێناسەی گومرکی بۆ ئەو کاڵایانەی هاوردەیان دەکەن، بەشێکن لە بەفیڕۆدانی دەرفەتەکانی نێوان ئەو یاریکەرانە.

**دوورەدیمەن**

بە سەرنجدان بەو شتانەی تیشکیان خرایەسەر، سەرەڕای ئەوەی گەمارۆ و سزا و گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا بەسەر ئێران و تورکیادا بووەتە هۆی جموجۆڵی زیاتری ئەو

دوو یاریکـەرە بـۆ پەرەپێدانـی پەیوەنـدی و ئاڵوگـۆڕە ئابـووری و بازرگانییەکانـی نێوانیـان و هەروەهـا سـەرەڕای ئـەوەی دەوڵەتـی عێـراق و بەشـوێن ئەویشـدا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش وەك دوو یاریکـەری ناوچـە و هاوسـنووری ئـەو دوو دەوڵەتـە لـەم دۆخـەی ئێسـتادا پێشـتوازی لـە پەرەپێدانـی پەیوەندییـەکان و ئاڵوگۆڕە ئابوورییـەکان دەکـەن و ئەگەرچـی لـە تـاران و بەغـدا و ئەنکـەرە روانگەیـەک هەیـە بـۆ دروسـتکردنی هەڤگرییەکـی ئابووریـی ناوچەیـی و لـە حاڵەتێکـی ئایدیالیشـدا هەنگاونـان بـەرەو جـۆرە یەکێتییەکـی بچووکـی ئابـووری، بـەڵام لـە سـۆنگەی کەندوکۆسـپی زۆری سیاسـی، تەناهـی و ئابووریـیـەوە لـە ئاسـتی سـێکوچکەی نێودەوڵەتـی و ناوچەیـی و نیشـتمانی نێـوان ئـەو یاریکەرانـەدا، زۆر ئەسـتەمە وەهـا هەڤگـری و یەکگرتوویـیـەك دروسـتببێ چونکـە دنیایـەك کۆسـپی لەبەردەمـە.

هـەر بۆیـە پێشـبینیدەکرێ، پەیوەندییـە ئابوورییەکانـی نێـوان ئـەو یاریکەرانـە، نەك وەکـوو هاوکارییەکی ناوچەیـی و چوارلایەنە یـان تەنانـەت سـێلایەنە و هاوئاهەنـگ، بەڵکـوو لـە چوارچێـوەی هاوکاریـی دوولایەنـە و جیـاواز لەیەکدا پەرەبگرێـت. لـەو نێـوەدا گوشـاری زیاتـری ئەمریـکا بـۆ گەمارۆخسـتنە سـەر ئێـران، دەبێتـە هـۆی پەرەگرتنـی دیـاردەی قاچاخـی سـنووری و پرسـی دراوی جۆراوجـۆری دیکـەی نێـوان ئـەو یاریکەرانـە و بەتایبەتـی نێـوان تـاران و هەولێـر و هەروەهـا تـاران و بەغدایـش.